هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یەلە (دار الجماهیر)ـەوە دەرئەچێ

ژمارە : ١٠٤ — ١٩ی شوباتی ١٩٧٢

نرخی ٢٠ فلسە

تەلەفۆن ـ ٢٠٣٧٥ ـ ٢٠٣٦٥

وەفدێکی پارتی کومونیستی ئیتالیا گەیشتوتە بەغدا

دوێنی لە سەر داخوازی‌سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست‌وەفدێکی پارتی کومونیستی ئیتالیا بە سەروکایەتی (جان‌کارلو بایاتا) ی ئەندامی مەکتەبی سیاسی‌و سەرۆکی‌پەیوەندی‌یەکانی دەرەوەی پارتی کومونیستی ئیتالیاوئەندامێتی روما نولیداو جنیومان لورتزو نیرومرکیا ، بە سەردانێکی چرار رۆژی گەیشتونەتە بەغدا • وەفدەکەلەگەل سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعسی عەرەبی‌سوشیالستدا گفتوگوی پارتیانەئەکات •

ئا•د•ع

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شوڕش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش بڕیاری‌داوە ئەو کەسانەی کە گەنمی زەهراوی‌ئەکڕن‌و ئەیفرۆشنەوە ، یاخود بەپێچەوانەی ئەو مەبەستەی کە بۆی‌ی دانراوە بەکاری ئەهێنن، لە سێدارە بدرێن ، ئەمەش‌لەپێناوی زامن کردنی سەلامەتی هاوولاتیان‌و پاراستنی‌ئابوری ولات لە هەر زیانێک کە لە ئەنجامی ئەوەوە لێی‌بکەوێت •

ئا•د•ع

تەواربونی گفتوگوی عیراق وسۆڤیت

کودەتایەکی سەربازی لە (ئەکوادور)

★ گەڕانەوەی مامۆ ستا صدام لە مۆسکۆ

★ بەیاننامەیەکی دوو قۆلی دەربارەی گفتوگوی هەردوو لا

پاش نیوەڕۆی رۆژی پێنج‌شەممەی رابوردو مامۆستا صدام حسین جێگری باوەڕپێکراوی نهێنی هەریم‌وجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش لە کوتایی سەردانەکەی یەکێتی‌سۆڤیەتدا ، بەفرۆکەیەکی‌سوڤیەتی گەراوەتەوە بەغدا •

سەردانەکەش کە هەفتەیەکی‌خایاندوە لە سەر داخوازی‌کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمونیست‌و حکومەتی سۆڤێتی‌بوە • ماموستا صدام لەسەردانەکەیدا گفتوگوی لەگەل ئەم لێپرسراوانەی سوڤێتی‌داکردوە :

لیۆنید بریجنیف ، نیکۆلای‌پۆدگۆرنی ، ئەلیکسی گوسیگن‌وەفدەکەی عیراق پێک هاتبو لە مرتضی سعید عبدالباقی‌ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمی‌پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست وە ئەندامی‌ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش وە وەزیری دەرەوە ،وە محمد فاضل ئەندامی‌سەرکردایەتی هەرێم‌و سەرۆکی‌مەکتەبی کاروباری گشتی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی‌شۆڕش ، وە دکتور سعدون‌حمادی وەزیری نەوت‌و دکتور فخری قدوری ئەندامی مەکتەبی‌کاروباری ئابوری لە ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش‌و شاذ طاقە جێگری وەزارەتی دەرەوە، وە سوپا سالارو، وەفەرماندەی‌هێزی ئاسمانی‌و صالح مهدی عماش بالوێزی عێراق لەموسکۆ •

وەفدەکەش لە فرۆکەخانەی‌فنوکوڤوی موسکو لە لایەن‌ئەلیکسی کۆسیگن‌و بوریس بونومارۆیوف‌و ڤلادیمیر نوفیکوف‌و ئەندرێ گرۆمیکۆوسێرگی ئەنتونوف‌و سیمون سکاچکوف‌و سیرگی سولوکوف‌وڤینامین لیخاچوف‌و صالح مهدی‌عماشی بالوێزی عیراق لە مۆسکۆوە بەرێ کراوە •

ئەمەش بەشێکە لەوبەیاننامەیەی لە کۆتایی‌گفتوگۆکانی عیراق‌و سۆڤێتیت دەرچووە :ـ

لە (١٠) تاکو (١٧)ی‌شوباتی ساڵی ١٩٧٢ وە لەسەرداخوازی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کومونیست‌و حکومەتی‌سۆڤیەتی وەفدێکی پارتی‌وحکومی بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ صدام حسین جێگری‌باوەڕپێکراوی نهێنی‌هەریمایەتی پارتی بەعسی عەرەبی‌سوشیالست لە عیراق وەجێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشی کۆماری‌عیراق سەری لە یەکێتی‌ی‌سۆڤێتیتدا •

لەم سەردانەشدا هەڤاڵ‌صدام حسین لەگەل هەڤاڵ‌لیونید بریجنیف سکرتێری گشتی پارتی کومونیستی‌سۆڤێتی‌و هەڤاڵ پۆدگۆرنی‌ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی پارتی‌کومونیستی سۆڤێتی‌وسەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی ئەنجومەنی‌سۆڤێتی بەرز کوبۆتەوە •

لە کۆبونەوەکانیشدا کە لەبارێکی هەڤاڵانەو دۆستایەتیدا بوە باسی مەسەلەکانی پەیوەندی نێوان عیراق‌و سۆڤێیت‌وپەیوەندیەکانی پارتایەتی‌ودەوڵەتان‌کراوە •

بەیاننامەکە وتویە :

لایەنی سۆڤیەتی وەفدەکەی‌عیراقی ئاگادار کردوەدەربارەی ئەو گەلی سۆڤێیت لە جێبەجێ‌کردنی‌بڕیارەکانی کۆنگرەی (٢٤)ی‌پارتی کومونیستی سوڤێتیتدا بەدی‌هێناو بەتایبەتی لەبنیات‌نانی کومەڵی کۆمۆنیستی‌داوەفدەکەی عیراقیش لایەنی سۆڤێیتی ئاگادار کردوەدەربارەی چالاکی‌و دەسکەوتەکانی پارتی بەعسی عەرەبی سوشیالست‌و حکومەتی عیراق‌لەپرووی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و پتەوکردنی یەکێتی‌ی نیشتمانی‌و چارەسەرکردنی‌مەسەلەی کورد کە چارەسەرێکی‌ئاشتی‌و دیموکراتیانەیە وە بە گوێرەی بەیاننامەی ئاداری‌١٩٧٠ ، وە دامەزراندنی‌یەکێتی‌ی هێزە نیشتمانی‌و پێشکەوتن خوازەکان لەچوارچێوەی بەرەیەکی نیشتمانی‌وە لەژێر روشنایی بەرنامەی‌کاری نیشتمانی‌دا •

وە هەردوو لا خۆشحالی‌خۆیان دەربڕیوە لە بەرابەرپەرەسەندنی پەیوەندی دۆستایەتی‌و هاوکاری هەردووولات وە رایانگەیاندوە کەپتەوبونی ئەم دوستایەتی‌یە لە خزمەتی بەرژەوەندی گەلانی‌سوڤێیت‌و عیراق دایە •

هەردوو لا بەوردی لەباری‌ئیستای رۆژ هەلاتی ناوەڕاست‌کۆلیونەتەوەو رایانگەیاندوە کە باری ئەو ناوچەیە ئالۆزاوەوهەرەشە لە ئاشتی جیهان‌ئەکات ئەویش لە ئەنجامی دەست درێژیەکانی ئیسرائیلەوەبۆ سەر ولاتانی عەرەب •یەکێتی‌ی سۆڤێیت ئامادەیی خۆی نیشان‌داوە لە یارمەتی‌دان‌و پشتگیری کردنی ئەو خەباتەعادیلانەکەگەلانی عەرەب ئەیکەن دژی ئیمپریالیزم‌و سەهیونی‌کان لایەنی عیراق‌و سوڤێیت‌رایانگەیاندوە کە لایەنگیری تێکوشانی گەلانی ڤیتنام‌وکەمبۆدیاو لاوس ئەکەن دژی‌ئەو جەنگە توناکەرەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لەناوچەی رۆژهەلاتی خواروی‌ئاسیادا هەلیگیرساندوە •

ئا•د•ع

ئەزڤیستیا: ئیسرائیل دەست نێژی ئیمپریالیستەکانە

رۆژی پێنج شەممەی‌رابوردو رۆژنامەی ئەزڤیستیا ئۆرگانی حکومەتی‌یەکێتی‌ی سۆڤیەت وتارێکی بلاوکردۆتەوەو تێیدا وتویە :

تاوەکو سەهیونیەکان بەردەوام‌بن لەزەوت کردنی خاکی عەرەبەکاندا ئەوا بەهیچ جۆرێك ئاشتی‌و ئاسایش لە ناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا ناچەسپێت فەرمانڕەواکانی (تل‌ابیب) وەکو دەست‌نێژو کۆرپەیەکی دلسۆز ئەو سیاسەتە ڕەچاو ئەکەن کەئیمپریالستی ئاغای بەتایبەتی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕەفتاری‌ئەکات •

ئەزڤیستیا وتویە : وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، پەیمانی ژووروی ئەتلەنتیك بەپانەوەی دەست‌بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا بگرن بۆئەوەی هەرەشە لەیەکێتی‌ی سۆڤیەت‌و دۆستەکانی بکەن وە رێگا دەریاییە گرنگەکان بەدەست بهێنن‌و نەوتی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتالان بەرن • رۆژنامەکە لەکۆتاییدا وتویە :ـ ئەم نیازە چەپەلانەی ئیمپریالیستەکان هۆی هەرەگرنگی ئەو گرفتاریانە بوە کە ناوچەکە دووچاری هاتوە •

رۆیتەر

ئەمریکا ئیسرائیل دڵنیا ئەکات

ملفن لێردی وەزیری بەرگری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە راپۆرتی ساڵانەیدا دەربارەی باری سوپایی ئەمریکا کە داویەتی بە ئەنجومەنی پیران ، وتویە :ـ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئیسرائیل دڵنیا ئەکات کە بەردەوام ئەبێت لە پر چەك کردن‌و یارمەتی دانی • وە حکومەتی ئەمریکا هیچ کاتێك پاش‌گەز نابێتەوە لەپشتگرتنی‌و یارمەتی دانی (دۆستەکانی) لەناوچەی دەریای سپی ناوەڕاستدا وە بەتایبەتی ئیسرائیل‌و پورتگال‌و یۆنان • ئاژانسەکان

دادگایەکی میسر لە کوژرانی وصفی التل ئەکۆڵیتەوە •

رۆژی چوار شەممەی رابوردو رۆژنامەی (الاخبار) کە لە قاهرە دەرئەچێ نوسیبوی کە بڕیار دراوە دادگای ئاسایشی دەوڵەتی میسر لەکوبونەوەی رۆژی شەممەدا (ئیمرۆ) محاکەمەی ئەو پێنج فیداکارانەی فەلەستین بکات کەکاتی خۆی لەقاهرە (وصفی التل)ی سەرەك وەزیرانی پێشوی (اردن)یان کوشتبو •

لەلایەکی تریشەوە رێکخراوەکانی بەرگری فەلەستین‌و رێکخراوە میللی‌یەکانی سەرانسەری نیشتمانی عەرەب داوایان لە (انور السادات)ی سەرۆکی میسر کردبوو کە ئەم فیداکارانە بەبێ محاکەمەکردن بەرەڵا بکرین • وە یەکێتی‌ی پارێزەرانی عەرەب چەند پارێزەرێکی تەرخان‌کردوە بۆ بەرگری‌کردن لەو فیداکارانە •

ئا•د•ف•

رۆژنامەی گەل هێرش ئەباتەسەر سیاسەتی ئەمریکا

رۆژنامەی (گەل) کەلەپەکین دەرئەچێت وتارێکی بلاوکردۆتەوەو بەتوندی نارەزایی دەربڕیوە بەرامبەر جەمەوجولیە سوپاییەکەی ئەم دواییەی ئەمریکا • رۆژنامەکە وتویە :

ئەمریکا بەوەی لەسەر خۆش‌کردنی ئاگری جەنگ‌و بۆردومان کردنی خاکی فێتنامی دیموکراتی ئەڕوات پەردەی لە سەر سیاسەتی راستەقینەی شەرخوازانەی خۆی هەڵماڵیوە وەهەمو لافو گەزافەکانی بەدرۆ کەوتونەتەوە کەگوایە بەتەنگ ئاشتی فێتنامەوەیە •

کودەتایەکی سەربازی لە ئەکوادۆر

رۆژی پێنج شەممەی رابوردو جەنراڵ گویلر مورود ریگیزی سوپا سالاری پێشوی ئەکوادور بە هۆی کودەتایەکی سەربازیەوە دەستی بەسەر دامو دەزگاکانی‌دەوڵەتدا گرتوەو خۆی بە سەرەك کومار داناوە• ریگیز لە ئیستگەی رادیۆی کویتوی پایتەختی ئەکوادۆرەوە بەیاننامەیەکی‌خوێندۆتەوە وتویە دکتور خۆزێ ماریا فیلاسکو ئیبارای سەرەك کۆماری پێشوی ئەکوادور لەسەر کار لابراوەو دوور خراوەتەوە

وە بەم کودەتایەشیان ویستویانە وڵات لەو ئاژاوە پڕ مەترسی‌یە رزگار بکەن کە لەکاتی فەرمان‌ڕەوایی دکتۆر ئیبارادا دووچاری بوبو •

ئەوەی شایانی وتنیش بێت دکتۆر ئیبارا لە ساڵی ١٩٦٨ بۆ جاری پێنجەم بەهۆی هەڵبژاردنەوە دانرا بە سەرەك کومار •



سەرەك کۆماری پێشو

چونی نیکسۆن بۆ چین

رۆژی پێنج شەممەی رابوردو ریچارد نیکسونی سەرۆکی ئەمریکا بە سەردانێکی حەوت رۆژی چوە بۆ چین • نیکسون پێش ئەوەی بگاتە پەکین دوو شەوی لە دوورگەکانی – هاوای ـ و شەوێکی لە گوام بردۆتە سەر •

ماوەیەکیش لەمەوبەر (١٠٠) پسپۆڕو کاربەدەستی تری ئەمریکایی گەیشتونەتە پەکین بۆ خۆ ئامادەکردن‌و گەڵاڵەکردنی کاروباری نیشان دانی ئەم سەردانە بەهۆی تەلەفزیۆنی رەنگاوڕەنگەوە • نیکسون لەم سەردانەیدا گفتوگۆ لەگەل سەرۆك ماوتسی تۆنگ‌و شو ئان لای سەرەك وەزیرانی کۆماری گەلی چین ئەکات •

رۆیتەر

تۆپەکانی ڤیتنام دوو فرۆکەی ئەمریکایان خستۆتە خوارەوە

پێرێ تۆپەکانی فێتنامی‌دیموکرات دوو فروکەی جەنگی ئەمریکایان خستۆتە خوارەوە ، ئاژانسی دەنگ‌وباسی رۆژهەلاتی ناوەڕاست وتویە : بەم جۆرەژمارەی ئەو فرۆکانەی ئەمریکا کە تاکوئیستا لەسەر خاکی فیتنامی دیموکراتدا خراونەتە خوارەوە گەیشتوتە ٣ هەزارو (٤٣٥) فرۆکە •

ئاژانسی دەنگوباسی تاسیش رایگەیاندوە کە ئەم فرۆکانە لەکاتی بۆردومان‌کردنی ناوچەکانی کوانگ بین‌و فین لین خراونەتە خوارەوە

لەلایەکی تریشەوە قسەگێڕەوەیەك بەناوی وەزارەتی دەرەوەی فێتنامی دیموکراتەوە ، بەتوندی نارەزای خۆی بەرامبەر ئەم دەست درێژی‌یانەی ئەمریکا دەربڕیوەو داوای‌کردوە کە ئەمریکا ئەم بوردومان‌کردنە بوەستێنێ •

ئا•د•ر•ن

ذوالفقار علی بوتو سەرلەهندستان ئەدات

ذوالفقار علی بوتو ،سەرۆکی پاکستان رایگەیاندوە کە نیازی وایە سەر لەهندستان‌بدات وە چاوی بکەوێ بە خاتو ئەندێرا گاندی سەرەڕۆوەزیرانی هندستان‌و شیخ مجب‌الرحمن سەرەك وەزیرانی‌بەنگلادیش •

چەند سەرچاوەیەکی‌سیاسیش لەو باوەڕەدان کە ئەم سەردانە دوور نیە لەهەفتەی ئایندەدا بێ بەتایبەتی دوای گەشتەکەی میستەر ئەلیك دوگلاس هیومی وەزیری وەزارەتی دەرەوەی هیندستان‌لە نیودەلهی رایگەیاندوە کە تاکو ئیستا هیچ داواکاریەکی‌لەم بارەیەوە لە حکومەتی پاکستانەوە پێ نەگەیشتوەوخو ئەگەر پێشی بگات ئەوا بەوردی لێی ئەکۆڵرێتەوە •

لەلایەکی تریشەوە عبدالصمد ئازادی وەزیری دەرەوەی هندستان رایگەیاندوە کە لەسەر داخوازی شیخ مجیب الرحمن ، خاتو ئەندێرا گاندی لە ١٧ ، ١٨ی ئاداری ئایندەدا سەر لە بەنگلادیش ئەدات •

ئاژانسەکان

قیرتاوکردنی رێگای ئاغجەلەر

وەزارەتی کاروباری ژوورو داوای لە وەزارەتی (اشغال) و نیتشەجێ‌کردن کردوە کە رێگای نێوان ئاغجەلەرو دەربەندی بازیان قیرتاو بکریت •

درێژایی ئەم رێگایەش نزیکەی حەفدە کیلو مەترەیە •

ولاتە یەکگرتوەکان (٥٠) ملیۆن دۆلار ئەدات بە دوژمن

پێری حکومەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بڕیاری داوە کە قەرزێکی (٥٠) ملیون دۆلاری بدات بە ئیسرائیلی دوژمن ئەویش بەشێوەی یارمەتی وە بۆ نیشتەجێ کردنی ئەو جولەکانەی لەم دواییەدا کوچیان کردوە بۆ خاکی داگیرکراو •

قسەگێڕەوەیەکیش بەناوی دەزگای پەرەپێدانی دوەلی ئەمریکاوە لافی‌لێداوەکەگوایە ئەم قەرزە بۆ دروست‌کردنی خانو بەرەی نوێ لەخاکی‌داگیرکراودا بەکار ئەهێنرێ •

رۆیتەر

محاکەمەکردنی دوو لاوی عەرەب لە باراگوای

دوێنی داواکاری گشتی لە شاری ئەسنسیونی پایتەختی باراگوای داوای کردوە کە ئەو دوو لاوەی فەلەستین ، کە بەتۆمەتی هەوڵدانی کوشتنی بالوێزی ئیسرائیل لە باراگوای گیراون ، ٢٥ ساڵ حوکم بدرێن

مان‌گرتنی خوێندکارانی ئێران لە پاریس

رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو (١٠٠) خوێندکاری ئێرانی لە شاری پاریس مانیان لە نان‌خواردن‌گرتوە بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر ئەو تاوانانەی رژێمی فەرمانڕەوای ئاران‌و دەزگاکانی ژاندارمیری‌و سازمانی ئەمنیەتدژی نیشتمان پەروەرانی ئێران ئەیکەن •

لەلایەکی تریشەوە پێرێ دەستەیەکی تری خوێندکارانی ئێران لەبەردەم شابەندەری ئێران لەشاری‌سان‌فرانسیسکۆی ئەمریکادا خۆپێشاندانێکیان رێك‌خستوە وە بە توندی بێزاری‌و توڕەیی خۆیان‌دەربڕیوە بەرامبەر ئەو محاکەمە شانۆ سازیانەی شای نۆکەری ئیمپریالیزم دەراهەق‌خەباتکەرانی ئێران رێکی‌خستون • قسەگێڕەوەیەکیش بە ناوی فیدراسیۆنی خوێندکارانەوە وتویە : ـ دەسەلاتدارێتی شا بەبێ بەلگەیەکی یاسایی (١٤٣) خەباتکەری ئێرانی گرتوەو شەشیانی تیرباران کردوە •



وێنەی ئەو خوێندکارانەی‌ئێران کە لە پاریس مانیان لەنان خواردن گرتوە ، لەوێنەکەشدادیارە کە دەمو چاویان داپۆشیوە

institut kurde de paris

ژمارە : ١٠٤
١٩ی شوباتی ١٩٧٢

(پاشماوەی ژمارەی پێشو)

لە کانونی دوەمی ١٩٤٦دالەشکری گەلی ئازەربایجـــانـدروستبو ٠جەعفەر پیشەوەری بەو بۆنەیەوە ئەم قسـانەی کرد :ـ

« تەنها ئەو قسانە راستن کە لە لولەی تۆپەوە دێنـــەدەرێ ٠٠ ئێمە دوای قســـەلێ کردنێکی زۆر لە پاراستنی ئازادی نەتەوەی خۆمان ، بەوئەنجامە گەیشتین کە رژگـاری گەل ، ئەبێ گەل خـــۆی بیپارێزێت ٠٠ ئەگەر گـەلەشکری خـــۆی نەبێت ، وەئەگەر ئازادی بە خۆڕایـــی وبێ ئەرك پێ ببەخشـرێت ٠٠٠ ناتوانێـــت بیپارێزێت ٠ هەرچۆنێك بێت گەل پاڵپشتی ئەوێت ، ئەو پاڵپشتەیـــش تەنیا لەشکری گەلە ٠ با هەمودنیا بزانێت کە گـــەلی ئازەربایجان لە پێنـــاوی سەربەخۆیی خوێدا بۆ مـردن ئامادەیە ٠ ئێمە لەســـەر دورێیانەیەکداین : یـــان ئەبێت حکومەتی تاران رێگەی ئازادی بگرێتە بەرو نەبێتە کۆســـپی رێگەی سەربەخۆیی ئێمـــە ،یان ئێمە مل نادەین بـــۆ داواکانی و بەڵکو هەوڵیـــش ئەدەین بیروخێنین و حکومەتێکی دیموکراتی لە جیاتی بنیـــات بنێین ٠٠ هەمو گەلێك تەنیـابە زەبری تۆپ و گوللـــــەئەتوانێت بونی خۆی بسەلمێنێت کەس گوێ لە ناڵە نـــاڵ وپاڕانەوە ناگرێت ٠ ئێمـــەبەوەوە ئەنازین کـــە زۆربەی زۆری گەل لەگەڵمانە ، هەمـوجوتیاران ، کرێکاران ، و چینەمامناوەندینەکان ٠٠ تەنانـەت چینە بەرزەکانیش پشتگیریمان ئەکەن ٠ خەڵك خەریـــکی یەکگرتنە ٠٠ ئەبێت قانـــون حوکم بکات ٠٠ بۆ حوکمـــی قانونیش تفەنگ و تـــۆپ پێویستە ، کەواتە با خەڵـــك هان بدەین بۆ هاتنە نـــاوریزەکانی لەشکرەوە ٠ » ٠

بزوتنەوەی دیموکراتی و نەتەوایەتی گەلی ئازەربایجان

* گۆڕینی : نەبەز *

گەلی ئازەربایجان بـــە حەماسێکی زۆرەوە دەســتیان دایە چەك ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرەکانی لەشکری ئێـران هەڵاتن و چونە ریزەکـــانی لەشکری گەلی ئازەربایجانەوە ٠ بەو هێزە چەکدارە ، فیرقـەی دیموکراتی ئازەربایجـــان دەستی گرت بەسەر هەمـــو مەخفەرو لەشکرگای هێزەکانی حکومەتداو دەستی کرد بـــە دابەش کردنی زەوی و زار ، وە لە هەندێ ناوچـــەدا (وەك زنجان) هێزی دەربەگەکانیشی تێك شکاند ٠

کادرە ئەساســـیەکانی لەشکری فیرقەی دیموکـــرات لە پێشمەرگەکان پێك هاتبون ، پێشمەرگەکان ئەو ئەندامانەی حیزبی تودە بون کە پێـــش گرتنی تەورێز چوبونە پـــاڵ فیرقەی دیموکرات و لە لێـدانی لەشکری ئێراندا دەوریان هەبو زۆربەی لەشکری ئازەربایجان لە جوتیاران پێك هاتبو ، کـە نزیکەی ١١ هەزار کەس بـو (پێش دوا هێرشی حکومەتی مەرکەزی) ، ئەو چـــەکو ئەسبابی شەڕەیش کـــە لـە حکومەتیان گرتبو ، بەشـــی نزیکەی ٧٠ هەزار سەربـازی ئەکرد ٠ زەغتێکی زۆر خرایـە سەر فیرقەی دیموکرات کـــە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتـــی ئێراندا دەست پێ بکات ، لەو بارەیەوە جەعفەر پیشـەوەری لە رۆژنامەی « ئازەربایجان »دا کە ئۆرگانی فیرقەبوو ،وتارێکی بە ناونیشانی (مردن و نـــەك گەڕانەوە بۆ دواوە) نوسی ٠٠ تیایدا ئەڵێت :

(ئەوانە هەمووی قســەی هیچ و پوچن ٠٠ ئێـــران ناتوانێت ئازادیمان بداتێ ٠٠)

هەر لە سەردەمی جمهوریەتی ئازەربایجاندا ، لە نـــاوەوەو دەرەوەدا پروپاگندەی زۆر دژی بزوتنەوەکە ئەکرا ، گوایـــە سەربەخۆ نیەو ، بەســـترا وە بە مەســـەلەی نـــەوت و سیاسەتەکـــانی دەرەوە ٠ پیشـــــەوەری لـــــەو بارەیەوە لە کۆنفرانســـێکی شەخسیەتە نیشـــــتمان پەروەرەکانی ئازەربایجاندا لە ساڵی ١٩٤٦دا وتی :ـ

(مەسەلەی ئێمە تەنیـــا لەسەر ئازەربایجان نیە ،بەڵکو بۆ ئازادی هەمو ئێـــرانو چەسپاندنی دیموکراتیـــەتە ٠ دەستەی حوکمرانو دەرەبەگە گەورەکانی تاران لـــەوە توقیون ئەوانە لەژێـــــر پـــــەردەی ـ دەســـتور ـدا ئەخریـــکی لەناوبردنی هەمو مافەکـــانی گەلن ٠٠ هەمو شەڕەکەیـــان لەسەر لێفەکەی مـــــەلای مەزبورەیـــە !٠ ئێمـــــە جیاکردنەوەی ئازەربایجانمـــان ناوێت ، ئێمە ئەمانەوێت زەوی بۆ جوتیار بێت و دیموکراتیەت و دەسەلاتی حوکم بۆ هەمو گەل بێـــت ٠٠ کـــەس داوای جیابونەوەی نەکردوەو هەرگیز پێشنیاری وەهایش نەکـــراوە ، مەسەلە لەسەر ئەنجامدانـــی ئیسلاحاتە لە سەرانســـەری ولاتدا ، وە جێ بەجێ کردنی ئەو شتانەیە نەك هەر بە قسـە ٠ مەسەلەی نەوت ، مەسەلەیەکی ئابوریە کە پەیوەندی بـــــە سیاسەتەکانی دەرەوە هەیـــە ، تێکەڵاو کردنی مەســـــەلەی ئازەربایجان لەگەڵ مەسەلەی نەوتدا ، هەرگیز منطقی نیە)٠

کۆنەپەرستانی ئێران ، کـە دەمێك بو خەریکی دۆزینەوەی رێگەیەك بون بۆ بەرگرتن لـــە تەشەنە کردنی بزوتنەوەکـەو کوژاندنەوەی ، دەستیان کرد بە گفتوگۆ کردن لەگـــــەڵ حکومەتی ئازەربایجاندا ٠

حکومەتی ـ قوام السلطنە ـ لـــــە نیســـانی ١٩٤٦دا بەیاننامەیەکی حەوت بەنـدی بڵاوکردەوە ، کە تێایـــــدا موافەقەتی کردبو مەجلیســـی ناوچەی ئازەربایجان دروست بێتو ، تا پۆلی پێنجـــــەمی ســـــەرەتایی بـــە زمانـــی ئازەربایجانی بخوێنرێتو ، لە دائیرەکاندا هـــــەر دو زمان : فارسی و تورکی بەکاربهێنرێتو ئازەربایجان بە پێی نفوســـی خۆی نوێنەر بنێرێتە مەجلیسی نواب ٠ بێگومان ئەو کاتـــــە مەجلیس لە کار وەستێنرابو ، لەبەر ئەوە ئەو بڕیارانـــــە هەموی بەڵێنی سەر کاغـــەز بون ، خۆ ئەگەر مەجلیسیش هەبوایە ، رەنگ بـــو ئـــــەو بڕیارانەی تێدا ئیقـــــرار نەکرێت ٠

بەڵام سەرکردەکانی فیرقە ، تەواو هەستیان بەوە نـــەکردو کەوتنە داوی کونەپەرستانەوە ، لەمانگی مایســـی ١٩٤٦دا قوام السلطنە وەفدێـــکی نادر بۆ ئازەربایجـــــان ، لـــــەوێ رێکەوتننامەیەکیان مۆر کرد ، ئەوە گەورەترین هەڵەی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان بو ، چونکە ئیتر بە پێی ئـــەو رێکەوتنە هەمو هێـــــزە چەکدارەکانی ئـــازەربایجـــان بون بە حەرەس و ژاندارمـــی حکومەت و خرانە ژێر دەسەلاتی حکومەتی مەرکەزییەوە ٠

دوای رێکەوتنەکە ، هەمـــو خوتبەکانی پیشەوەری ، نیشانەی ئەوەیە کە تا چەند کەوتبونـــە داوەکەی حکومەتەوەو بـــــە بەڵێنەکانی هەڵ خەڵەتابـــونو هەستیان بە نەخشـــــەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرســـتان نەکرد ٠ لە راستیدا بە هـــۆی ئەوەی کە لە سەرکردایەتـــی بزوتنەوەی ئازەربایجانـــــدا هەڵوێســـتی چینایـــــەتی شۆڕشگێڕانە بەهێز نەبو ٠٠ بایەخ نەدرا بە بەهێز کـــردنی لەشکرو توند دەســـــت پێوەگرتنی لە بەرامبـــــەر داواکانی حکومەت لە گفتوگۆدا کاتێك هەست بە گەورەیی ئەو هەڵەیە کرا ، کە لەشـــکری حکومەت و دەربەگەکانی جاشی حکومەت ، لە کانونی یەکـــەمی ١٩٤٦دا هێرشە گەورەکەیـــان بردە سەر ئازەربایجان ٠

ئەگەر سەرکردەکانی فیرقە بیانتوانیایە جەماهیر ســـاز بدەنو رێك بخەنو هێزەکانی خۆیان باش سەرکردایـــەتی بکەن ، ئەیانتوانی لەشـــکری کۆنەپەرستان بشکێنن ، کە لەو کاتەدا زۆر بێهێز بو ، ئەگـــەر ئەوەیش لە توانادا نەبوایـــە ، ئەیانتوانی کشانەوەیەکـــی رێکوپێك بکەنو دەست بدەنـــە شەڕی پێشمەرگانەی درێـــژ خایەنو پشت بە کرێـــکاران و جوتیـــــاران بزوتنـــــەوەی دیموکراتی ئازەربایجـــــان فراوانتر بکرێت و ببێتە بنکەی شۆڕشی هەمو ئێران ٠

بەڵام نەتوانرا بەرگریەکی بەهێزو رێکخراو بکـــرێت ، وە بو هەمو کەس رونە کـــــە حکومەتی کۆنەپەرستی حـــەمە رەزا بـــە زۆری ســـــەرەنێزە راوەستاوە و هیچ چەشـــنە بناغەیەکی کۆمەڵایەتی لـــە ناو گەلانی ئێراندا نیە ، کوشتنو گرتنی ئازادیخوازان و قەدەغە کردنی هەمو جۆرە ئازادیەك لە کۆمـــــەڵانی خـــەڵك ریژیمی دیکتاتۆری شای ئەوەندە لەبەر چاوی خەڵك رەش کردوە ، کە هیچ کام لە چینو توێژەکـــانی خەڵکی ئێران پشتیوانی لێ ناکەن و هەمو تێکرا بۆ سەرەو نخوز کردنی تێ ئەکۆشن ٠

حەمە رەزاشـــا خۆشی زۆر چاك ئەم واقیعیەتە تێ گەیوەو لە رقو بێزاری گەلانی زۆرلێکراوی ئێران نەترەی چوە ئەو رۆژنامە نوسە بیگانانەی ماوەیەك لـــە ئێران ماونـــــەوە بە تەواوەتی ئەوڕاستیە ئەسەلمێنن ٠ هاری ئالیس ، رۆژنامە نوســـــی ئەمریکایی لە رۆژنامەی (کریستێن ســـاینێس مونیتۆر)دا رۆژی ١٤ی ئۆکتـــــوبری ١٩٦١ نووسیبوی :

« لەمانگی فێبوریەی رابردودا لە تاران ئاوم بە شا کەوت کە بەسواری گالیســـکەیەکی زێر پاش کردنـــــەوەی مـــەجلیس ئەگەڕاوە بۆ کۆشکی خۆی ٠ ئەو لە گالیسکەکەدا تەنیـــابو وخەڵکی تارانیش لەم بـــــەرو ئەوبەری جادەکان کۆببونەوە ٠ بەڵام لەنێوانی خەڵکەکەو شادا ریزێکی پتەو سەرباز راوەستاـ بوون کە هەریەکێك روی لـــە ئاپورایەکە کرد بو و ئـــەوی تر بەرەو روی جـــادە ویستابو ٠ بەدرێژایی ئەو رێگایە کە شـا پێیدا ئەرویشت ، ئەو دیمەنە ئەبینرا ٠ بێجگە لەوەش لـــە سەربانی ماڵەکانەوە سەربازەـ کان بە چەکەوە چاویان بڕیبوە ئاپۆراکە » ٠

رۆژنامەی « فرانس دیمانش» چاپی فەرانسە لە ژمارەی ٢٧ی ژوئیـــــەی ١٩٦١دا وتاریکی درێژی لەســـــەر وەزعی ئێران نوسیبو کـــــە لەوێدا باسی خۆپێشاندانە مەزنەکـــەی ٣٠ پوشـــپەڕی ١٣٤٠ی کردبوو ٠ رۆژنامەکە دیمەنی ترسو لەرزی فەرەحو حەمە رەزاشای بـــەم چەشنەخستبۆ بەرچاو : «رۆژی ٣٠ پوشپەڕ فەرەحی پەهلەوی لەکۆشکی سپیدا کە بەپاسەـ وانانی وەفاداری شـا دەورەی تەنرابو و لەپەنای دیواری قایمو تێل دڕودا! هەتا ئێوارێ لەرزی٠ چونکە لەو دیوی دیوارەکـــە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر هاواریان ئەکرد « بژی مصدق » ئـــەو دەنگە لە کە لێنی پەنجەرەکانەوە ئەهاتە ژوریو هەمو ئـــەندامی شاژنی وەلەرزین ئەخســـت ٠ حەمە رەزاشاش لە تەنیشـــت فەرەحی پەهلـــەوی دانیشتبو و سازمانی ئەمنیەت لێکدا لێکـدا هەواڵی مەیدانو شەقامەکانی پێ رائەگەیاند ٠ هەرکات تەلەفون زەنگی لێ ئەدا فەرەح جەرگو دڵی بەرئەبۆوەو بیری لـــــەوە ئەکردەوە کە رەنگە وەك ١٤ی ژوئیەی ١٩٥٨ی عێراق پەلاماری کۆشك بدەنو خۆی و مێردەکەی بکوژن » ٠

بڵاوکراوەی « پرس فرانسز» رۆژی ٧ی ژوئینی ١٩٦٣ ئێرانی بە بۆشکەی باروت ناوبردوەو ئەنوسێ هیچ گومان نیە کـــە شای ئێران نـــە دەســـــەڵاتو خۆشەویســـــتیو نـــــە ئابڕو وکەرامەتی لەناو خەڵکدا هەیە٠ رۆژنامەیەکی تری فەرانســـــە « پاری پرس » هـــەر لەورۆژەدا ئەنوسێ کە : « قینو توڕەیی لەیەك کەس واتە شا لـــە دڵی هەمو کەسدا هەیە » هەروەها ئەڵێ : « ئەگـــــەر رۆژیـــك مصدقێـــــکی تر پەیدابێو داوای جمهوریەت بکا کێ هەیە بتوانێ پارێزگاری کۆشکی سەڵتەنەتی بکا ٠٠؟ »

بزانین (شاهەنشا) بۆ خۆی دەتی چی ؟

رۆژنامە نوسی ئەمریکـــایی (هاری ئالیس) کە ســـــاڵی ١٩٦١ لە دفتەری کاری شـادا چوبوە لای ، لە ژمارەی ١٤ی ئۆکتوبری رۆژنامەی « کریستین ساینیس مونیتور » دا ئەنوسی: « شا گوتی کاتیك لەم کۆشکە ئەڕۆمـــــە دەر هیـــــچ نازانم بەزیندویی دیمەوە یان نا ؟ » ٠

٩ی دیسامبری ١٩٦٩ شا لە وتو وێژی خۆیدا لەگـــــەڵ « ئەریك رۆلۆ » تەعلیق نوسی رۆژنامەی لۆمۆند جاریکیتر ئەو قسەی چوار ساڵ پیشتر بـــە هاری ئالیسی گوتبو دوپاتـــەی کردەوەو گوتی :

« من ئیتر ئەمڕۆ بێ ئەوەی لە هەمو لایەکەوە احتیاطـــاتی هێمنی وەربگـــــرم ، ناتوانـــم هەنگاویك هەڵێنمەوە ٠ ئـــــەوە بەراستی لە توانادا نیە ٠ »

رۆژنامەی «فرانس دیمانش» چاپی فەرانســـــە رۆژی ٢٧ی ژوئیەی ١٩٦١ پەرەدەی لەسەر یەکێك لە نهێنیەکانی دەرباری ئێران هەڵدایە وەو نوسی :

چەند ساڵە کە فڕۆکەیـــەك هەمیشە لە کوشکی شا نامادەی فڕینە ٠ شا نەك هەر فڕوکەی بۆ هەڵاتن حازر کردوە بەڵکو ئەو شوێنەی بۆشی رائەکات ، چەند ساڵ پێشتر حازرو نامادەی کردوە ٠ »

ئەو رۆژنامە ساڵێك دواتـــر یانی لە ژوئیەی ١٩٦٢دا لـــەو بارەوە نوسیبوی : « بەگوێرەی ئەو مەعلوماتەی پێمان گەیشتوە حەمە رەزا شا لە ناوچەی «کوت دازۆر » پارچە زەویەکی گەورەو کوشـــکێکی هاوینی رازاوەی کڕیوە ، تا ئەگەر رۆژێك لـــە شەڕی شکاندنی ئیمپریالیزمو دەرەبەگایەتیو سەرمایەدارانی بیرۆکراتدا ٠٠ کە حکومەتـــی مەرکەزی تاران نوێنـــــەری سیاسیان بو ٠

سەرکردایەتی بزوتنەوەکە ، زۆر تەئکیدی ئەکردە ســـــەر لایەنی نەتەوایەتی مەسەلەکە ، لە کاتێکدا کە ئەبۆ زۆرتـــــر بایەخ بە خەباتی چینایـــەتی بدرێتو تەئکید زیاتر لەســـەر بەرنەدانی رێگەی خەباتـــی چەکدار بکرێتو کۆمەڵانـــی جوتیاران رابپەرێنرێنو خەباتی چینایەتیان تیژتر بکـــرێتو چەکـــــدار بکـــــرێن دژی دەرەبەگەکان کە هەمیشـــــە پاڵپشتی حکومەتی مەرکـــــەزی بونو دار دەستی بـــــون لە هێرشی دڕندانەیدا بۆ ســـــەر ئازەربایجان ٠

هەروەها سەرکردایەتی فیرقە بایەخی تەواوی نەدا بە خەباتی دژ بە ئیمپریالیـــــزمو روکردنـــــەوەی بەردەوامی بەیوەندی ئیمپریالیزم لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی بەکـــرێ گیراودا ٠

کەمو کووڕیەکی گەورەی تری بزوتنەوەکە ئەوەبو کـــە هەوڵ نەدرا فراوانتر بکرێتو چاوەروان کردنی انتخاباتـــدا مەسەلەی ئەساسی خۆیان (کە لەشکرەکەیان بو) دۆڕانـــد ٠

ـ ماویەتی ـ

پەیوەندی شاوخەڵك لەچاپەمەنی دەرەوەدا

نوسینو ئامادەکردنی : عادل

*

رۆژان بزوتنەوەی خەڵك جیگای پێ ئێژ کرد ، لە ئێران رابکات و بەنا بۆ ئەوێ بێنێ ٠ »

١٤ی زەرزەی ١٣٤١ی هەتاوی شـــا لە کۆبونەوەی ئەفسەرانی لە شکری دو لـــە تەورێز گوتی : « بیاوی ئاقـــل ئەبێ لە بەرامبەر پێشـــهاتو مەترسیدا سەر دانینەوێنێ ، تا ئەو مەترسیە تێ ئەپەڕێو پاشان دوبارە بێتەوە مەیدان » ٠

بەڵێ ئەمە خولاسەی تاکتیکی سیاسی حەمە رەزا شایەو لەم ساڵانەی دوایی دا چەند جـــار هاتۆتە مەیدانو هەمو جـــارێ چەند حوکمی ئیعـــدامی ئیمز کردوەو چەند دادگـــای نیزامی بۆ موحاکەمەی رۆڵە بەشەرەفەـ کانی گـــەلانی ئێران داناوە ٠ بەڵام دیسانیش فکری راکردن لە ئێرانی کردوەو لە چـــەند شوێنی دنیا کۆشـــکی هاوینی رەنگاوڕەنگی کریوە ، بۆ ئەوەی بەپێی هـــەڵو دەرفەت هـــەر وڵاتیکی بـــە باش زانی پەنای بۆ بەرێ ٠ بەڵام داخۆ ئەتوانێ ئەو نەخشەی خۆی بەرێتە سەرو لەچنگی تۆڵەی گـــــەلانی رق هەستاوی ئێران رزگار بێ ؟٠

رۆژنامەی «فرانس دیمانش» وەڵامی ئەو پرسیارە بەم جۆرە ئەداتەوە ٠« ٠٠٠ رودداوەکانی مێژو بەتایبەتی لە ســـەردەمی ئیستادا نیشانیان داوە کە ئەم چەشنە کاربەدەســـتانە تائیستا کەمتر توانیویانە لە چنگی رقو تورەیی میللەتی خۆیان دەرباز بن » ٠

ئەمەیە پێوەندی راستەقینەی شا لەگەڵ میللەتی ئێران کـــە دەزگا تەبلیغاتیەکانی شا شەوو رۆژ دەهۆڵی بۆ ئەکوتن ٠

ئەمەو کەس رونە کـــــە حکومەتی کۆنەپەرستی حـــەمە رەزا بـــە زۆری ســـــەرەنێزە راوەستاوە و هیچ چەشـــنە بناغەیەکی کۆمەڵایەتی لـــە ناو گەلانی ئێراندا نیە ، کوشتنو گرتنی ئازادیخوازان و قەدەغە کردنی هەمو جۆرە ئازادیەك لە کۆمـــــەڵانی خـــەڵك ریژیمی دیکتاتۆری شای ئەوەندە لەبەر چاوی خەڵك رەش کردوە ، کە هیچ کام لە چینو توێژەکـــانی خەڵکی ئێران پشتیوانی لێ ناکەن و هەمو تێکرا بۆ سەرەو نخوز کردنی تێ ئەکۆشن ٠

حەمە رەزاشـــا خۆشی زۆر چاك ئەم واقیعیەتە تێ گەیوەو لە رقو بێزاری گەلانی زۆرلێکراوی ئێران نەترەی چوە ئەو رۆژنامە نوسە بیگانانەی ماوەیەك لـــە ئێران ماونـــــەوە بە تەواوەتی ئەوڕاستیە ئەسەلمێنن ٠ هاری ئالیس ، رۆژنامە نوســـــی ئەمریکایی لە رۆژنامەی (کریستێن ســـاینێس مونیتۆر)دا رۆژی ١٤ی ئۆکتـــــوبری ١٩٦١ نووسیبوی :

« لەمانگی فێبوریەی رابردودا لە تاران ئاوم بە شا کەوت کە بەسواری گالیســـکەیەکی زێر پاش کردنـــــەوەی مـــەجلیس ئەگەڕاوە بۆ کۆشکی خۆی ٠ ئەو لە گالیسکەکەدا تەنیـــابو وخەڵکی تارانیش لەم بـــــەرو ئەوبەری جادەکان کۆببونەوە ٠ بەڵام لەنێوانی خەڵکەکەو شادا ریزێکی پتەو سەرباز راوەستاـ بوون کە هەریەکێك روی لـــە ئاپورایەکە کرد بو و ئـــەوی تر بەرەو روی جـــادە ویستابو ٠ بەدرێژایی ئەو رێگایە کە شـا پێیدا ئەرویشت ، ئەو دیمەنە ئەبینرا ٠ بێجگە لەوەش لـــە سەربانی ماڵەکانەوە سەربازەـ کان بە چەکەوە چاویان بڕیبوە ئاپۆراکە » ٠

رۆژنامەی « فرانس دیمانش» چاپی فەرانسە لە ژمارەی ٢٧ی ژوئیـــــەی ١٩٦١دا وتاریکی درێژی لەســـــەر وەزعی ئێران نوسیبو کـــــە لەوێدا باسی خۆپێشاندانە مەزنەکـــەی ٣٠ پوشـــپەڕی ١٣٤٠ی کردبوو ٠ رۆژنامەکە دیمەنی ترسو لەرزی فەرەحو حەمە رەزاشای بـــەم چەشنەخستبۆ بەرچاو : «رۆژی ٣٠ پوشپەڕ فەرەحی پەهلەوی لەکۆشکی سپیدا کە بەپاسەـ وانانی وەفاداری شـا دەورەی تەنرابو و لەپەنای دیواری قایمو تێل دڕودا! هەتا ئێوارێ لەرزی٠ چونکە لەو دیوی دیوارەکـــە کۆمەڵێکی یەکجار زۆر هاواریان ئەکرد « بژی مصدق » ئـــەو دەنگە لە کە لێنی پەنجەرەکانەوە ئەهاتە ژوریو هەمو ئـــەندامی شاژنی وەلەرزین ئەخســـت ٠ حەمە رەزاشاش لە تەنیشـــت فەرەحی پەهلـــەوی دانیشتبو و سازمانی ئەمنیەت لێکدا لێکـدا هەواڵی مەیدانو شەقامەکانی پێ رائەگەیاند ٠ هەرکات تەلەفون زەنگی لێ ئەدا فەرەح جەرگو دڵی بەرئەبۆوەو بیری لـــــەوە ئەکردەوە کە رەنگە وەك ١٤ی ژوئیەی ١٩٥٨ی عێراق پەلاماری کۆشك بدەنو خۆی و مێردەکەی بکوژن » ٠

بڵاوکراوەی « پرس فرانسز» رۆژی ٧ی ژوئینی ١٩٦٣ ئێرانی بە بۆشکەی باروت ناوبردوەو ئەنوسێ هیچ گومان نیە کـــە شای ئێران نـــە دەســـــەڵاتو خۆشەویســـــتیو نـــــە ئابڕو وکەرامەتی لەناو خەڵکدا هەیە٠ رۆژنامەیەکی تری فەرانســـــە « پاری پرس » هـــەر لەورۆژەدا ئەنوسێ کە : « قینو توڕەیی لەیەك کەس واتە شا لـــە دڵی هەمو کەسدا هەیە » هەروەها ئەڵێ : « ئەگـــــەر رۆژیـــك مصدقێـــــکی تر پەیدابێو داوای جمهوریەت بکا کێ هەیە بتوانێ پارێزگاری کۆشکی سەڵتەنەتی بکا ٠٠؟ »

بزانین (شاهەنشا) بۆ خۆی دەتی چی ؟

رۆژنامە نوسی ئەمریکـــایی (هاری ئالیس) کە ســـــاڵی ١٩٦١ لە دفتەری کاری شـادا چوبوە لای ، لە ژمارەی ١٤ی ئۆکتوبری رۆژنامەی « کریستین ساینیس مونیتور » دا ئەنوسی: « شا گوتی کاتیك لەم کۆشکە ئەڕۆمـــــە دەر هیـــــچ نازانم بەزیندویی دیمەوە یان نا ؟ » ٠

٩ی دیسامبری ١٩٦٩ شا لە وتو وێژی خۆیدا لەگـــــەڵ « ئەریك رۆلۆ » تەعلیق نوسی رۆژنامەی لۆمۆند جاریکیتر ئەو قسەی چوار ساڵ پیشتر بـــە هاری ئالیسی گوتبو دوپاتـــەی کردەوەو گوتی :

« من ئیتر ئەمڕۆ بێ ئەوەی لە هەمو لایەکەوە احتیاطـــاتی هێمنی وەربگـــــرم ، ناتوانـــم هەنگاویك هەڵێنمەوە ٠ ئـــــەوە بەراستی لە توانادا نیە ٠ »

رۆژنامەی «فرانس دیمانش» چاپی فەرانســـــە رۆژی ٢٧ی ژوئیەی ١٩٦١ پەرەدەی لەسەر یەکێك لە نهێنیەکانی دەرباری ئێران هەڵدایە وەو نوسی :

چەند ساڵە کە فڕۆکەیـــەك هەمیشە لە کوشکی شا نامادەی فڕینە ٠ شا نەك هەر فڕوکەی بۆ هەڵاتن حازر کردوە بەڵکو ئەو شوێنەی بۆشی رائەکات ، چەند ساڵ پێشتر حازرو نامادەی کردوە ٠ »

ئەو رۆژنامە ساڵێك دواتـــر یانی لە ژوئیەی ١٩٦٢دا لـــەو بارەوە نوسیبوی : « بەگوێرەی ئەو مەعلوماتەی پێمان گەیشتوە حەمە رەزا شا لە ناوچەی «کوت دازۆر » پارچە زەویەکی گەورەو کوشـــکێکی هاوینی رازاوەی کڕیوە ، تا ئەگەر رۆژێك لـــە

Institut kurde de paris

گەڕ و گرتنەکانی ڕیانی خەڵك

لە ئێرانی ئەمڕۆدا

نوسینی : پەرویز

لەکاتێکدا دەزگای تەبلیغاتی ریژیمی پۆلیسی ئێران شەو وروژ دەهۆڵی بووژانەوە وپێشکەوتنی ئابوری ئەکوتێو میلیونها دۆلار بۆ تەبلیغاتو پڕوپاگانـــدە بۆ ریژیمی شا لـــە دەرەوەی وڵات بلاو ئەکرێتەوە ، لەکاتێکدا شا بۆ سەماو هەڵپەڕینی ســـــەر سەهۆلو بەفر بە ســـــەری کویستانان ئەچێتـــە ئەوروپاو لەکابارەکانی زوریخ بە میلیون دۆلار خەرج ئەکـــات ، ژیانی زوربەی نیزیك بەتەواوی خەڵکی ئێران لەوپـــــەڕی داخداریو شپرزەیی دایە ٠

لە باری سیاســـیەوە هەمو رۆژێ دەســـتەدەســـتە لاوە شۆڕشگێڕەکان ئەدرێنە دادگای نیزامیو بەبێ دیفاعو پارێزەرو رژو شوێنی قانون حوکـــم ئەدرێن گوللە باران ئەکرێن ٠ لەباری ئابوریو ژیانیشـــەوە زەحمەتکیشانی ئێران لەحالێکدا ئەژین ، کەتەنیا کاربەدەستانی ریژیمی شا بەبێ شەرمی ئەتوانن ناوی ژیانی لێ بنێن ٠ ئـــەوان لەبەر بێکاریو برســـــیەتی هەڵوەدای وڵاتان ئەبنو یان بە گوللەی ژاندارم ئەکوژرێن یان لەسەرمان رەق ئەبنو لەژێـــر بەفری کوێستاندا ئەمێننەوە ٠ رۆژنامەی کوردســـــتان نوسیویەتی : زەحمەتکێشێکی ئازەربایجانی کە بۆ کـــارو کاسبی هاتبونە کوردستان بە گوللەی ژاندارمەکانی شـــا گوژراوە ٠ بەگوێرەی هەواڵێکی پێمان گەیشتوە ، کاسبکارێکی خەڵکی زێوەو ماشکان کـــــە وەدوای کاروکاسبی کەوتوە ،لە کویستانی (کانیـــــەخوای) سەرمابردویەتی ٠ ئەوانـــــە نمونەی بەسەرهات و چارەنوسی هـــــەزاران زحمەتکێشـــی ئێرانین ٠

ئێران ئەمڕۆ بەقوناخێـــکی داخداری میژوی خۆیـــــدا تێ ئەپەڕێ ٠ دیکتاتـــــوری وسەرەڕۆیی ریژیمی پاشایەتی، دەزگای چەپەڵو بەرتیل خۆری دەوڵەتیو بەرەڵاییو هەوسارـ پچراوی سازمانی ئەمینـــەتو ژاندارمەری گەلەکانی ئێرانیان بەجارێك توشی دەردی سەری وکوێرەوەری کردوە ٠ گرانی، بێکاری ، نەبونی نەخۆشخانەو دوکتوروودەرمان ، زولـــمو زۆری پۆلیس وژاندارمو گرتـــنو راونانو رەشە کوژی ژیانـــی خەڵکی تاڵ کردوە ٠ بـــــە خۆرایی نیە کە هەر رۆژە لـــە قوژبنێکی تاران دەســـــتەیەك لاوی شورشگێرو گیانفیـــــدا زانەپـــــەڕنو دەســـــت لە کاربەدەستە تاوانبارەکـــانی ریژیم ئەوەشێنن ٠

ریژیمی سەر بە ئیمپریالیستی شا ، ئێرانی توشی رۆژیـــــك کردوە ، کە تەنیا زحمەتکێشان ئەوەگیان نەهاتون بەڵکو ئـــــەو رەنـــــجو دەردو پـــــەژارە کۆمەڵایەتیە زۆربەی ناقـــمو توێژەکانی کومەڵی ئێـــرانی تەنیوەتەوە ٠ تەنانـــــەت وای لێ هاتوە جاروبار رۆژنامـــــە چلکاو خۆرەکانیشی وەدەنـــگ هێناوە ٠

فەرمانبەرێکی وەزارەتـــی دارایی ماوەیەك لەمەوبەر بـــە هەواڵنوسی رۆژنامەی کەیهانی گوتبو :

« حەوت سەرخێزانم هەیەو مانگی ٧٠٠ تمەن (٣٥ دینار) وەرئەگرم ٠ دوسەد تمـــــەن کرێ خانو ئەدەم ، ١٥٠ تمەن مانگانەی مەدرەسەی منداڵەکانم ئەدەم ، مانـــــگی ١٠٠ تمەن خەرجی هاتو چۆمان ئەبـــــێ ٠ مانگی بە ٢٥٠ تمەن بە حەوت کەسەوە چۆن بەرێ بچـــم ؟ »

لەوپارە ئەبێ جلو بـــەرگ وخواردەمەنیو داودەرمانـــی منداڵەکانیشم بدەم ٠ عەمەلێکی ریخۆڵە کوێرە لە نەخۆشخانە ئەهلی یەکان هەزار تمەنـــی تێ ئەچێ ٠ لە نەخۆشخانەکانی دەوڵەتی قەت جیگا نیەو ئەگەر نەخۆش بمرێ کەس لەفریای ناکەوێ ٠٠ »

کریکارێکی ســـــادە رۆژی شەش تمەن (٣٠٠فلـــــس) وەرئـــەگرێ کە مانگی ئەکاتـــە ١٨٠ تمەن ٠ مەرکـــــەزی (رێکخراوی لێکۆڵینـــــەوەی کومەڵایەتی زانستگای تاران ئەنوسێ :

« مالێکی پێنج کەسی بـــــە لایەنی کەمەوە بێجـــگە لـــە موخاریجی خویندنو دوکتۆرو دەرمانو گەڕانو گەمە مانگـی ١٠٥٣ تمەنی ئەوێ » بەو حاڵە کریکارێکی هەژار مانگی بـــە ١٨٠ تمەن چۆن بەرێ ئەچێ ؟!

تەنیا گرانی موخاریـــجو نەداری نیە کە خەڵکی وەئامان هێناوە ٠ نەبونی ئاسایـــشو ئەمنیەت ، نەبونی نەخۆشخانەو دەرمانـــگا ، زولـــم وزۆری سازمانی ئەمنیـــــەتو دزیو بەرتیلو بورکراتیـــــزم لە ئیدارەکانی دەوڵەتیدا ئەوانە هەمویان ژیانی خەڵکیان تـــاڵ کردوە ٠

لە ئێرانی ئەمڕۆدا هیـــــچ کەس لە ژیانی خۆی ئەمـــــین نیە ٠ ئەو ئاسایشو ئەمنیەتەی شا وکاربەدەستانی ئێران باسی ئەکەن ، بە تەواوی درۆیـــــە ٠ دوکتورێکی ئێرانی ئەنوســـــێ « الامو ایە لەهیچ وڵاتێکی دنیـــا وەك ئێران تەنگو چەڵەمـــەی کۆمەڵایەتی زۆر نیە ٠ کاتێـــك بەیانی لەماڵ ئەچمـــــە دەر ، بەهیوا ئیم ئێواری بە سڵامەتی بگەڕێمەوە بۆ ماڵی خـــــۆم ٠ ئەوەندەی لەدەرەوەشم هـــــەر لەبیری ئەوەدام کە ماڵەکەمیان نەبڕی بێ ٠ » گۆڤاری تـــاران ئیکۆنۆمیست لە ژمـــــارەی ٧٩٥دا دەنوسێ « زۆر ســـــەبرم لە سەردەمێکدا کە ئینســـــان ئـــەچێتە سەر مانگ ، ئێمـــــە هێشتا تەنگو چەڵەمـــــەی نەبونی گۆشتو ماسیو میوەو دەرمانمان چارە نەکـــــردوە » نوێنەرێـــــکی مەجلیـــــس هاوارئەکات :

« ئیمە ئیدیعا ئەکەین کە لە وڵاتی خۆماندا بەربەرەکـــانی لەگەڵ نەخوێندەواری ئەکەین ، بەڵام منداڵەکانمان لە پشـــت دەرگای قوتابخان

ئەدەب و ژیان

من و گەو !!

کوردستان موکریانی

لە لێواری رووبارێکا ، لەژێرخێوەتێکی رەنگاورەنگا ... ... لە نێو گیای سەوزا ، بێ‌بریارو گفتو پەیمانو بەلێن ... منو ئەو بەیەك گەیشتین . سروشت دەمێك بوو ، بەکزوتاسەوە چاوەڕێ گەیشتنی ئێمەی دەکرو ، بۆیە ئاو لە خڕە ، گەلای درەخت لە هاشە ، پەروانە لە گەشت بولبول لە چریکە .... وەستان ... تەنانەت با هێمن بوو ، بەلام کەمێ بێ‌میهرو بەزەیی بوو لەگەل مندا ، بۆیە لاری نەبوو کە جاربەجار بە شینەیی قژی پەخشانمی هێنابا سەر رووخسارمو قسەکردنی چاوی منو ئەوی بۆ ماوەیێ راگرتبا .

ساتەکەم کەلێ بەفەرو خۆش‌و جووان‌بوو بەداخەوە بۆم بەسەر نەچوو ، چۆن نێم دوورکەوتەوە ، من لەم بەرو لەو بەری رووبارەوە ، لەبەر تەنیایی من وا رەنگی زەرد هەلگەڕا ، دەزانم ئێستە دەڵێ :

(ئاخۆ دەبێ رۆژگار چ تاڵاوێکی پێ‌بنوشێ ؟ لەنێو ئامێزی سەرگەردانیدا دەبێ چۆن رابوێرێ ؟ .... لە دوای مندا گەنۆ چی بکا ؟

ئاگادار بووم بولبولی شەیداو حەسپن لەبەر تەنیایی من ، لەبەر خەزانی ئارەزووی من، بە گوڵ لەکەنار گوڵدەگریا من بە زەردەخەنەی ئاوات ... ئەوم بەرێ‌کرد ، بە بزەی هیواو ئامانجی بەیەك گەیشتن، ئاواتی دیدار ... خوا حافیزیم لێ‌کرد .

ئەو نە خوندانەوەی گوی زەمیندا بە دەوری دۆخی خۆیدا، لە رۆژ ئاواوە بۆ رۆژەهەلات ، بەتەنیایی جێی هێشتمو لەبەر دیدارم وون بوو .

ئەو ... خۆشەویستی منو ئێوە بوو ...

ئەو ... رۆژ بوو ، خۆر بوو ... هەتاو بوو ...

بەدیاری ئاردمە رۆژئاوا .. ئەو بوو ... ئاوا بوو !!؟

ئەی باسی جیهان نەکرد ؟!

هستەفا رابەر

— ناشێ دیسان قومارت کردبێ .. بڵێ شێر بوی یان ریوی .

— هەر لێم‌گەڕێ بە سەری وەسمان سەر لە ئێوارە یەك دو هاوڕێم توشیان کردم .. ئێوارەکی باشبوم ، بەلام کە شەو راشکا هەرچیم بو دۆڕا.. سعات‌ئ ئەموستیلەکەشم هەر لەوی فرۆشت .

— جا .. ئەگەبت بەم سەری مانگە چی ئەکەیت .

— بڵێم چی .. کرێی خانوشم نەداوە . ئەم مانگەش هەرچی زەخیرەبێ ئەمان ماوە ، قەرزەکەی تۆشمان هەر لەوێ بوەستێ ..

— کاك وەسمان نیو کیلو شەکرو بایی پەنجا فلس چایمان بۆ بکێشە .

— باشە خوشکم .. بەلام ئەگەر تۆ نەبی من بەم تۆزە تۆزە شت نافرۆشم زەرەر دەکەم .

— جا چی بکەم بە قوربان.. منیش حەزم دەکرد تەقاوێتە کەمان بۆ دەرچوبایە کە تا ئێستا معامەلەکەمان‌سەد کەرەت هات‌و چۆی‌کردوە ، هەر دەستی دەستیمان پێ‌دەکەن ، هەرجارە بیانوێکی پێ‌دەگرن .. جارێ ئەلێن لەسەرچی شەهید بوە .. جارێ ئەلێن بە گوللە یان بە بۆمبا کوژراوە .. جارێکی تر دەپرسن چ برای تری پێشمەرگەی هەیەو سەد پرسیاری بێ‌جێی‌تر . بەم رەبەقە یاری‌مان پێ‌دەکەن پێم‌ناڵێی چی‌بکەین .

— ها کچم ئەمە نیو کیلو شەکرو بایی پەنجا فلس چای.

— ئێ هوشیار ئەفەندی بۆ قەرزەکەی ئێمە ئەڵێی چی .. خۆت ئەزانی منیش کارو کاسبیم .. موجەم .. نەم شرە دوکانەیە .

— کاك وەسمان زۆر مەمنونت دەبم ئەم مانگە لەسەرم بوەستی ئیتر تۆبەی یەکجاری بێ .

— پارەکەی من دەرکە .. دیارە پیاوی‌قومار باز درۆزنیشە ئەی مانگی رابوردو تۆبەت نەکرد ..

— کاك وەسمان‌نەختێ لەسەر خۆ بە خۆ هەڵنەهاتوم .. من موچەخۆرێکی میریم .. تا ئێستاش قەرزار قەرزاری نەخواردوە .

— ئەلێم چیرۆکت درێژمەکەوە .. من پارەی خۆمم دەوێ .. درێژەی مەدێ .. دۆڕاو رەزای قورسە .

— هەی مردوت مرێ چەند پیاوێکی و شکیت ئێستا بەم سەری مانگە روم نایێ داوای قەرز لەکەس بکەم .. لێم بوەستە بەلکو سعات و پارچە خشلێکی خێزانەکەم بدزم .. هەر چۆنێ بێ تۆی پێ رازی‌بکەم .

— هوشیارە فەندی ناخۆشی مەکەو بەم قسانە تەفرەمان مەدە پارەکەی من بێنە .

— دەباشە بۆت دێنم .. حەکو چەند نابیاوی .

سێبەری کۆشك‌و تەلاری‌خانوە بەرزو نزمەکانی ئاوایی دائەپۆشت .. ئەرکی راگرتنی‌میوان‌و بەردەوامی چەقەچەقی فنجانی قاوەی تاڵی ئێوارەو بەیانیانی دیوان لە کیسەی خەڵکی رەش‌وروتی ئاوایی‌دابین ئەکرا .. کە ئەگەر نەختێ پرەیان بوایە لەسەرسەکوکەی هەڵئەتروشکان‌و شەوانیش لەگەڵ گۆی‌شۆرکردن بۆ قسەو فرمانی میر ، بو حکایەتی لاوچاکی‌وجوامێری بەگزادەو سپلەیی‌و ناکارەمەیی بۆرە پیاو بێ‌دەنگ‌ئەبون !

میر زۆر بلەوەزو ترسناك بۆ قسەی چاك‌و خراپی جوتیارەکانی ئەکردە کلاش ، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دوایی‌دا ، کە فێری قومارو خواردنەوەو رابواردنی شارانیش بوبو ، هەر رۆژە هەنجەتی بەیەکێك دەگرت .. کەس نەما بو گازی تێ‌نەگرێ تا گەڕ گەیشتە سەر پیرداود ، ئەوە بو ئێوارە درەنگێك لە جوت دەگەڕاوە هێشتا دور بو کە تێی راخوڕی :

— هەر ئێستا گاکان بکەینەوە ماڵو بگەڕێوە لام .

— بەسەرچاو هەر ئێستا .

گاکانی توند هەڵپێچاو تفێکی لەلای چەپی روکرد . « ئەبێ چەندی بوێ ، رەنگە.. بۆ شار .. بۆ خواردنەوە .. بۆ قومار سمکۆڵ بکا .. باشە چۆن پارەی بۆ پەیدابکەم ، ئەگەر پێم مسۆگەر نەبێ ئەبێ چیم پێ‌بکا ؟ »

— بابە گیان .. وازبێنە .. ئێمە گاکان ئاوودان ئەدەین .. برۆ دوکەرەت بەشوێنتا هاتون .

— باشە وارۆیشتم .. نەتان زانی بۆ هاتبون .. گوایە بۆچی هاتون ؟

— فەرمو بە قوربان ئەمرکە .

— هەی بەملی شکاوت بێ‌ی، ئەمری چی ، تۆ کەی گوێرایەلی ئەمری من بویت ، خوێری خێرت پێوەنیە .. کارێکی باشت لە دەست نایێ .. ئەمساڵ چوار دارت بۆ تەویلە هێناوە ئەویش خوارو خێچو قەلیشاون !

چەند جوتیارەکی تر لەوێ قلە تەزبیحیان بێ‌دەنگ بە سەریەکدا خل‌دەکردەوە ، چاکیان ئەزانی میر لە بیانو گرتنە ، بەلام هیچیان زاتی ئەویان نەکرد نەختێ هێوری بکەنەوە .

— گەورەم لە کوزەدارەکەی کە پاریش چەند دارت لێ‌بڕی بەدانقە بۆم هەڵبژاردوی تێناگەم قەلشی چییان بردوە ؟

— خۆشمان لێ‌گیل دەکەیتو حیسابی پارم لەگەڵ دەکەی.. ئەگەر بەگزادەیم باشت تێ‌ئەگەیێنم .. دەبڕۆ چەنەی تری مەدێ .. بەرچاوم بەردە! هەر ئەوی شەوێ مەلاو ریش سپیانی دێ خۆیان هاویشتە ماڵی میرو لێی پاڕانەوە کەلێی خۆش‌بێ .. میریش پیاوانە بە هەرسی جزمی قورئانو شەرەفو گۆڕی پیرۆزی باوکی، سوێندی خوارد کە بۆ خاتری ئەوان وازی لێ‌هێناو دڵنیا بژی‌و بەلام جارێکی‌تر ناماقولی نەکا .

میر خەفەتی لەسەرچونو لێ‌خۆش‌بونی پیرداودی لە سك جێ‌نەئەبوەوە ، تا رۆژێکیان چێشتەنگاوێکی درەنگ (وەسمان) جوتی بە پیرداود بەردا‌و دوای شەڕ پێ‌فرۆشتنێکی هیچ‌و خۆڕایی لازمانێکی بە خوێنی دەمی خەنجەرە دەبانەکەی داهێناو ملی کێوو کەژی گرت ، هەرچەند هەولی‌دا میر پەنای نەدا بگەڕێتەوەو خولامەتیەکەی بکات ، وەکی بڵێی هەستی بە دۆستایەتی نێوان وەسمان‌و خێزانی خۆی کردبو ، دەمێك بو نیازی وا بو بە تێرێك دو نیشان بشکێنێ . ناچار سەری هەڵگرتو ئەوی ساڵی لەگەڵ کۆچەرو خێڵەکیان رووەو کوێستانان سەری خۆی هەڵگرت . هێشتا شۆڕشی دامەزراندنی کۆماری کوردستانی بەسەردا نەهاتبو کە لە شنویی بو بەدەڵالی گەنم‌و جۆفرۆشتن لە هەرای کۆمەڵەدا ، کەمێك خۆی لە کوردایەتی‌دا رەتاند .. بەلام لەبەر ئەوەی بە چلکاوی سەرخوانی زۆردار فرچکی گرتبو ، نەیتوانی تاسەر لەگەڵیا بڕوا بە تایبەتی کە شۆڕش روی لە شکەست کرد.

⊙ ● ⊙

وەسمانی کۆنە تاوانبار ، زەلامێکی فیلەتەنو چاوە سەوزەکانی لەناو چرچ‌ولۆچی دەم‌و چاویا ئەدرەوشایەوە ، سەرو سمێڵی پاك ئەتاشی لە دوکانێکی لاچەپی کۆلانێکدا بەدەم قسەکردنەوە دەبدەبەی فو ئەدا بۆ مناڵە وردیلەکان ، ئەو تاوەی من لای دانیشتبوم یەك دو دەبدەبەی لێ تەقی کە لەداخا ئاخێکی بۆ سەردەمی سەوداو بازار گەرمی ئەو ساڵەی کە لە شنۆیی دەلالی کرین‌و فرۆشتنی دانەوێلە بو ، هەلکێشا .. ئەی گۆ خۆزگەم بەوی رۆژێ شام بە سەپانی خۆم دانەئەنا ، پڕی گیرفانم پارەوپول بو ، سەبارەت بەوەی مستەفا خۆشناو خەڵکی بێتواتە بو ، ئامو شۆم دەکرد ، ئەویش چەرمەسەری زۆردی کە باوکی مرد دایکی ماڵەکەی بردە ئەسپیندارەو لەوێشەوە چوە کۆیێ‌و شوی‌کردەوە ، مستەفا بە هەتیویو بێ‌کەسی خۆی پێ‌گەیاند ، پیاوێکی بەرچاو تیزو کۆك‌بو، قەت لەهەقانەتدا لاری نەدەکرد ، بەراستی هەواداری رزگاری کورد بو ، رۆژێك نەیویست لە پەنای کوردایەتی‌دا دو قران پێکەوە بنێ‌و تا پەتی قەنارەکەی پیاوانەی هێنا .... » لەم قسانەدا بو پیاوێکی ورگنی نەختێ پێشەسەر روتاوەی خەواڵو بە ساردی‌یەکەوە خۆی کرد بەدوکاناو لەسەر سنوقێکی بەتاڵ دانیشت‌و باویشکێکی لێ‌داو نەختێ چاوەکانی هەڵگوفاند .. گوتی :

— بەسەری وەسمان ئەمشەو نەخەوتوم سەر لە بەیانی لەیانە هاتومەتەوە .

(ئاخۆ دەبێ رۆژگار چ تاڵاوێکی پێ‌بنوشێ ؟ لەنێو ئامێزی سەرگەردانیدا دەبێ چۆن رابوێرێ ؟ .... لە دوای مندا گەنۆ چی بکا ؟

ئاگادار بووم بولبولی شەیداو حەسپن لەبەر تەنیایی من ، لەبەر خەزانی ئارەزووی من، بە گوڵ لەکەنار گوڵدەگریا من بە زەردەخەنەی ئاوات ... ئەوم بەرێ‌کرد ، بە بزەی هیواو ئامانجی بەیەك گەیشتن،

چیرۆکی کورت و ریالیستی نوێ

عبدالله سراج

١ — چیرۆك ئەبێ هەمیشە لە شێوەی ئامۆژگاری‌و پێ‌نیشان‌دان‌و رابەری کردن‌و رەخنە ئاراستە کردنەوە دوربێ، بە پێچەوانەی ئەوەش بۆی هەیە بە جۆرێکی هونەری بێ ئەوەی خوێنەوار هەست بەوە بکات کە لە سەرەوەی خۆی ریگای بۆ نیشان ئەکرێت .

٢ — واز هێنان لە داڕژتنی وەلامی ئامادە کراو بۆ چەند پرسیارێکی دیاری کراو . واتە چیرۆك نوس خۆی وێل نەکات بە دوای وەلامی ئەوەو پرسیارانەی دەمێکە وەلامیان ئاشکرا بوەو خەتك گوێیان پێ پڕ بوە .

٣ — چیرۆك نوس نابێ لاسایی ئەو بابەتانە بکاتەوە کە لە زروفێکی ترو پێویستی‌یەکی تر هاتۆتە کایە ، یانیش کوتومت پەیڕەوی چیرۆك نوسەکانی رۆژئاوا بکاتەوە بە چۆرێك چیرۆکی خۆمالیمان بکاتە نوسخەیەکی تۆمار کراوی کۆلن ویلسن‌و کافکاو کامۆو سارترو ئەلیوت و ساروت .. هتد ، تەنها لەبەر ئەوەی پێی بوترێ ئاگادری‌یەکی زۆری هەیەو پایەیەکی زۆری بڕیوە لە نوسینی چۆکی نوێ .

٤ — پاژەکردنی ئەو (جەو) وانەی کە چیرۆکەکەی لێ لەدایك ئەبێ بە جۆرێك رووداوەکان بەرەو پێشەوە بەرێت ، بە پێچەوانەش هەر پاژەکردنێکی نەگونجاو لەچیرۆك بەدەر، پلەی هونەری نزم ئەکاتەوە ، بۆیە ئەبێ چیرۆك نوس بە وریایی‌و دڵسۆزی یەوە لەشت بدوێ نەك تەنها لەبەر خۆی — مەبەست شتەکانە — بگرە بەو نیازەی کە ئەو شتانە لە بڕبڕەی جەوهەری چیرۆکەکەن بۆیە ئەبێ ئەو شتانەی چیرۆك نوس لێی ئەدوێ پێشەکی لەمێشکیدا جێی خۆی کردبێتەوە ، چونکە ئەو شتانە — رێگا بێ یان درەخت دەرگا بێ یان ئاسمان — لە جێگەی پێویستی خۆی ، (بعد)یکی مرۆڤایەتی ئەنوێنێ کە رەخنەگران بەکەمتری نازانن لە هەڵوێستی پاڵەوان‌و سوڕی رووداوەکان .

٥ — خۆ ماندوکردن بەدوای فۆرم‌و تەکنیکی نوێی تازە بابەت ، وەك ئامانجێك ، چیرۆك نوس هەمیشە وێڵی‌بێ، بتگومان ڕواڵەتێکی سەرنج کێشە لە چیرۆکی ئەم قۆناغەدا ، بۆیە ئەبێ بەو چاوەوە بڕواندرێتە فورم‌و شێوەو تەکنیك کە ریگایەکە — نەك ئامانج — یاینش هۆیەکە — نەك مەبەست — بۆ دەرپرینی ناوەرۆکێکی نوێ .

٦ — پێویستە رووداوەکانی چیرۆك لەچوار چێوەی‌داڕژتنێکی (درامی)ی سەرکەوتو بخرێتەرو هەر وەهاش لەکاتی ئاراستە کردنی تیشك بۆ ناوەوەی دەرونی پاڵەوان ، ئەبێ چیرۆك نوس خۆی دورکاتەوە لە راژە کردن‌و (تقریر) و تۆمار کردنی کامیرایی و چاو دێری‌ی لابەلای رویی (سطحی) .

٧ — رازاندنەوەی تەکنیکی و کەرت کردنی چیرۆك و دانانی ژمارەو ناو بۆ هەر بەشێك بێ ئەوەی هۆی هەبێ ، یانیش پێویستی‌یەکی مەوزوعی بیخاتە کایە ، چیرۆك نوسی نوێ ئەخاتە مەترسی‌ی دورکەوتنەوە لە رێبازی راست . بە تایبەتی چیرۆك نوسانی لاوی خوێن گەرم .

٨ — تۆمار کردنی هەموو شتێك لەچیرۆك‌دا بەو شێوەیەی کە بەر چاوی هەمو کەسێکی ئاسایی ئەکەوێ ، بێ‌گومان ئەو چیرۆك نوسە ئەکاتە کامێرایەك تەنها تۆمار کردنی خرابێتە ئەستۆو بەس ، ئەمەش ئێجگار دورە لەو چیرۆك‌نوسەی دیمەن‌و رووداو و پاڵەوانەکانی لەسەر ئەو راستی‌یە هەڵئە بژێرێ کە ناوەرۆکەکەی بەباشی دەربڕێت‌و بە جۆرێکی ئاسایی ، مەبەستەکانی بەسەردا بسەپێنێ ، چونکە کاری چیرۆك نوسی پێشکێنە لە رواڵە دەرەوەی شت‌و واقع بۆ ئەوەی لەئەنجام دا ئەو پەیوەندی‌یەنهێنی‌یانە بدۆزێنەوە کە سەری کرۆڵەی چارەنوسی هەمو شتێکی بە دەستەوەیە .

ریالیستی نوێ لە چیرۆکی کورت‌دا :—

چیرۆك لەم رۆژانەدا — بە پێچەوانەی ئەو هەمو رێبازە جیا جیایانەی کە پێی داتێپەڕ ئەکات — ئەڕوانێتە ئاسۆیەکی روونترو چەسپاوتر کە بێ پارێزی لە لادان‌و ون‌بون‌و خۆ جوینەرەو لاسایی کردن . لەم چەند خاڵانەی خوارەوە بۆمان هەیە پەردە لەروی ریالیستی نوێ ، راماڵین لە چیرۆکی کورت‌دا .

١ — ریالیستی نوێ لەلایەن زوبانەوە جۆرە شاعریەت‌و رەوانی‌و پاراوی‌یەکی هەیە کە لە ریالیستی کامیرایی دا رچاو ناکرێت .

٢ — (تێ‌روانین) (الرؤیة) لە ریالیستی نوێ‌دا تەنها قایل

پاشماوەی ژمارەی پیشو

شێوەو فۆرمی چیرۆکی کورت :—

چیرۆك نوسی نوێ کە بە تێبینێکە وردەوە ئەڕوانێتە واقیعەکەی‌و خولیای ئەوە ئەبێ ئەو واقیعە بکاتە پارچەیەکی عوزوی لە واقیعی جیهان‌و کاتێ کە چارە سەر کردنێکی زانستانەی بۆ دیاری ئەکان ، کە بگونجێ لەگەڵ گیانی رۆژگاردا ، تی‌گومان پێویستی‌ی بە شێوەو فۆرم‌و تاکتیکێکی نوێ‌ی وا هەبەستە نوێ‌یەکەی بگرێتە خۆ ، هەر چەندەش ئەم کارە وا چیرۆك نوس ئەکات لە راستەو خۆ مل لە رێبازی نوێ بنێ‌و خۆی بهاوێژێتە دەریای تافی کردنەوەو پشکنین ، بەلام دیسانەوە ، چەند شتێك هەیە لە بارەی شێوەوە خۆی ئەسەپێنێتە سەرفۆرمی چیرۆکی کورتی نوێ .. لەمانە :—

١ — چیرۆك ئەبێ هەمیشە لە شێوەی ئامۆژگاری‌و رابەری کردن‌و رەخنە ئاراستە کردنەوە دوربێ، بە پێچەوانەی ئەوەش بۆی هەیە بە جۆرێکی هونەری بێ ئەوەی خوێنەوار هەست بەوە بکات کە لە سەرەوەی خۆی ریگای بۆ نیشان ئەکرێت .

٢ — واز هێنان لە داڕژتنی وەلامی ئامادە کراو بۆ چەند پرسیارێکی دیاری کراو . واتە چیرۆك نوس خۆی وێل نەکات بە دوای وەلامی ئەوەو پرسیارانەی دەمێکە وەلامیان ئاشکرا بوەو خەتك گوێیان پێ پڕ بوە .

٣ — چیرۆك نوس نابێ لاسایی ئەو بابەتانە بکاتەوە کە لە زروفێکی ترو پێویستی‌یەکی تر هاتۆتە کایە ، یانیش کوتومت پەیڕەوی چیرۆك نوسەکانی رۆژئاوا بکاتەوە بە چۆرێك چیرۆکی خۆمالیمان بکاتە نوسخەیەکی تۆمار کراوی کۆلن ویلسن‌و کافکاو کامۆو سارترو ئەلیوت و ساروت .. هتد ، تەنها لەبەر ئەوەی پێی بوترێ ئاگادری‌یەکی زۆری هەیەو پایەیەکی زۆری بڕیوە لە نوسینی چۆکی نوێ .

٤ — پاژەکردنی ئەو (جەو) وانەی کە چیرۆکەکەی لێ لەدایك ئەبێ بە جۆرێك رووداوەکان بەرەو پێشەوە بەرێت ، بە پێچەوانەش هەر پاژەکردنێکی نەگونجاو لەچیرۆك بەدەر، پلەی هونەری نزم ئەکاتەوە ، بۆیە ئەبێ چیرۆك نوس بە وریایی‌و دڵسۆزی یەوە لەشت بدوێ نەك تەنها لەبەر خۆی — مەبەست شتەکانە — بگرە بەو نیازەی کە ئەو شتانە لە بڕبڕەی جەوهەری چیرۆکەکەن بۆیە ئەبێ ئەو شتانەی چیرۆك نوس لێی ئەدوێ پێشەکی لەمێشکیدا جێی خۆی کردبێتەوە ، چونکە ئەو شتانە — رێگا بێ یان درەخت دەرگا بێ یان ئاسمان — لە جێگەی پێویستی خۆی ، (بعد)یکی مرۆڤایەتی ئەنوێنێ کە رەخنەگران بەکەمتری نازانن لە هەڵوێستی پاڵەوان‌و سوڕی رووداوەکان .

٥ — خۆ ماندوکردن بەدوای فۆرم‌و تەکنیکی نوێی تازە بابەت ، وەك ئامانجێك ، چیرۆك نوس هەمیشە وێڵی‌بێ، بتگومان ڕواڵەتێکی سەرنج کێشە لە چیرۆکی ئەم قۆناغەدا ، بۆیە ئەبێ بەو چاوەوە بڕواندرێتە فورم‌و شێوەو تەکنیك کە

٦ — پێویستە رووداوەکانی چیرۆك لەچوار چێوەی‌داڕژتنێکی (درامی)ی سەرکەوتو بخرێتەرو هەر وەهاش لەکاتی ئاراستە کردنی تیشك بۆ ناوەوەی دەرونی پاڵەوان ، ئەبێ چیرۆك نوس خۆی دورکاتەوە لە راژە کردن‌و (تقریر) و تۆمار کردنی کامیرایی و چاو دێری‌ی لابەلای رویی (سطحی) .

٧ — رازاندنەوەی تەکنیکی و کەرت کردنی چیرۆك و دانانی ژمارەو ناو بۆ هەر بەشێك بێ ئەوەی هۆی هەبێ ، یانیش پێویستی‌یەکی مەوزوعی بیخاتە کایە ، چیرۆك نوسی نوێ ئەخاتە مەترسی‌ی دورکەوتنەوە لە رێبازی راست . بە تایبەتی چیرۆك نوسانی لاوی خوێن گەرم .

٨ — تۆمار کردنی هەمو شتێك لەچیرۆك‌دا بەو شێوەیەی کە بەر چاوی هەمو کەسێکی ئاسایی ئەکەوێ ، بێ‌گومان ئەو چیرۆك نوسە ئەکاتە کامێرایەك تەنها تۆمار کردنی خرابێتە ئەستۆو بەس ، ئەمەش ئێجگار دورە لەو چیرۆك‌نوسەی دیمەن‌و رووداو و پاڵەوانەکانی لەسەر ئەو راستی‌یە هەڵئە بژێرێ کە ناوەرۆکەکەی بەباشی دەربڕێت‌و بە جۆرێکی ئاسایی ، مەبەستەکانی بەسەردا بسەپێنێ ، چونکە کاری چیرۆك نوسی پێشکێنە لە رواڵە دەرەوەی شت‌و واقع بۆ ئەوەی لەئەنجام دا ئەو پەیوەندی‌یەنهێنی‌یانە بدۆزێنەوە کە سەری کرۆڵەی چارەنوسی هەمو شتێکی بە دەستەوەیە .

ریالیستی نوێ لە چیرۆکی کورت‌دا :—

چیرۆك لەم رۆژانەدا — بە پێچەوانەی ئەو هەمو رێبازە جیا جیایانەی کە پێی داتێپەڕ ئەکات — ئەڕوانێتە ئاسۆیەکی روونترو چەسپاوتر کە بێ پارێزی لە لادان‌و ون‌بون‌و خۆ جوینەرەو لاسایی کردن . لەم چەند خاڵانەی خوارەوە بۆمان هەیە پەردە لەروی ریالیستی نوێ ، راماڵین لە چیرۆکی کورت‌دا .

١ — ریالیستی نوێ لەلایەن زوبانەوە جۆرە شاعریەت‌و رەوانی‌و پاراوی‌یەکی هەیە کە لە ریالیستی کامیرایی دا رچاو ناکرێت .

٢ — (تێ‌روانین) (الرؤیة) لە ریالیستی نوێ‌دا تەنها قایل

کورتە مێژویەکی رەخنەی ئەدەبی

ئەرستۆ

هەرچۆنێ ئێمە دەربارەی تیورە رەخنەیەکانی ئەفلاتۆن بیربکەینەوە ، ئەبێ دان‌بەوەدا بنێین کە گەلێ لە کێشە سەرەکیەکانی رەخنەی ئەدەبی هێنانەکایەوە .. وەهەر لە سایەی ئەویشەوەیە کەوا ئەرستۆی شاگردی بە بیروڕای زۆربەی رەخنەگرەکانی داهاتو، باشترین وەڵامی بۆ پرسیارەکانی ئەفلاتون پێشکەش‌کردن لەو دەمەدا کە ئەرستۆ هۆشی خۆی خستە سەر شێ‌کردنەوەی ئەدەب .. چارەنوسی ئەثینیەکان کە ئەفلاتون هێنده‌ی بە تەنگیەوە بو .. دیاری‌کرابو .. لەبەر ئەوە ئەم لایەنە بۆ ئەرستۆ تەنیا هێزێکی نەمردوی هەبو .. کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ئەو وزەیان نەبو کە لە سەردەمی ئەفلاتونا هەیان بو .. ئەمەش مەودای بە ئەرستۆدا کە بە شێوەیەکی هێدی‌ترو لەسەرخۆتر لە پرسیارەکانی مامۆستاکەی سەرنجبداو بکۆڵێتەوە .

ئەوەی ئەفلاتون ئەی‌وت ئەو شتانە بو کە هەمو دەمێ لەمێشکیا ئامادەبون ، بەلام عەبقەریەتی ئەرستۆ لەوەدا بو کە نەهات وەکو مامۆستاکەی لاکردنە « تعمیمات»میتافیزیە — کانی خۆی بەرامبەر ئەوانی مامۆستاکەی دابنێ .. بەڵکو دەستی‌کرد بە لێکۆڵینەوەو سەرنجدانی ئەدەب خۆی هەروەك چۆن کەسێك کە دەیەوێ لە بارەی گیان لەبەرەوە شتێك بنوسێ ، نمونەیەکی بایۆلۆجی فەحس ئەکاو لێی وردئەبێتەوە .. سوچی ئەرستۆش نەبو کە رون‌کردنەوەکان‌و تێ‌بینیەکانی لەدوایی‌دا شێوەی — یاسایان وەرگرت .. چونکە ئەوەی راستی بێ‌هەمو ئەرستۆ سەرزەنشتی‌کردنی ئەو کەسانەیە کە ئەیانەوێ چەند پێوانەیەکی دیاری‌کراو دابنێن‌و بەگوێرەی ئەو پێوانانە بنوسن . هەر لە سەرەتای کتێبەکەیەوە » ئەدەبیات ئەرستۆ بەلێنی لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی دور لەپێش باوەریمان دەداتێ (٢) بەلای ئەرستۆوە شیعری مەلحەمی ، تراژیدی ، کۆمیدی ، شیعری سۆزو حەماسەت وە مۆسیقا هەمویان وەکوویەکن لەوەدا کە هەمویان لاسایی کردنەوەن بەلام لە ئامرازو ئامانجو شێوەی لاسایی‌کردنەوەدا جیاوازیان لەناوایەدا ئەبێ .. هەمویان — مۆسیقا نەبێ — لە رێگای زمانێکی سەرواداروە لاسایی‌ئەکەنەوە . لەگەڵ ئەمەشدا ئەرستۆ وریایانەئەو تێبینی‌یە دەکا کە (ئیمپیدۆکلس) ناتوانرێ پێی بوترێ .. شاعیر تەنها لەبەر ئەوەی فەلسەفەکەی بە هۆنراوە نوسیوە .. چونکە شاعیر لاسایی ئادەمیزاد ئەکاتەوە .. ئەو ئادەمیزادانەی لە ئیش‌کردن دان وە یا باشترین لەئێمە .. یاخراپترن .. «هەر ئەم جیاوازیەشە کە تراژیدی لە کۆمیدی جیادەکاتەوە ، چونکە کۆمیدی مرۆڤمان پێشکەش ئەکا وەکو خراپتر لەوەی کە لە ژیانی واقیعی‌دا هەیە .. بەلام تراژیدی وەکو چاکتر دەیان نوێنی . » .

دوهۆهەیە بۆ بونی شیعر :

یەکەم ئەوەیە کە مرۆڤ گیان‌لەبەرێکی لاسایی‌کەرەوەیە وە خۆشی لە لاسایی‌کردنەوە وەردەگرێ .. « ئێمە بەڵگەی ئەمەمان لە راستیەکانی تاقی‌کردنەوەدا هەیە .. ئەو شتانەی کە لە خۆیاندا ئێمە بە ئازارەوە ئەیانبینین .. حەزئەکەین کەوا سەرنجیان بدەین کاتێك بە دروستی‌و دڵسۆزی دوبارە دروست ئەکرێنەوە .. وەکو دیمەنی گیان‌لەبەرە هەرە ناشیرینەکان .. یان دیمەنی لاشەی مردو .. هۆی ئەمەش دیسانەوە ئەوەیە کەوا فێربون زیندوترین خۆشی پێشکەش‌ئەکا نەك تەنها بە فەیلەسوفەکان بەڵکو بە هەمو ئادەمیزاد .. بەگشتی .. ئەگەرچی توانستی فێربونیشیان کەمو دیاری‌کراوبێ .. » هۆی دوەمیش هەروەها شتێکی سروشتی‌و خۆشی بەخشە بۆ ئادەمیزاد ئەویش :

هاوئاوازی‌و هارمۆنیە (٣) .

بەلای ئەفلاتونەوە ئەو خۆشیەی کە لە لاسایی‌کردنەوەو هاوئاوازی دەسگیرمان ئەبێ ئەشێ مەترسی بەخش بێ‌و فەزیلەتە شارستانیەکان بنکۆڵ بکات .. بەلام ئەرستۆ لە لێکۆڵینەوەی ئەم لایەنەدا تەنها ئەیەوێ ئەوە دەرخا کە شتێکی سروشتی‌و ئاسایی‌یە مرۆڤ لاسایی‌بکاتەوەو خۆشی لا لاسایی‌کردنەوە وەرگرێ . بەلام ئەرستۆ لەگەڵ مامۆستاکەی یەك ڕایە کە هەتاکو باسکراو (موضوع)ەکە بەرزتر بێ‌و گرنگ‌تربێ شێوەی هۆنراوەکەش بەرزتر دەبێ .. (گیانە بەرزەکان لاسایی‌کرداری جوانمەردانە دەکەنەوە .. کرداری پیاوچاکان .. بەلام گیان نزم‌و هیچەکان لاسایی کرداری کەسانی نزم‌و بێ‌نرخ دەکەنەوە .. بۆیە لەپێش هەمو شتێکا شیعری هەجو رێك‌دەخەن .. یەلام کۆمەڵی‌یەکەم ستایش بۆ خواکان دائەنێن‌و مەتحی پیاوچاکان ئەکەن .. » گەر لە رواڵگەیەکی عەسری‌یەوە سەیر بکەین ئەبینین ئەم قسەیەی ئەرستۆ بە پێچەوانەی قسەکانی پێشوی‌یەتی کە دەڵی مرۆڤ خۆشی لە لاسایی‌کردنەوەو وەردەگرێ بەبێ گوێدانە سروشت‌و چۆنیەتی لاسایی کردنەوەکە . لەوانەیە لەم باوەڕەی‌دا ئەفلاتۆن زۆر کاری تێ‌کردبی .. بەلام ئەبێ ئەوەش بخەینە پێش‌چاو کە ئەرستۆ بەیەك دو وشە کۆمیدی دەخاتە لاوەکە ئەڵێ : کۆمیدی بریتی‌یە لە لاسایی‌کردنەوەی کەسانی نزم پلە .. نەك خراپ بە هەمومانای وشە .. بەڵکو ئەوانەی کە شیاوی پێ‌کەنینن چونکە پارچەیەکن لە ناشیرینی بونەوە » .

ئەرستۆ هەمو بایەخێکی بە تراژیدی داوە کە دای‌ئەنێ بە (لاسایی‌کردنەوەی کردارێك کە گرنگ‌و تەواوو ، تاڕادەیەکیش بەرزبێ ، بە زمانێك کە بە ئارایشتی هونەری رازابێتەوە .. لە شێوەی کردارداو نەك گێڕانەوە .. وە لە رێگای سۆزو ترسێکەوە کە ببێتە هۆی پاك‌کردنەوەیەکی دروستی ئەو ئینفیعالاتانە » .

ئەم پێ‌ناسینە گرنگە مێشکی گەلێ کەسانی تاقی‌کردەوە .. هەندێ لەوانە ئەوەنەدە ئاشکراگۆ (صریح)بون کە دان بەوەدا بنێین کە ئەو ئینفیعالاتانەی لە کۆتایی تراژیدیەکی گەورەدا دەیان بێ‌دورترە لەوەی بریتی بێ لە پاك‌کردنەوەی ئەو ئینفیعالاتانە . گومانی نیە کە ئەرستۆ ویستویەتی وەلامی تومەتەکەی ئەفلاتون بداتەوە کە ئەڵێ دراما ئینفیعالاتی دڵی ئادەمیزاد خۆش‌ئەکات‌و وای لێ ئەکا عاتیفی‌ترو کەم هۆش‌تر بێ . بەرپەرچیەکەشی ئەوەیە کە دراما ئێمە لە ئینفیعالات پاك‌دەکاتەوە .

دیارە ئەرستۆ زەمینەیەکی باشتری ئەبو ئەگەر بهاتبایەو . بەپێی بایەخ دانی زۆری بەفۆرم — بیوتایە کە تراژیدی راستەقینە (فۆرم) ئەدا بە ئینفیعالاتەکانمان وە بەم جۆرە ژێردەستیان ئەکا ..

بڕوانە ل — ٧ —

کەمال میراودەلی

ئەیلە مۆکریکی دامی‌کاو

ئازیزەکەم
هەر دوێنێ بو کە دەمنوسی :
تەڵخە بەهار ..،
دەنگوت : نەخێر گەشاوەیە ،
هەر دوێنێ بو کە دەمنوسی :
ژاکاوە شار ..،
دەنگوت : نەخێر بوژاوەیە
هەر دوێنێ بۆ کە دەمنوسی :
گیانە .. داری نەوت..بەری گڕ ناگرێ
بەبێ هاڵاو .. ،
**دەنگوت : نەخێر .. ت

دوانێك دەربارەی بڕینەوەی موچە بۆ :

شەهیدانی کوردستان

شەهیدانی کوردستان ... ئەوانەی گیانی خویان کردە قوربانی بۆ خاکو نەتەوە کەمان ... هەمیشە شوێنی شانازین پێویستە هەموو کات لە یادمان بن .. کەسو کارەکانیان بێ بەش نەکەین لە سۆزو یارمەتی .... بەڵێ خوێنەری خۆشەویست ئەوانە لایەقی هەمو ڕێزو تەقدیرو پاداشتێکین .... بەیان نامەی یانزەی ئازاریش کە لەپاش دەسڵ شەڕی براکوژی هات ئەو ڕاستیەی سەرەوەی دووپات کردەوە ئەوە بوو لە بەندی حەوتەمدا .ریاری بڕینەوەی موچەی دا بۆشەهیدانی ڕووداوەکانی کوردستان ، (هاوکاری) یش بەئەرکی سەرشانی زانی سەرێك لە دایرەی تەقاوتی پارێزگاری سلێمانی بدات وە چەند پرسیارێك لەو بارەیەوە ئاراستەی تیبینەری دایرەکە کاك علی حاج محمد لاوە بکات - ئەمیش بەدەوری خۆی وەڵامی دایەوە بە وبەپێی سینگ فراوانیەوە لەگەڵ ئەو هەمو سەرقاڵیەی کە هەیبو زۆر بەسوپاسەوە :

(هاوکاری) : کەی یاسای تەقاوتی شەهیدانی کوردستان دەرچوو وە کەی دەستکرا بەجێ بەجێ کردنی ؟؟

کاك علی : لە ١٦ـ٥ـ١٩٧٠دا ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم یاسایەی دەرکرد بەناوی یاسای ژمارە (١٠٢)ی ساڵی ١٩٧٠ وە ڕاستەوخۆ پاش بڵاوکردنەوەی دەستکراوە بەئیش ... وە لەو کاتەوە تەقاوتی حسێبە بۆ ئەوانەی یاساکە ئەیان گرێتەوە هەر وەختێك موعاملاتی تەقاوتیەکەیان تەواو بێت .

هاوکاری : لە پارێزگاری سلێمانی ئەو یاسایە چەند خێزانی شەهید ئەگرێتەوە ؟

کاك علی : ژمارەیان زیاتر لە (١٥٠٠) شەهیدە بەڵام هێشتا موعاملاتەکانیان تەواو نەبوە .

(هاوکاری) کەس و کاری شەهیدەکان چی ئەبێ بهێنن بۆ بڕینەوەی موچە بویان ؟

کاك علی : هەر بەکە لە کەسوکاری شەهید کە تەمەنیان لە (١٨) ساڵ زیاترە داوا- کاریەك پێشکەش ئەکەن وە چەند شتێکی پێویست ئەهێنن وەکوو (قەسامی شەرعی) ، (ئیعلامی وصایا - بۆ ئەوانەی کە لە (١٨) ساڵ کەمترن) (دەفتەری نفوس) ، (مەزبەتەی خێزانەکە بەگشتی) ، (ئەوراقی لێکۆڵینەوە) ، (وێنەی تۆمارکراوی مردنی شەهید) ، (بریاری لیژنەی پزیشکی) ، (فەرمانی وەزارەتی ناوەوە یا پارێزگا دەربارەی بریاری بەهیلاکەتی بردوین خۆمان (تەقاوتمان) هەیە سەرەڕای ئەو (١٥٠٠) تەقاوتەی شەهیدانی هاتوتە سەر .

(هاوکاری) :

هیوادارین لێپرسراوانی میری ئەو کێشەیەتان بۆ چارەسەرکەن بۆ ڕاپەڕاندنی



کاك علی حاجی محمد

کاك علی :

ئەوەی کە ئەو کەسە یاساکە ئەیگرێتەوە) ، وە گەلێ شتی تریش .

(هاوکاری) :

موچەی هەموو خێزانەکان وەکوو یەکە یا بەپێی ژمارەی هەر یەکەیان جیاواز ئەبێ ؟

کاك علی :

موچەی هەموویان یەکە وەکوو لە یاساکەدا هەیە (٣) دینار ئیسمی و (٧) موخەسەسات بەگشتی (١٠) دیناره بەیەکسانی بەسەر ئەو خێزانەدا دابەش ئەکرێت بۆ نموونە ئەگەر ئەوکەسە ئەیگرێتەوە یەك کەس بێت ئەوا هەمووی وەرئەگریت ئەگەر دووکەس بن یەکی (٥) دینار وەرئەگرن ئەگەر چوار کەس بێت یەکی (٢٫٥٠٠) دینار وەرئەگرن .

(هاوکاری) :

لەچ حالەتێکدا موچەکە ئەبڕێت ؟

کاك علی :

لەم حالەتانەدا :

١ - ئەگەر ئەو کەسە مرد .

٢ - ئەگەر تەمەنی لە هەژدە ساڵ تێپەڕکاتو قوتابخانەی بەجێ هێشتبێ وە ئەگەر بەردەوامیش بێ لە خوێندن ئەوا لە (٢٣) ساڵیدا هەر لێی ئەبرن .

٣ - ئەگەر ئافرەت بوو شووی کرد .

٤ - ئەگەر یەکێ لەو خێزانەدا لەوەزیفەی حکومەت دامەزرا .

(هاوکاری) :

گیروگرفتتان لەم بوارەدا چیە ؟

لەپێش هەمو شتیکدا ئەو ئەوراق و پێویستیانەی کە ئەبێت بیهێنن تەگەرەو کۆسپی زۆر تێئەکەوێ و بەزحمت دەستیان ئەکەوێ بەتایبەتی چونکە لە کاتی خوێدا تۆمار نەکراوە و یا وون بوە بەهۆی ئالوزاوی باری ئەو کاتە. زوربەشیان نەخوینەوارن ئەمە زیاتر ئیشەکە دوائەخات .

دووهەم گیروگرفت : کەمی فەرمانبەرە کە بەجاری ئیشی ئەو جەرگ سووتاوانە . وە جارێکی تر سوپاست ئەکەین هیوامان وایە هەمیشە لە خزمەتی گەلو نیشتمانداین.

فەهمی قەرەداغی
پەیامنێری هاوکاری لەسلێمانی

یەکەم کۆنفراسی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردلەهەولێر

لە ڕۆژی پێنج شەممە ،ڕێکەوتی ١٠ـ٢ـ٩٧٢ (١) دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی لە هەولێر بەبۆنەی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری لقی هەولێرەوە کۆنفرانسێکی سازکرد لەژێر چاودێری بەڕێز پارێزگاری هەولێر مامۆستا عبدالوهاب ئەتروشی دا ..

بەم بۆنەیەوە هۆڵی گەل بەدەها دروشمی کۆمەڵە ڕازابووەوە وەك :

- ئامانجی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی پتەوکردنی برایەتی نێوان کوردو عەرەبە .
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی دەستکەوتێکی ١١ی ئاذارە .
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری جێگەی هەمو کوردێکی خوێندەوارە .
- کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی پارێزگاری سامانی نەتەوایەتیمان ئەکات .

لەکۆنفرانسی ناوبراودا نوێنەری کشت ڕێکخراوە کوردستانی یەکان و کاربەدەستانی شارو تاقمێکی زۆر لەدانیشتوانی شاری هەولێر ئامادە بوبون .

کۆنفراسەکە لە سەعات سێی پاش نیوەڕۆدا بەوتەی بەخێرهاتن لەلایەن کاك عبدالقادر محمد أمین کرایەوە . ئینجا مامۆستا عبدالوهاب ئەتروشی وتارێکی پێشکەش کرد .. پاشان وتاری لقی دوی پارتی لەلایەن کاك خۆرشید شیرە خوێندرایەوە . دوابەدوای ئەو دکتور مارف خەزنەدار وتاری ناوچەی گشتی کۆمەڵەی پێشکەش کرد . ئینجا نۆرەهاتەسەر بەڕێز قازی هەولێر مامۆستا محمد رشاد مفتی بەناوی دەستەی دامەزرێنەری لقی هەولێرەوە وتارێکی پێشکەش کرد لەگەڵ پارچە هەلبەستێکی جوان ..

دوا بەدوای ئەو کاك جواد شێروانی وتاری ڕێکخراوەکانی پێشکەش کرد . وتاری یەکێتی نوسەرانی کوردیش مامۆستا حمە کریم هەورامی پێشکەشی کرد .. ئینجا دەست کرا بەهەڵبژاردن کە لەئەنجامدا ئەم مامۆستایانە بەئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تازە دەرچون :

١ - بەڕێز محمد رشادمفتی .
٢ - یوسف میران .
٣ - عبدالقادر محمد أمین .
٤ - أنور عبدالله .
٥ - کوردستان موکریانی .
٦ - علی هەژار .
٧ - حمە کریم هەورامی .
٨ - عثمان حسن دزەیی .
٩ - أحمد شریف ، وە

برایان عبدالرزاق بێتوشی ومدحت بێخەو بەئیحتیاط .

.. (هاوکاری) هیوادارەدەستەی بەڕێوەبەری نوێی کۆمەڵە دەوری خۆی ببینی لەپێشخستنی باری ژیانی ڕۆشنبیری کوردیماندا ،. کە نەتەوەکەمان وەك ئاوو هەوا پێویستی یەتی .

م . حیدری

شێخ ڕەزایەکی نوێ .. مەلا بێ بەش

لەسەردانێکی بەغدای دا .. چاومان بەشاعیری دیاری هەولێر (مەلامەسعود) کەوت یا وەك هەندێ پێی ئەڵێن (مەلابێ بەش) یا (شێخ ڕەزای هەولێر) یا (شاگردی ئەمینی شێخ ڕەزای تالەبانی) . لێرەدا ئەمەوێ ئەوە بدرکێنم کە مامۆستا بێ بەش یەکێکە لەو مەلا ئازادیخوازانەی کە بەگیانی ئەم چاخە شت ئەپێون .. مرۆڤێکی ڕوخۆش و حازر نوکتەو بەرپەرچدانەوەیە .. کە تووڕەبی هەر یەکجار تووش وسەرسەخت ئەبێ ،وەك شیعرەدەرزی ئاژنەکانی ، کە شتیش بەهەوەسی ئەم ڕێ بکا ئەواهەر پرسی پێ ناوێ ! من بەش بە حاڵی خۆم کە چاوم بە (بێ بەش) ئەکەوێ ، یەکسەر شێخ ڕەزام دێتەوە یاد !! ئەوانەی باش ئەیناسن زۆر باش ئەزانن ، چی ئەڵێم !

هاوکاری :

مامۆستا چۆنن ؟

بێ بەش :

تا مقاییس مابێ (نان وڕۆنم) کە مقاییس تێکچوو ڕوگرژو مۆنم !

هاوکاری :

باشە ئەی بۆچی شیعری هەجووت لە شیعرەکانی ترت بەهێزترە !

بێ بەش :

من بەش بەحاڵی خۆم ،زۆر بە ڕێچکەی شێخ ڕەزا متأسرم .. ئەمەو چونکە هەجوولەباروزروفێکی وادا کە مقاییسی تێدا ئەشلەژێ ، لامۆایە باشترین چەکێکی فێکری یە بۆ ڕەخنەگرتن لەواقیعی تاڵو دژوار ..

سەرەڕای ئەوەی کە خۆم (نفسیا) ئیستراحەتی پێ دەکەم ! بە تایبەتی لە هەجووی ئەو جۆرە شتو کەسانەدا ، کە بەلامەوە شایانی ئەوەن وچەقەڵی ناو چەمن ووەك (گوڵەبەڕۆژە) ن ومۆتەکەی سەرەڕێی پەیامی (خۆشەویستی) ن !

هاوکاری :

ئەمەوا .. ئەی شاعیریەتی شێخ ڕەزا؟

وەلام :

شاعیرێکی بلیمەتە ..چونکەشیعر بەوەزن و قافیەو زەنگ و سۆزو ئاوازو بەحرەکانی مەجبوری شێخ بووە ! کەچی ئەو مەجبوری هیچ شتێك نەبووە ! لام وایە - بەپێی خوێندەواری خۆم - یەکێکی کەی وەك ئەو دورست نەبوە وناشبێت !!

هاوکاری :

باشە ، ئەی شیعرە (مەکشوف)ەکانی ؟

وەلام :

هەمووی لەجێ خۆیدایەتی ،چونکە شێخ لەگەڵ احساساتی خۆی زۆر سەرراست وڕاستگۆبووە ، دژی منافقیو تەمسیلو بانێکەو دوو هەوا بووە !! بەلام کە بە تەوژم هەڵچوە ،شارێکی وەك سلێمانیو کۆیەوەکەرکووکی داوەتە بەر نەشتەر .. کە ئەمەش لای من ناقەرەخنەیەکە لە شێخ .. بەڵام ئایا هەر هەجووی ئەو شاروناوچانەی کردوە ، یا (مەدح) یشی هەیە ؟ بێگومان هەیەتی !

هاوکاری :

جگە لە شێخ ڕەزا شاعیری تری وامان هەیە ؟

وەلام :

کەس وەك ئەم نەبووەوناشبێ ! بەلام هەندێ لە ئەم چووشمان هەیە وەك (حاجی مەلای گەورەو ئەدەبو پیرەمێردو خالیسیو بێکەسو هەژاروهینی تر .

هاوکاری :

ئەدی شیعرە هەجووەکانت خڕکردوتەوە ؟

وەلام :

بەلێ : بەلام ئەوانەی کە بۆ (اشخاص)ەکانم دانناوە .. ناوی هەمویانم سڕیوەتەوە ،بە تایبەتی دوای (مفاوضە) کردنیان لە گەڵم !!

هاوکاری :

شاعیرانی بەردڵت کامانەن ؟

مەلا مەسعود بێ بەش

وەلام :

نالی ، حەمدی ، مەحوی سالم ، احمد مختار ، مەلاحەمدون ، هەژار ، پیرەمێرد گۆران .

هاوکاری : ڕات دەربارەی نوێخوازی لە شیعردا ؟

وەلام :

بێگومان دەورێکی باش ئەبێنێ ، بەڵام بە شەرتێك (ڕەسەن) بێ ، نەك وەك کورد ووتەنی (مزەئاش) یا (نەگەنمونەجۆ) بێ ، من دژی یاسای مێژوو نیم بەڵام هەرشت بەخوێ ، خوێش بە مەعنا !!

باوەربکەن ، من بەش بەحاڵی خۆم چ تامو چێژی لێ وەرناگرم !!

هاوکاری :

لە مەدحا چیت ووتوە ؟

بێ بەش :

زۆرە .. بەڵام ئەم پێنج خشتەکی یەی لەسەر مەحویم لەبیرە .

ئەنێمە سەرسەرم پیاوێ قسەی خۆش بێتو وەك شیعرم لەگەڵ خوا شەرتو عەهدم بێ هەتا ئەو ڕۆژە دی ئەمرم گەدابێ ،شا بێ ، ڕوگرژ بێ، بەشیعرا نەقدی لێ ئەگرم لە پاداشی قسەی ساردا هەمە ئاهو هەناسەی گەرم کەسێ شێتانە ، بەردم تێ گرێ ، من بەرقی تێ ئەگرم !

هاوکاری :

ئەی لەهەجووی مەقاییسا ؟

بێ بەش :

وەك ئەمە .

کاری حیزی وایە دونیا مەردی بۆم بێ کار ئەکا
کار ئەداتە دەستی نامەرد ،کاری وا بەدکار ئەکا
سەد هەزاران پیاوی ژیروعاقڵو داناو نەبەرد
وا ئەبێ موحتاجی دەستی پیاوی ناهەموار ئەکا
وا بزانم لەو دەمەی دونیاکە دونیای ناو بووە
ئیشی هەروا چەوتە کارتی هەر خەراپەو خوار ئەکا
پیاوی دوونی بەرز ئەکاتن،چونکی دونیا دوونی یە
ئەم قسانەم زێترە ، ئەممالە جەرگم کار ئەکا
مەڕمە ، بڕمێنە ، هەوڵدەتا مەبەستت دێتە دی
شێت مەبە ، شێتە ئەوانەی خۆی بە (هیچ) غەمبار ئەکا
پیاوی خاوەن مەبدەئو ڕاستو دورست بێ هەرکەسێ
تێ ئەگاتن چی ئەڵێمو شیعرەکەم هاوار ئەکا
کێ یە ، کێ بێ ، ئەو کەسە (بێ بەش) لە شعرت تێ نەگا
هەوڵو تێکۆشینی ڕاستە ،خەڵکە ، خەڵك ڕزگار ئەکا !!

هاوکاری :

باشە ، ئەی بۆ کورد ؟

بێ بەش :

وەك ئەم پێنج خشتەکی یەم لەسەر شیعرێکی ووردی :
بیروبڕوا گەر نەمێنێ زەحمەتە کورد دەس ببات
ئاخری کورد تێ ئەچێتن بێتو بیری لێ نەکات
زۆر بەسەربەستی ئەڵێمە کورد بەکوردی تێ بگات
ڕێکو پێکی گەر نەبێ هەرکەس بە کەیفی ئیش بکات
کەس بەیەك متمانی نابێ ،گەل ئەگۆڕێ باوەری !!

هاوکاری :

دواپارچەت ؟

بێ بەش :

ئەمەیان ..!

شەڕ کرا گەر بۆ نەمانی شەڕ بەراستی خێرە شەڕ
شەڕ نەمێنێ تا لەگێتی کە نەبێتە فێرە شەڕ

شەڕ چ بێ ، سوودی چ بێ، گەر بۆ نەمانی شەڕ نەبێ
تێم بگەینە (موسلە) (بەغدایە) یا (هەولێرە) شەڕ !!

لاوتسی .. شاعیری خۆشی وخۆشەویستی

الاوتسی ، یا - مامۆستای پیر - بەدووەم زانای چین ناسراوە هەندێ لە مێژووشناسەکان لەو باوەڕەدان ، کە لەدەوروبەری (٥٧١) پێش زایین لەدایك بووە وهاوچاخی زانای ناوداری چینو دونیا (کۆنفۆشیۆس) بووە ، لەم دوو پارچە شیعرەیدا ، نامەی دڵپاکیو خۆشەویستیو سادەیی مان بۆ ئەخوێنێتەوە .. بەهەر دەپەنجەی گەشکە لە هەراو ئاژاوەو پەلەپرۆزێ ئەگرێ .. دوور لە ئارەزووی گەوجانەو گیانی خۆخۆیی .. بانگی گەڕانەوەو ئاوردانی مرۆڤ ڕائەهێڵی بۆ سەرچاوەی هێمنیو ئاسودەگی مرۆڤانەی بەداد .. شاباش بۆ خۆشەویستیو ئاشتیو دۆستایەتی لێ ئەدا .. نەخوازەللا لەو دەرفەتانەدا کە بۆنی گەنیاوی بارووت کەللەسەری مرۆڤ کاس ئەکاو نیسی نێگەرانیو دانەکاسان باڵی بەسەر هەموو شتێکا ئەکێشێو ئەبێ بەمێردەزمەوخەونی جرنیاوفرنیای هەر مەردمێکی هۆشمەند .. وەك دەرئەکەوێ مۆرکی شیعری ئەم شاعیرە کۆنە ، ڕەنگڕێژی مۆرکی تێکرایی بیرو ڕۆشنبیریو ئەدەبیاتی میللەتی چینە ، کە بەندیواری یەکی پتەوی هەیە لەگەڵ خاك وخۆڵو ئاسمانو ئاوو ڕوبارو دارستانو ڕەزو باخو گۆڵاڵەو کێڵگەو لەوەرگاکانی ئەم ووڵاتەپانو بەرینە وئەم میللەتەزۆرە .. شەقڵی هەرەدیاری بیری ئەم میللەتە فەلسەفاوی یەهەموو شتێك بەچاوی تێڕامانو وردبونەوەو قوول بونەوەسەیری ئەکرێو بەپێوانەی فەلسەفەوە ئەپێورێ - هەڵەکۆنەوە تا بە ئەمرۆش ئەگا - ئەمە ڕوالەتو ناوەڕۆکی شیعری ئەم میللەتەیە .. بەلای ئەمان مادامەکی ژیان خەباتی بەردەوام بێ لەپێناو بەراستی گەیشتن وسەربەستیو تێربوونو بەختەوەری مرۆڤ ، ئەبێ بەم ڕێبازە لە هەموو بنکەوبەرنامەو ڕازو نهێنی یەکانی ژیان بکۆڵرێتەوە ، بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزە ، ئامانجی خزمەتی زۆربەو مرۆڤی سەرراستو دڵ بێ گرێو سەرزەحەت .. ئەم دووپارچەیەش کە لە کتێبی (تاوتی کینگ) وە وەرگیراوەباشترین بەڵگەی ئەم قسانەن !

ئەگەر لەتواناماندا بووایە ،ڕێبازێك بدۆزینەوە
ئەو ڕێبازە تاکە ڕێچکەی هەتاهەتاییمان نەئەبوو !
گەر لەوزەماندا بووایە ،بۆ(ناو) ناو بکێشین
ئەو (ناوە) نەئەبوە (ناوی)هەتاهەتاییمان !
ئەوەی کە (بێ ناوە) هەر ئەوخۆی سەرەتای دەس پێ کردنی
ئەم ئاسمانو ریسمانەیە ..
ئەوەی کە (بەناو)یشە ،هەرئەو خۆی دایكو ئافەریدکاری
هەموو ئەو دەهەزار ڕۆكوبوونی تێکرایی یەیە !!
بەراستی ، ئەوەی کە هەتاهەتایێ بەبێ ئارەزووی چڵیسانە
ئەمێنێ
تەنیا هەر ئەو گرێ کوێرەکان یەکالا ئەکاو رازی رازان بەدی
ئەکا ،
کەچی ئەوەی کە تاسەرپابەندی ئارەزووەکانە ،
تەنیا لچکی پۆشاکی خۆی ئەبێنێو بەس !!

ئەم دووانە ، هەردوکیان یەك شتن
لە پزدانی ژیانا رسکان ، بەلام ناویان جیاواز بوو !!
ئاسمان هەروا ئەمێنێ ،زەوی هەروا بەردەوام
بەلان ئایا ئەوەی کە تونا وبەهرە ئەبەخشێتە ئاسمانو زەوی
لەسەر ، مانو بەردەوام بوونیان ، ئەبێ چی بێ ؟
چونکە هەردولایان ، نهێنی تازەبوونو ژیانەوە لە خودی خۆیانەوە وەرناگرن ..
بۆیە ئەتوانن ، هەتا دوایی، پێکرا بە جووتە بژین !
هەر لەبەر ئەمەش مرۆڤی فەیلەسووف
خۆی ئەخاتە دوواوە

کەچی ئەم هەر لەپێشی پێشەوە ، ڕێ ئەکا ،
- خۆی لە خۆی - هەڵەتەئەکا ، بەرەنگاری خۆی ئەبێ
کەچی سەرلەنوێو بەکارامەیی ئەخزێتەوە ناخ دەرونی خۆی
ئایا ئەمە لەبەر ئەوە نیە ،چونکە لە (خۆپەرستی) ڕووتاوەتەوەو
وراستی یەکانی درکاندوە ؟
هەر لەبەر ئەوەش ، بۆی ئەلوێ
خۆی بگەیەنێتە قەوارەی ئادەمیزادی سەربەرزو تەواو !.

محمود زامدار

institut kurde de paris

رۆهنکرنەك لسەر گوتارا «مەلایێ جزیری»

عبدالرحمن مزوری

دهژمارا (١٠٠)دا ، ژروژنامەیا هاوکاری‌یا خوشتڤی ، چاڤێ من بگوتارا سەیدا (صادق بهاء الدین) ی کەفت ، لسەر هوزانڤانێ مەزن (مەلایێ جزیری) • بێ‌گومان هندی بێژی گوتارەکا بەرکەتی‌بو ، بەلێ من وەسا زانی هەکە ئەژی ـ هندی زانیناخو ـ دەولکاخو داهێلمە وێ بیرێ ، ئو هندە قورنەتێت وێ گوتارێ روهزبکەم خزمەتەکە بو توڕێ کوردی •

گاڤا سەیدا لسەر ژیانا هوزانڤانی دئاخفیت دبێژیت : هەڤ دەمێ ـ واتە جزیری ـ فەقێ تەیران بو ، ئەڤە راستە ! بەلێ باوریا ویی بڤێ گوتنێ مۆکم نینە چنکو دبێژیت :

« ئەڤ چەندە لەنگە !! جزیری لنافبەرا ١٤٠٧ـ١٤٨١ زاینی ژیایە » • لڤێرێ دویرنینە سەیدایی سالا ژیانا جزیری ژ (مێژوی ئەدەبی کوردی) وەرگرتبیت وەکی (سجادی) نڤێسی ژزرادەڤێ (عبدالقادرێ ئامێدێ) •

بهرزا من گەلەك راستە جزیری هەڤ‌چەرخێ فەقێ تەیران بو ، ژبەر ئەو هەلبەستا بەرێکانی (مساجلە) لناڤ‌بەینا هەردوان‌دا • هەیە جزیری ویی دەمی یێ ساخ نەبا چەوا تەیران دابو سلاڤا فرێکەت و دەرمانا بو خەمو کولێت خو ژێ خازیت ؟ ئو چەوا جزیری دا بەرسڤا تەیرانی دەت دوێ هەلبەستێدا ؟ نەخاسم کەسەکێ هوزانێت جزیری کویر خاندین‌و ڤەکولاین ، نەشێت ڤەت بێژیتن ئەو هەلبەستا برێکانی دگەل تەیرانیی هاتیە گوتن‌و ڤەهاندن یا جزیری نینە ؟ ئو هەیە تەیران سالا ١٠٤١ مشەختی یێ ساخبیت وەکی ئەڤ هەلبەستا ویی یاخاریێ دیاردکەت ، بێ‌گومان جزیری ژی وێ گاڤێ یان چەرخی زیندو بویە •

ئەڤە سەرێ وێ هەلبەستێ‌یەبو خاندەڤانا :

دلو رابە دلو رابە — ڤەکە چەهڤان کو ئێڤارە
نەزانو بەس دخەودابە — بنەومێرا مەبە یارە

هەتا دبێژیت :

ل(محمد) حەفت ڤەلەك چونە — ژهیجرت دەور گەلەك چونە
هزار سال چل‌و یەك چونە — ئەڤ غەزەل‌و هاتە دیارە

ئانکو : هەر حەفت ڤەلەك‌زڤرین لسەر (محمدی) ـ کو ناڤێ فەقێ تەیرانە ـو گەلەك‌سالێت هیجری بوری‌نە نێزیکی ١٠٤١ سال چویی‌نەدەما ئەڤ غەزەلە هاتیە نڤێسین مە گوتی بەری نهو ، راستەجزیریی یێ زیندو بوو دەما گوتنا وێ برێگانێ دگەل‌تەیرانیی ، ئو تەیران ژیی یێ ساخ بوو سالا ١٠٤١ مشەخنی‌دەما نڤێسینا هوزانا وی یابوری وەکی وی بدەڤێ خوگوتی !! لڤێرێ دویرنینە جزیری هاتبیتەدونیایێ لسالێت‌دوماهیکێ ژسەدێ (نەهێ) مشەختی‌و مابیتن حەتا سەدێ(دەهێ) مشەختی وەکی (ئەحمەدێ زڤنگی نڤێسی‌ددیوانا وی‌دا ، نەوەکی سەیدای (صادق) و(سجادی) نڤیسی‌یە لناڤ‌بەرا ١٤٠٧ ـ ١٤٨١ زاینی ئانکو٨٢٨ ـ ٩٠١ مشەختی بوو • ژبەر کێم وەختی‌یە ئەم ناکارین‌گەلەك لژیانا جزیری دڤێ گوتادێ‌دا ڤەکولێن ، بەلێ‌یافەرە هەکە خاندەڤانێت بەرێز بڤان گوتنا رازی نەبوون ، ئەمدێ زڤرین پێتر تیرێرێ هاڤێژنیە وێ قۆلاچا تاری‌ژژیانا جزیری دگوتارەکا دی‌دا •

بەری ئاخفتنا خو بدوماهێك‌بینم ، دێ هندەك نەراستی‌یا ژهوزانێت سەیدای نڤێسین بونمونا دگوتارا خودا ، دانە بەرچاڤان •

سەیدای ئەڤ بەیتە هۆسانڤێسی‌یە :

گەر لوءلوءێ مەنسور ژ نەزمێ‌تو دخوازی
وەر شعرێ مەلێ بی‌نە تە بشیراز چ حاجەت

راستیاوێ ئەڤەیە :

گەر لوءلوءێ مەنسور ژ نەزمێ‌تو دخوازی
وەر شعرێ مەلێ بین تە بشیراز چ حاجەت

واتە سەیدای بێژەیا(بی‌نە) یا دانایە شوینا بێژەیا (بین) و ئەڤە راست نینە چنکو هەلسەنگاندنا بەیتێ ناهێتن ، ژبەر (بی‌نە) دوو دەنگە، بەلێ (بین) یەك دەنگە •

دیسان ئەڤ بەیتا (خانی)سەیدای هۆسا نڤێسی‌یە :

گەر دیی هەبووا مەژی‌خودانەك
عالی کەرەمەك لەتفیی‌یە دانەك

راستیا وێ ئەڤەیە :

گەر دێ هەبووا مەژی‌خودانەك
عالی‌کەرمەك لەتیفە دانەك

واتە بێژەیا (لەتفی‌یە)بگهورین ببێژەیا (لەتیفە) وەکی هاتیە نڤێسین ددیوانا(خانی)دا مەمو زینێ چاپا هەبلێز • ئەڤ مالکێت خواری‌ژێ یت (خانی) باش هاتینە شلقاندن ، و سەیدای هۆسانڤێسی‌نە :

بیناڤە رحا مەلێ جزیری — پێ‌حەی بکرا عەلی حەیران
حەتا بئەبەد بمایە حەریری — کەیفەك وەبدا فەقێهێ‌تەیران

راستی‌و تەرتیباوان هۆسایە:

بیناڤە رحا مەلێ جزیری — پێ‌حەیی بکرا عەلی حەریری
کەیفەك وەبدا فەقێهێ تەیران — حەتا بئەبد بمایە حەیران

هەر وەسا بەیتا (نەهێ)زهەلبەستا(من دبەر قالو بەلا) یاجزیری بڤی رەنگی نڤێسی‌یە :

سۆهتم ئەز پیتا ئەڤینێ — تێك بو ئەم گردو هەبا
(ان لی آیات صدق — کان فی هذا النبأ)

راستیاوێ ئەڤەیە :

سۆهتم ئەز پیتا ئەڤینێ تێك‌بوەم گردو هەبا
(ان لی آیات‌صدق کان فی هذا النبأ)

واتە (بو ئەم گردو هەبا)دبیتە (بوەم گردو هەبا) چنکو چ مەعنا وەکی سەیدای نڤێسی‌ژێ ناچیت ، و ئەڤە مەعنا وێ‌یە بو خاندەڤانا : تێك‌واتە هەمی‌یان هەمو ،بوەم واتە بوم یان (صرت) ، گرد واتەگەرد یان (غبار) ، هەبا عەرەبی‌یە واتە (هباء منثورا) •یەعنی جزیری دبێژیت : ئەز بگوڕیا ئەڤینێ سۆتم حەتاهەمی بومە توزو غوبارو بای ئەز بەلاڤە کرم ، هەر دندکەك‌بو جهەکی •

لدوماهیێ هیڤی دارم« هاوکاری » ڤێ نڤێسینێ لناڤ بەرپەرێت خو بەلاڤ‌کەت ،وسەیدایێ هێژاو قەدرگران (صادق بهاء الدین) بسینگەکێ‌فرەهـ بەرێ خو بدەتە ڤان گوتنا •



رۆهنکرنەك

برادەرێ هێژا (خالددوسکی رووکنرنەکا ژمەرا شاندی تێدا دیرادکەت کو وی چو دگەل (هاوکاری)یێ نەبوویەو نینە !!

ئەم گەلە سوپاسا برایێ بەرکەتی دکەین ، هیڤیدارین لە ببوریت ، یاراست مە دگەل وی نەبوو ، بەلکی مە دگەل هەڤال (خەلیل‌دوسکی) بوو بەلێ نەراستیەکا چاپەمەنی ئەڤ ئالوزی‌یە پەیداگر •

جارەکا دی هیڤیدارین ژبرایێ (خالد) لە ببوریت‌و برایێ (خەلیل) وێ گوتارا مە بلاڤ کری لسەر نڤیسینەکا وی بخوینیت‌و هەربژین •

« هاوکاری »

پێ‌کەنین

لگونەدەکێ دیار کو مروڤێت (ساویلکە) ێت عاقل‌سڤك لێدژین ، باران لێ ڕاوەستان و نەهاتن خەلکێ وی گوندی ئالوزبون ژ بەرجوت و کێلی ، (پلێ) نەکەفت :

(دەمێ بەرێ هەکە باران ڤەمابان د چونە داخازا بارانێ ژ خودێ ، پیر و جەحێل بچیك‌و تفال داچنە سەر گرە کێ بلند و دا داخازێ ژ خودێ کەن کو بارانێ بدەت چنکو دێ لێ بیتە گراز ی‌و خەلا و دێ حەیوانێ وان ژ دەستا هێتە دەرێ هەکە هەر باران نەهاتبا دا بهندەك بەرکێت (گرۆڤر) ڤە خوینن و دا هاڤێنە ئاڤێ هەکە هەر نەهاتبا دا (بکێلیا) ڤە خوینن‌و دا خشینە د برکێت ئاڤێ دا ، هندەك جارا بخو باران دهات و هندەك جارا ژی دسەر ڤێ هەمیێ ڕا هەر نەدهات تەڕاتی بعەردی نەدا کەفت •)

چونەداخازبارانێ و هندەك دیاری دگەل خو برن بو (مەلائیکەتێ) باران د دەستی دا، لڤەگەڕیانێ ئێکی کولوندەکێ دەرگرتی دیت وەختێ ژ عەردی هەلگرتی گولێ بو کو زورمێنەکا مەزن یا ژێ دهێت پێڤە مانە مەحتەل نەزانی چیە تێدا و دێ چ لێ‌کەن ئێکی عاقل مەند دگەل بو گوت : ئەڤە (فاتحە و قل هو الله) ن بو خێر مەلائیکەتێ بارانا ێت بو مە هنارتین دا خێر بگەهنە مە ئەوان ژی گولندێ خو برە مزگەفتێ ، کنجرەك د قول ـ قولا دەری ڕاکر ، و کون و دەرز و کولەك بپاتە و پرتە ـ پەڕوکا ئاسێ کر و لدور کوچکێ مزگە فتێ خڕبون دا (قل هو الله و فاتحا) لخو لێکڤەکەن نە بێژە ئێکی شلخەکا مێشێت هنگڤینی یا بخو کریە (کولوندی دا ، وەکی دەرێ کوندکی ڤەکری ، مزگەفتا گەرم بو مێش ئاریان بەربونە سەرو چاڤێت وان (هەی لەل وی و بابێ وی) خو قورتال کەت ئان خود کونجەکێ ڕا ڤەشێریت کو مێش ڤێ نە کەڤن ،گەلەکا ب موختاری ڤەدا وی ژی ڤەستا دەرکێ مزگەفتێ کر و لئیشکێ فاژی بو ئێکی ژی پسیار کر کا موختارێ مە کا چ بسەری هات ئێکێ دی ژ وان گوت : من موختارێ دیتی دو (الحمد و سێ قل هو الله) ێب دویڤ ڤە و خود دەری قوتا و دەرکەفت) •**

تەمەر ئاغا

دبێژن ئێکێ ساویلکە(عاقل‌سڤك) هەبو لگوندەکی ،ناڤێ وی (تەمو) بو ، هەر جارەکا کاربەدەستێ وێ دەڤەرێ دیتبا دابێژیتێ ، مەن‌بکە مەزنێ مەملەکەتی ••• تە بێ چێدبیت ، ڕۆژەکێ کاربەدەستی ڤیا بخو هندەك‌یاریا ب « تەموی » بکەت ، گوتێ : تەمەر ئاغا ، من مەملەکەتەکێ دیتی ••• یێ بێ‌فند و فێل یێ بێ شیکایەت و گازندە ، یێ بێ تەشقەلەو حیلە ، هندی تو لێدەی وزەحمەتێ بو چێکەی دەنگی ناکەت • دەڤێ (تەموی) بەش‌بو شکەیفا دا ، گوتەکاربەدەستی : ئاها ••• تە ئەز خولام بیم ، مەزن و ماقیل‌دڤێت وەکی تە بن ••• تودێ خولامێ خو بینی هە کو ئەز مەزناهی‌یێ و ئاغاتی‌یێ لوی‌مللەتی دکەم کاربەدەستی گوتێ : وی مللەتی دێ بەیە سەر ئاڤێ دا ئاڤێ ڤەخوت (توفیتیا دزانی) تەمەر ئاغا !!!

تەموي گوتێ : بەلێ فیتی‌یێت من خوش ترن ژ دەنگێ فیتکێ (فیرفیرکێ) « ئان پیی ـ پی ـ کێ » ، پاشیی دێ بەیە جهێت خوش دا بلەڤەریت (بچەریت) و ئیڤاری دێ کێشکەیە گوندری ، ئەو بخو دێ چنە بەردەرێ مالا خودانێت خو ، وروژا پاشتر ئەو بخو دێ لتە گوم بن و دێ بنە ڕێز لبەرێ تە و دێ چنە بەیاری ، تو ژی مللەتێ خو ببە جهێت تێرگیا دا بچەریت • تەمو ژ کەیفا دا نە نفست وێ شەڤێ سپێدی ڕابو قەستا کولانا گوندی کر دیت مللەتێ وی ڕیزبو هەرێك ژ مالا خو دەرکەفت و کەتنە کولانا گوندی و قەستا بەیاری کر ، تەمو کەتە دویف و ژ گوندی دەرکەفتن ، هەرو دا کاربەدەست پسیارا مللەتێ وی ژێ کەت •• تەمو دا بێژیتێ •• مللەتێ من گەلەکێ باشە یێ بێ گازندەیە •• ئەزێ ژێ تەنا مە •• من گەلەك یێ خوشبو تە ئەز کریمە مەزنێ ڤێ مللەتێ هو یێ چاك ، یێ بێ زار و ئەزمان ، هندی ئەز لێدەم و بقوتوم ، پیخڕا بکێلەکێت وان دادەم دەبناکەن ••• تەمو ما لسەر شولا خو هەکە هەیڤەکێ هەکە دەها ••• ڕوژەکێ تەمو یێ دگەل مللەتێ خو لبەیاری ، چەر کێم بو لوی عەردی •• تەمو چو سەر سەرێ بەرەکێ بلند لهنداف چەلختەکی دیت گوڕەکا خوش یا تێر گیا و ئاڤ بەلێ یا دویرە و یا دویرە و ڕێکا وێ‌دوڕبەیە دبەردا سویلەکە یا بلند ، تەموی گوت : دێ مللەتێ خو ببە جهێت وێرا هە ••• ڕابو دەوار و حەیوانەتی ببەر و پیخڕا و لپشتا وان ڕاوەستا بدارا هەمی لتەنگە دەرێ ئاسێ کرن ، چو ڕێك نینن ئەو حەیوان پێڤەبچن ـ هەکە خود سویلێ دا پاڤێژن ـ دەوار نەچار کرن لبەر بەرا هێسترەکێ خود سویلێ دا هاڤێت ئێکا دی دا دویڤ و ئێکا دی و یا دی و حەیوانی و ڕێز کەفتێ خڕا خود سویلێ دا هاڤێت بدوڕبەی کەتن ، ئان دەستوپێ لێ شکەستن ، ئان شاخ لێ بونە قرومە ، ئان پشت لێ شکەست ئان زك لێ دڕیا ، هەمی بونە کەلەخ لبنێ سویلێ، ئێك نەما ساخ لسەر پیا ، تەمو لبەر زڤری هندی کر و نەکر نە شیا ئێکی ژ وان ڕاکەتە سەر پیا ، تەموی قەستا گوندی کر، کاربەدەستێ وێ دەڤەرێ یێ لبەر دەرێ مالا خو پەیاسێ دکەت ، مونا فقێت وی یی لدورا خڕ بوین ، وەکی هەمی ئەڤە تە چاوا هو لمللەتێ خو کر ، تەموی گوت : دا بەمە گوڕا هە بو چەروانی •• دیتنا من دیتی هەمیا خود ڤێ سویلێ دا هاڤێت ، ڤێجار بو من برێننە مللەتەکێ دی یێ وەکی ڤی یێ‌فەقیر یێ‌گوهدار، دا بشیم سەرە دەریا خو دگەل بکەم •

(چەپەر)

ماقیل و مەزنێت بەری نهو لهیڤیا ئێکی گو بکە ڤیتە لەپا ذا بخو یاریا یێ بکەن، دیت تەمو یێ ژدویرڤە د هێت، هەر هات و گوتە کاربەدەستی: بو من سەح کە مللەتەکێ دی مللەتێ من کەس ژێ نەمایە •• هندی ئەز د هێمێ کەس ژ وان ناڕابیتە سەر پێد خو ، هەکو چون سەحا مللەتێ وی کری دیتن یێ بچ حالە ، گوتێ:

سرووداپێشمەرگەی

هەوار ڕیباری

تڤەنگ هەڤالا منە
سەربەستی ڕێکا منە
وەلات ئەڤینیا منە

جهێ خوشمێریت کوردا
جهێ زیرەك‌و مەردا

ئاخا وەلاتی زێرە
هەمی چیاو شکێرە
بدار بەرەی‌و کنێرە

دەشت‌و رویبارێت بەردا
مێرگ‌و کولیکێت سەردا

گاڤا بوهار سەردا دهێت
وەلات هەمی د خەملیت
پر چیمەن‌و گول دبیت

لناڤ مێرگ‌و باغادا
لئاڤارو گوندادا

وەلات جەندێ پر ڕەوشە
وەلات‌مەحفیرێ پر نەخشە
دنیا هەر گاڤا گەشە

زەنگلا خوشیێ لێدا
بلبلا بومە لێدا

وەلاتێ خو دێ کرم
سەر ئاخا وی دێ مرم
بو من نابیتە شەرم

دێ مرم گەل شەهیدا
سەر ڕێکا وەلاتی‌دا

دێ گازی‌کەم بدەنگێ خۆ
دێ بلندکەم بدەستێ خۆ
ئالایێ وەلاتێ خۆ

الهنداف هەمی ئەردا
بو سەر بلندیا کوردا

بلا وەلات سەربەست بیت
سەربلندو رزگار بیت
بێ دوژمن‌و نەیار بیت

وەلات ژی دوێ گاڤێدا
دێ کەڤیتە د خوشیێدا

دێ خوینم گەل بلبلا
لسەر گراو سەر ملا
هنداف گەلی‌و نەهالا

گەل هەمی هەڤالادا
لناڤ وەلاتێ مەدا

دێ دەستێت خو تێك‌گرین
نامینن ئێش‌و برین
دێ ئاوازی ڤەگێرین

دەنگێ مە لچیایا ڤەدا
دێ ئەم بێژین سرودا

تەڤەنگ هەڤالا منە
سەربەستی ڕێکا منە
وەلات ئەڤینیا منە

جهێ خوشمێریت کوردا
جهێ زیرەك‌و مەردا

کۆژیەکێ سەر بخو

عبدالرحمن نقشبندی

(ئاخفتنەك دگەل مروڤێ هەیڤێ)

روژەکێ ژ روژێن زڤستانا گران ، ئەزێ تەلاش کری بوم لسەر تاقا پشتا خو ، خولیا جگارا من دوەریا سەر سینگێ من‌و دویکێلا وێ کربو تەمە دوی دژورڤە • نڤشتوکەك دناڤ دەستێن من دا بو •چەند پەرەك من ژێ خاندن ، دبینم هەمی لسەر مروڤی‌یە ، کانێ چەندێ بهزرەو چەوا یێ شیپای وان ئاستەنگێن دڕێ‌یا خودا ڤەدەت‌و ژیارا خو بەرفرهە کەت •

ئەز دگەل وان پەیڤان تڤیام (حەلبوم) ئو هزرا من هەمی بو وان بێژا چو • هەتا دەمەکی ئەز ژچار چوڤێ خاندنێ دەرکەفتم ئو ئەڤ هزرە بومن هات ••

من دیت تشتەکێ دنەیست لبلندااهی‌یێ‌و هەرێ نێزیکی من دبیت هەتا دەمەکی باش نێزیك بو ئو دادا سەر ئاخێ ئەز ژپێژڤە چوم دابزانم کانێ ئەڤە چ چریسەتە ••!! دبینم دەرگەهەك تێ ڤەبو ، دگەل وێ چەندێ دوو مروڤ ژێ دەرکەفتن (گەلە بمروڤێ نهوڤە نەد چون ، هندە جوداهی دناڤبەرا مەداو وان هەبو) هەر ڕاست ئێکی ژوان دگەل من ئاخفت‌و گوت : ئەڤە چ جهە ئەم لێ ••؟

من بکوتەکی گوتێ : ئەم دبێژینێ ئەرد ••

گوت : چ ژیان لێ هەیە••؟

من گوتێ : مروڤ‌و (حەیوان‌و) گیا ••

گوت : کی‌ژوانا ژهەمیا پێڤەهاتی‌ترو شەهرەزا ترە ••؟

من گوتێ : مروڤ ••!!

گوت : تو ژکیژکانی ••؟؟

من گوتێ : ژمروفا ••

گوت : ئەو چیە ددەستێن تەدا •• ؟؟

من گوتێ : جگارەیە ••

گوت : چ قازانج تێدا هەیە •• ؟؟

من گوتێ : چ قازانج تێدا نینە ژزیانێ پێڤەتر •• هەر ڕاست لهەڤالێ خو زڤری‌و گوتێ دابچین ژڤی جهی مانێ شەهرەزایێن وان وەکی ڤینە ••؟؟ دگەل وێ چەندێ ئەز هشیار بومەڤە ژوێ هزرێ‌و فرەکا کویر من لجگارا خوداو ئەز نڤستم ••!!

پارچە کاگەش ژفولکلورێ کوردی

سیامەند :

چەمێ گوندێ مە بشەوتی‌بئاڤو ماڤە
زەری‌یێت گوندێ مە دەلینگان ددنە ناڤە
خوزما منێ نە بڤێ‌چاخێ با
خوزکا منێ بوێ چاخێ‌با
چاخێ ئەز ژ خوراو دەبکا خورا
دچوومە بەر خەفکانوداڤا

خەجێ :

ئێڤارە روژا لبەرئاڤا
هات چاخێ نڤینازوکولاڤا
ژامکە ڤەلەکا قول بەرێ‌من‌و تە دومینێ
ئەزێ ژتەرا بم بوك نودێ ژمرا بی زاڤا

سیامەند :

لێ خەجێ تو بەس بگری‌بدەلالی
تو بدی خاترا نائێ خودێ‌ئێ زور جەلالی
تو بەس روندکا ببارینە
چاڤێت ڕەش بەلەك ژکلێ‌سوبحانی نەکە خالی

مەنە ژامکە ڤەلەکا قول وێ بسەرێ منو تە دومینێ
ئەزێ ژتەرا بم مالخوێ
تو دێ ژمرا بی بەرمالی

خەجێ :

سیامەندو ئەزێ برا سەرێ بەحرا وانێ
سیپانێ خەلاتی کەتم بمێرگو گازە
خوش تێ قێرینا فولنگان‌و قەرتەلان‌و قازە
سیامەندو رابە هەسپێ‌تە پێ‌کولێ دکە
خودانێ خو ژمن‌دخوازە

سیامەند : (دمریتو دەنگێ‌وی ناهێت !!

خەجێ :

ئێڤارە دنیا شەڤەرەشە
گو بشکوژ گرتن دانەسەر بنەفشە
خوشتێ دەنگێ دیکلێ ئەسمانا دیکلێ عەرشە
مەنە من گوهێ خو دابنێ‌ژێر زەمی‌یێ
خوش‌تێ نالینا برینداراا یانەخوەشە

(خەجێ خو دهاڤێتە بنێ‌نهالێ بسیامەندی‌را دگەهیت) •

شڤانە .. هلو

گورکێ پەزێ تەددزیتن
شڤان : هلو •• رابەتانێ دێ گەزیتن
دێ لەشا لێ هنجنیتن
سورە خوینێ ژێ مێژیتن
دەڤ بخوینە •••
کێلبێت وی دتیژودهسوینە
گەلەکێ خاپڤانە مانێ
شڤان هلو رابەتانێ

⊙ ● ⊙

خولبەر پەزی دڤەنیسیتن
دێ هەستیکا لێ هیریتن
مەژی لێ هەاریسیتن
کەڤلکا دا درینیتن
چاڤو دانا هەلکەنیتن
یێ بێ جەرگە
راستە (توبا گورگی‌مەرگە)
لکارێ پەزێ خوبرینە
باش دەڤێ گورگی لێ‌ببینە

⊙ ● ⊙

مخابنە •••
یێ‌گوشتنە •••
بێ‌بناسە ئەڤ برنە
ئەڤ کوشتنە
خولبەر دانە •••
ئیشەکە یێ بێ یەمانە
ئان بستەیە ئان‌نەمانە

⊙ ● ⊙

گورزی دانێ
تەرمی تەلاشکە لکولانێ
دا چ گورگ ژنوکەوێڤە
ژ توخیبێت چەروانێ‌تە
زەهێن هێڤە ،
نەهێن هێڤە

میصل

institut kurde de paris

ئەرێ چارەڕێی چیمان ئەکرد؟

پاش چاوەڕوانیەکی زۆر و بێهودە ، بۆجولانەوەیەك ، بۆ بەستەڵەك و سەهۆڵ بەندان شکاندنێك ، بۆ شەلەقاندی زەلکاوی پەنگ خواردوی بێچالاکی و کپ کەوتوی ... لە (تیپی هونەری هەولێر)ەوە ، کە تاقە تێپکی هونەریە زۆربەی هونەرمەندە بەهرەدار و توانا-دارەکانی شاری خەباتی خوێنی لەباوە شداکۆبوینەوە . هەرلەپرێکا ، وائەبینین لافیتەو درۆشمە هەڵواسراون کە گوایە :-

« لە ٢٩-١٢-١٩٧١ تیپی هونەری هەولێر وەرزی هونەری خۆی ئەکاتەوە بەگێرانی گەورەترین ئاهەنگی موسیقاو شانۆگەری لەسەر شانۆی هۆلی شارەوانی » .

بەراستی بونەهۆی دڵداخورپاندن و چاو زەق کردنەوە بۆ ئەومژدەیە ، کە تیپ پاشی ئەوخەوە قوڵەی ئامێزی تەمبەڵی و هەستنەکردن بەلێ پرسینەوەوا دەرکەوت کە لەخەوی پرشوم و نەگبەتی راچڵەکیوەو ، ئەیەوێت بەگێرانی (گەورەترین ئاهەنگی ...) هەر نەبێت تۆڵەی وەنبونی لەسەر شانۆو بەرچاوی خەڵکی پێبکاتەوە ..

کەچی ئەوەی خۆی خزاندبوە کەلێنی بیرمان ... واپیشان درا کە هەگبە بیری تیپ بەئاسانی جێی پێی ناکاتەوەو ... تاقە مەبەستی ئاهەنگ گێرانیش (بلیت) ساغ کردنەوەبو ... کەئەو درۆشمە پر وشە پڤدراوانەی هەڵیان واسی بو ، تەنها بۆ خلافاندنی جەماوەری هونەر پەروەرو ... هیچی ترنەبو .

کەوەك دیمان (گەورەترین ئاهەنگی ...) بریتی بو لە شانۆگەریەکی ئێجگار کورتی ناشیاو کەمەرجی شانۆگەریشی تیادا بەدی نەئەکرا ، « لێرەدا لەبەرنەبونی بوار نالوێ لە نواندنەکە بکۆلینەوە » مەرەپای ئەوەش پێناسی ئاهەنگ بەر لە لادانی پەردە (ناوەرۆکی) شانۆگەری « دادگا »ی بۆ دانیشتوان رون کردەوەو بەشێوەیەکی وا نزم و ئاسان ، وای ئەزانی گوشەی (بۆمنالان) لە تەلەفزیۆن پێش کەش ئەکات کەگوایە نواندنەکە (بریتیە لەوەی لە ساڵی (١٩٩٩) پێویستە لەسەر هەرکەسێك محاسبەی خۆی بکاو ببیتە دادپرسی خۆیو ... تاد ...) کەچەندین جار ئەو وشە (کفریانەی) هونەری شانۆگەری دوپات ئەکردەوە ، جانازانم لەکاتی بینین نواندنەکە چکتوپڕی و ئاراستەکردنێك و دەرس وانێك بینرا ...!!؟ تەنانەت خۆ ئاقی کردنەوەو خۆپیشاندانی چەندلاوێکی هەرزەکارنەبێ ...!

یاگەورەترین ئاهەنگ ، هەرئەوەندەبو کە (تابلۆیە کۆمیدیەکەی مامۆستای هونەر) کەتیپی لاوانی دیموکراتی کوردستانی تێ کۆشەر ، لە ئاهەنگێکا پێش کەشی کردبو ، لێرەشدا دوپات بکرێتەوە ...

یا (گەورەترین ئاهەنگی موسیقا) هەر ئەو چوار گۆرانیەی دڵسۆزو خامۆش وفوئاد محمدی تازە پێ گەیشتو بو کە ئەتوانم بڵێم گۆیێ دڵی جەماوەری هەولێر لێیان کەڕبوە ، کە هێندەی لەهەر بۆنەیەکو ئاهەنگێکان بجوێنەوە تەنها ئەو دوسێ گۆرانیە فولکلۆریەکانی تحسین طە ومەنەلۆجو پەللارەکانی هونەرمەند صابر عبدالرحمن نەبێت کە بونەهۆی هاتنەوەسەرەخۆو کپ بونی پلارو بێزاری دانیشتوان ...

ئینجا لێرەوە چەند وردەپرسیار ئەبینین کەئێمەش پرسیارەکان فرێدەینە کۆشی تیپو با لەدەمی مێشك و دڵی تیپا وەڵامەکان هەڵبقۆزنەوە .. کە ئایا ئەم ئاهەنگە بۆ وابو ..!!؟ ئایا هەربەخۆیان درۆشمەکانیان هەڵنەواسیبو . ئایا ئەو هونەرمەندانەی وەك ئەستێرەیەکی درەوشایەوە لەئاسمانی هونەر یا لەباوەشی بوکی مێژودا ئەدرەوشانەوە لەکوێ بون .. ئەوەو هونەرمەندانەی کە هەر بەناوی تیپەوە (فالچی) و (ئاهەنگی کۆنگرەی نووسەران) وچەندەها بەرهەمی شیاوو نایابی تریان پێش کەش کردبو بۆدەنگ و ڕەنگیان نەبو .. !؟

جائێمە لەو کاتەی کەئەورەخنەو گلیەیە ئاراستە ئەکەین تەنها تیپ ناگرێتەوەو بەلکو گشت هونەرمەندێکی کوردبەروەر ئەگرێتەوە لەشارەکەمانا .. کەچاوی دڵسۆزیو هونەر پەروەریان هەڵبهێنن وبەرهەمی شیاوو شۆڕش گێرو نوێ خوازو .. ، کە هەڵێنجراوی کانی دەرونی چینی ڕەشو روتوچەوساوەکانی گەڵ بێو پەیامە پیرۆزەکەیان بە پاکی و دڵسۆزی بەنەوە شۆڕش گێرەکەیان بگەیەنن .. !!

خوێنەرێك

داواکاری شانۆی کوردی

عمر علی أمین

پاشماوەی : ژمارەی پێشو .. — ٦ —

پەیوەندی نێوان هونەرمەندان

هێنانەدی شانۆی کوردی وەخزمەتکردنی جولانەوەی هونەریی وە پەیڕەوی کردنی یاساو ڕێبازەکانی شانۆ بە دڵسۆزی یەوە بێ گومان ئەمنیازە هونەرمەندان بەلای خۆیدا ڕائەکێشێتو کۆیان ئەکاتەوەو توانایان یەك ئەخاتو یەکیتی ئەخاتە ناویانەوە .

وەکە ئەڵێین : هونەرمەندان مەبەستمان لەوکەسانەیە کە هەمو ناونیشانێکی هونەرمەندی تێدابێت .

بەڵام کە دەنگوباس بەوجۆرە بڵاوە کەگوایە هونەرمەندان لەناو خۆیاندا وەیان کەجاروبارە ئەم دەنگوباسە لەسەر الایەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان دەردەکەوێت بەڵام هەتائێستا ئەم مەوزوعە تەنیا هەر بەناکۆکی لەقەڵەم دراوەو هیچی کە بەبێ ئەوەی کەبەشێوەیەکی ڕاستەو دروست شیتاڵ بکرێتەوە وەیان ڕێگەیەك دابنرێت بۆچارەسەر کردنی .

وردبونەوە لەم باسە ئەمان گەیەنێتە ئەوەی کە بڵێین : هەمو کۆڕو کۆمەڵێکی شانۆیی وەك هەمو کۆڕو کۆمەڵێکی کە بێ گومان هێندێ خۆپەرستو ناوپەرستو بێگانە بەهونەرو نەشارەزاو کۆڵك و زڕە هونەرمەندی تێ ئەکەوێت کەبیروڕاو جۆری ئیش کردنیان لەگەڵ بیروڕاو جۆری ئیش کردنی ڕاستی هونەرمەنداندا ڕێك ناکەوێت ، کە لەئەنجامی ئەمەشدا دو بەرەی جیاواز دروست ئەبێت کەبەرانبەر بەیەك بوەستنەوە : بەرەی هونەرمەندان وە بەرەی زڕە هونەرمەندان .

جالێرەدا بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت کەبەرەی هونەرمەندان لەناو خۆیانداڕێکن وە کۆکن وەیەکن چونکە هەمو یەك نیاز کۆی کردونەتەوە کەئەویش خزمەتی شانۆی کوردییە بە پێی یاسای شانۆگەریی جیا ئەوەی کەپێی ئەوترێت ناکۆکی پەیوەندی بە بەرەی ئەمانەوە نیە ، بەڵکو پەیوەندی بەبەرەی زڕە هونەرمەندانەوە هەیە کەئەمان بەتەبیعەتی نەشارەزایی و کەم توانایی و دەرون نەخۆشی خۆیانەوەئەکەونە بەربەرەکانێی بەرەی هونەرمەندان وە بەرهەڵستی کردنیان کەئەمەش لەدەرەوە دیمەنەکەی وانیشان ئەدات کە ئەم ناکۆکیە لەناو هونەر مەندانداییە .

لەکاتی دابەش کردنی دەورەکانی شانۆگەریەکدا ، باوکو کوڕێك لەشەخسیاتی چیرۆکەکەن واڕی کەوتبو ئەو نوێنەرەی دەوری باوکەکەی درایە کوڕێکی هەبو زۆر لە خۆی ئەچو ، دەرهێنەری چیرۆك بۆ بەهێز-بونی بەرهەمەکە بریاریدا کە کورەکەشی دەوری ئەوکوڕە وەرگرێت کە لەچیرۆکەکەدایە ، کەبێ گومان ئەمە لەکانگای ڕاستیو سەرکەوتنی شانۆگەری یەکەوەبو ، کەچی بەرانبەر بەمە هاوار هەڵسا ! بۆچی خۆی و کوڕی دەوربببینن ؟ ئەی ئێمە چی دەکەین لێرە ؟ بو بە هەرایەك ئەوسەری دیار نەبێت! دەرهێنەری قوڕبەسەریش کە یاسای شانۆ دەسەڵاتی دکتاتۆری ئەداتێ ، هەر ئەوەندە دەمی [illegible] وتی دەستمەخەنە ئیش وکارمەوە ئیتر بەزمەکە ئەوەندەی کە گەرم بو !

جا ئەگەر لەم هەڵوێستەدا دەراهێنەر دێتەسەر ڕای ئەم کۆلکە هونەرمەندانە لەباتی منداڵەکە زرتەبۆزێك داڤەنێت ئەبێ لەیاسای شانۆگەری لابدات و هەرەسی بە بەرهەمەکە بهێنێت ، ئەگەر دەمیشی ئەسوتێ ئەڵێت ئەمەکفرە هەزار بڕو پیانوی پێ ئەگرن ئیتر ئەوسا هەراو ئاژاوە پەیدا ئەبێتو کەخەڵکیش بەمەدەڵێن ناکۆکی .

ئەم ڕوداوە کەیەکێکە لە سەدەها ڕوداوی کە بۆیە بۆ نمونەباسمان کرد کەدەری بخەین بۆ ئەوەی دەرکەوێت کە سەرچاوەی ناکۆکی و ئاژاوەی ناو مەیدانی هونەر هەموی لە ئەنجامی کرداروهەڵوێستی ئەم زڕە هونەرمەندانەوەیە . جاکە لێرەدا پرسیارێکیش دێتە پێشەوە بڵێت بۆچی ئەم زڕە هونەرمەندانە تان لەخۆتان کۆکردۆتەوە ؟ لێرەدا وەڵامەکەی بەرەوڕوی ، ئەو هونەرمەندانە ئەکرێتەوە کەئامانجیان سەرۆکایەتی و خۆ پەرستیە ؟

ئەم زڕە هونەرمەندانە لەپێشا هەمو کەسێکدا زاناو شارەزای هونەر هەرخۆیانن ! باوکی هونەر هەرخۆیانن ! ئەمانە هەر خۆیانن کەبەمەلە لەبن شا دەریای هونەردا یاقوت ومرواری دەردەهێنن و نیشانی خەڵکی دەدەن ، بەڵام کەبێنە سەرباری ڕاستیش ئەم زاتانە کەئەم ئاورەش ئەنێنەوە هێندێکیان لەوانەن کە ماوەیەکە لەتیپدایەو بەڵام هێشتا قاچی نەچۆتە سەرشانۆ ، وە هێندێکیان لەوانەن کەدەورێك وەرئەگرن داوائەکەن کە ئەوان هیچ پەراوەبان ناوێت بەڵکو لەکاتی پێشکەش کردندا یەك سەر دێنە سەرشانۆ ، وە هێندێکیان لەوانەن کەلەدەوری کۆتهارس بەوڵاوە هیچی کەی نەدیوە کەچی لەکاتی سەیر کردنی بەراوەدا دەیەها ڕەخنە لەدەرهێنەر ئەگرێت وە هێندێکیان لەوانەن کەلەقوتابخانە لەدەرسی (انشاء)دا دەرنەچوە کەچی تا ئێستا دوسێ چیرۆکی هێناوە بۆتیپ وەتیپ غەدری لێ کردوەو پەسەندی نەکردوە .. وە تیاشیانا هەیە ئەگەرچی هێشتا دەوریشی نەدیوە بەڵام جەز لەدەرهێنان ئەکات .

بڕوانە ل — ٧ —

لەڕۆژ ژمێری کرێکارێك دا

نەریمان فوئاد مەستی

لەنیۆ تارمایی ژیانیاسەرسام وەستابو .. چاوەکانی دەرپەڕاند بو .. بەهەرچوارلای خۆیدا پیشانداکەشتێکی گرنگی بزرکردوە وخولیای دۆزینەوەیەتی .. جارجار ئارەزووی ئەکرد کەهەنگاو هەڵهێنێتو بچوێت بەڵام خەیاڵێکی قوڵ ئەهات بەسەریاو ئەوەندەی تر سەرسامی ئەکرد .

هێندە وەستا بێزاری لەسەر ڕوی هەڵهات .. ئاوی پێی داهات .. ناوچەوانی گرژ کردو بەناچاری شەقامی تەسکی هیوای بزرکاویی گرتەبەرو ڕۆیشت ..

هیلاکی سەری تێکرد .. ئارەقی نائومێدی لە هەمو لەشی یەوە جۆگەلەی بەست .. بەڵام ملی بۆ پشودان ، دانەئەدا .. بەڵکو خێراتر قاچە لاوازە لەرزۆکەکانی کێش ئەکردو پرتەپرت لەبەرخۆیەوە ئەی وت : کوا .. داد نەماوە .. دادپرس هەر نەبو وەو نابێت زۆرلێ کراو هەر سەرگەردانەو بەش خوراو .. ئەوەی ناوی دادپرسی لەخۆی ناوە ، لاپەڕەی داد لەژێر سێبەری ستەمی زۆرداران و خوێن خوارانا هەڵئەداتەوە .. تەوری دادپرسینی داوەتەدەست ئەوانەی بەخۆراکی ماڵی زەوت کراون و پەروەردە بون تاگەردنی زورلێ کراوان ببڕن .

بەڵی بەم جۆرە رازی دڵی بێزاریی لەدنیای بێدادی دەرئەبڕی وئاواتی بۆ ئەو ڕۆژە ئەخواست کە بەئارەقی خەرافیات ئەزانێت ! ئەشبینم . تەمەنێکی پڕ لەئازارو خەم بۆنەتەوەو بەدەست ئازاری دەروی کۆمەڵەوە شەو ورۆژ تل ئەدات . بەرهەمەکانی شەورۆژ بێوەستان لەکاروهەڵسوراندایە .

بۆ ئەوەی تەنها هیچ نەبێت کونێکی کەلێن بگرێت . بەماڵ ومێشك و وتەو نوسینەوە خەریکەو زەرەری خۆی ئەوێت و سودی گەڵ و کۆمەڵەکەی . بەڵام .

نەئەناسرێت . نەچاوی ڕێزیان بەرامبەری هەیە . تەنها ئیشەکانیشی بەچاك نازانرێت . نەکەس باسی ئەکات نەکەس پێی ئەڵێت چاکت کرد .

ئەگەر زۆر پتەوگێژی دەستی ڕاستی نەبێت . کورەی گەرمی دڵی کپو خامۆش ئەکەن . بەداخەوە سەر ئەنێتەوە . بەڵێ کە مرد .

بە چاوو دەستو پەنجە . ڕۆژەکانی ژیانی بۆ ئەبژێرن . ئاخی بێ کەڵکی بۆ هەڵەکێشن ... بەڵام دوای چی !.

ئەمەیە دەرد

خالد زاهدان

کەمتر باس ئەکاتو کەم بەکاری بەکەڵك هەڵەستێت تەنها هۆڵی داوە لەبیرو هێزی ژێریتی خۆیدا . ئەمەش کەمتر خەمیەو هەڵە !

یا ئەبینم ..

بە یانیانی لە ئێوارانی ناچێت . شەوی پڕە لەبەزم وەبادەنۆشی . لە پڕو ناخی پێکە نیایە کۆسپو نەهاتی بەم دنیازلە بەتەمی جگەرەکەی ئەزانێت . هەمو ئاخو ئۆخی نەتەوەکەشی کەشمو گالتەیە .

بەڵێ لە خۆ بوردنو بەتەنگەوە هاتنی یەکتریو چاکە بۆگشتو بیر لە دوارۆژی میللەتو نیشتمان هەستو هۆشی کارکردن بۆ باری باشتری نەتەوە .

وشەی خەباتو تێکۆشان .. بڕواکردن بەحەق .. بەخەیاڵو

زۆرم دیوە .

کە باسێکی هونەرو کارێکی پڕ لە سودو قاڵبون بەنەتەوە پەرستی بۆ ئەکەیت . بەقسەو واتەی بێ کردار خۆی بەدروست کەری ئەزانێت . یانەو نەبوایە نەئەهاتە بون .

ئەڵێم .

مرۆڤ بۆ ئەوە نەهاتۆتە سەر زەوی لە ناو ببرێت . یابیر لە لە ناوبردنی کەسانی تر بکاتەوە . بۆ ئەوە نەهاتوە زەویو مێزوو خاکی لێ داگیر بکرێتو وڵاتو گەلان داگیر بکات .

یێم ئەڵێت . پێویستە وابێت وانەبێت کارناڕوا !

ئەڵێم .

لەرێزەی مرۆڤ نیتو لەباری ئاسای تێکراژیان نازانی !

بەڵێ بەم جۆرە .

زۆرم دیوە . لە گفتو گوو بیری وردا . کارامەو تێگەیشتوە هەمو شتێك نرخی خۆی ئەداتێ گشت مرۆڤو نیشتمانی گێتی بەنرخێکی پڕ بایەخو بەرزەوە سەیر ئەکات .

بەڵام . کەمتر ئەدوێتو کەمتر باس ئەکاتو کەم بەکاری بەکەڵك هەڵەستێت تەنها هۆڵی داوە لەبیرو هێزی ژێریتی خۆیدا . ئەمەش کەمتر خەمیەو هەڵە !

یا ئەبینم ..

بە یانیانی لە ئێوارانی ناچێت . شەوی پڕە لەبەزم وەبادەنۆشی . لە پڕو ناخی پێکە نیایە کۆسپو نەهاتی بەم دنیازلە بەتەمی جگەرەکەی ئەزانێت . هەمو ئاخو ئۆخی نەتەوەکەشی کەشمو گالتەیە .

بەڵێ لە خۆ بوردنو بەتەنگەوە هاتنی یەکتریو چاکە بۆگشتو بیر لە دوارۆژی میللەتو نیشتمان هەستو هۆشی کارکردن بۆ باری باشتری نەتەوە .

وشەی خەباتو تێکۆشان .. بڕواکردن بەحەق .. بەخەیاڵو

تیشکی بەیان

روناکی دڵان ، شاپەرزێرینی ،
خەرمانی شادیو سەرچاوەی ژینی ،
کۆڕپەی هەمیشەیی شەفەقی تازە !
کاروانی نوێو ڕواڵ بەفرینی .
هەرکە ماندو بوی ، لەبارەگای خۆر ،
لەناخی دڵان ، سەر دەردەهێنی ،
لەشکرو هێزی تاریکی ناحەز ،
ئەبڕی ، ئەشکێنی ، تۆئەی ڕەتێنی .
کوڵدانو مردن ، قەت بۆتۆ نیە !!

هەمیشە هەبوی ، هەرلە ژایینی !
گەر پەڵە هەورێ ڕوی جوانت بگرێ
یاخودتاریکی ، بێ بتشێوێنێ ،
هەرتۆی ئاواتی بەرزی ناخی دڵ ،
هێز نیە هەرگیز ، تۆی لێ دەرێنێ
دڵم روناکەو رونی پەرستم
هۆزاری ژینم بۆتۆ ئەخوێنی !
هەرچەند شەوگاریش درێژو سەختبێ
ئەبێ بۆتیشکت ، سەردانەوێنێ ،
کاروانی شادی ، ئومێدگەشی دور ،
لەشەو رزگاربێو تیشکت ببینێ .

مەغدید سۆران

چێشتی مجەور

هەمو جار پێکەنین وزەردەخەنە نیشانەی دەربڕینی خۆشی نین . جار هەیە پیاوە خۆشیدا پێ ئەکەنێتو زەردەخەنە ئەی گرێت ، جارهەیە تەوسو ناڕەزایی ئەی هێنێتە بزە ، جاریش هەیە داخو توڕە بون بە شێوەی پێکەنینێکی هیستری لە دەرونیا ئەتەقێنەوە ! ئەمەش عەرەب وتەنی خراپ ترین جۆری بەڵایە !

من هەر لە منالێمەوە کەم گریاوم و زۆر پێکەنیوم ، بەڵام زۆر جاریان پێکەنینەکانم لەباتی گریان بوەو قاقاکانم لە شوێنی هەنیسگ هاتونەدەرەوە . جا من هەقم نیە بە سەرەوە تۆچ ناوێکی سایکۆلۆجی باش یا خراپ ئەخەیتە پاڵ ئەم حاڵەتە ، ناهەقیشت ناگرم بە شتێکی سەیرو « شاز » ی دا بنێیت ، چونکە پیاو لە وڵاتێکدا بژی ئاسایی تیا دەگمەنو ناوازەوشتی سەیرو قاموس نەگرتوی تێدا باو بێت و هەڵبەتە سەیر ئەوەیە : کە سەیرو عەنتیکە نەبێت !

دوا ژمارەی هاوکاری لەستونی — پرۆژەکانی وەزارەتی کاروباری ژورو لە کوردستاندا— هەواڵێکی بڵاو کردبۆوە لە مەڕ بەرێوەبەرایەتی خوێندنی گشتی (دیارە وەرگێڕ مەبەستی بەرێوە بەرایەتی گشتی خوێندنەو لە نوسیندا مێشکی تەتەڵەی کردوەو ناوەکەی هەڵ گێڕاوەتەوە) کە گوایە بریاری داوە کتێبەکانی پۆلی سێیەمی قۆناغی خوێندنی ناوەندی بکات بە کوردی ، لیستەی ناوی کتیبەکانیشی گرتوە هەر لە پەرەوەردەی ئاینیەوە تا ئەگاتە جەبرو فیزیاو ... ئەم هەواڵە بە ڕواڵەت هیچ شتێکی پێکەنیناوی تێدا نیە ، ئەوەی لە خۆیشیەوە پێ بکەنێت دیارە یا شێت و دێوانەیە یا هیچ نەبێت ئەو جنێوە عەرەبیە شانی ئەگرێتەوە کە کاتی خۆی قوتابی بوین لە قۆناغی سەرەتاییداو مامۆستا ڕیفیەکانمان هەرچی لە خۆیەوە (بێسەبەب) پێ بکەنییایە ئەیان دا بە تەنگەیدا .

خوێنەری بەڕێز : داوای لێ بوردنت لێ ئەکەم چونکە من لەم شوێنەدا پێ ئەکەنم ، بێ گومان هەر بە ساویلکەیی خۆیشم پێ ئەکەنم ، هەرچیەکیشم پێ ئەڵێیت پێشەکی گەردنت ئازاد بێت بەو مەرجەی بوارم بدەیت ، ئەوەندەی ئەتوانم ، هۆی پێکەنینە کەمت پێ بڵێم .

هێشتا لە قۆناغی ناوەندیداقوتابی بوم ، بیرم نەماوە بە [illegible] ڕێم کەوتە مەیدانی کاری سیاسیەوە ، یا ئاشکرا تر بیڵێم تێکەڵاوی کوردایەتی بوم . ئەوسا ئێمە بە عەرەبی ئەمان خۆیند ، لە بەر ئەوە هەموو ڕۆژێك چ لە کاتی گوێ گرتندا لە مامۆستا لەژوری دەرس خوێندندا یا چ لە خوێندنەوەی کتێبەکانماندا توشی گیرەمو کێشە و ناڕەحەتیەکی زۆر ئەبوین ، جارهەبو بە دەسیەوە دۆش دائەماین چونکە بە زمانێگ نوسرابون تێی نەئەگەیشتینو بێگانە بو بەئێمە ، کەسی وایشمان دەس نە ئەکەوت لە خێزانە دواکەوتوەکانی خۆماندا ئەو زمانە باش بزانێت و یارمەتیەکمان بدات بۆ ساغ کردنەوەو تێ گەیشتنی ، دێتە بیرم هەر کە لە دەرسێکدا ئەکەوتین و لە ماڵەوە پێیان ئەزانین و کەسوکارمان ئەکەوتنە لێ پرسینەوەو تەنگ پێ هەڵچنین و سزادانمان زۆر بە سادەییەوە خەتاکەمان ئەخستە پاڵ زمانی عەرەبی و خۆمان پێ ئەپەڕاندەوە لە هەمو کەم تەرخەمیەگ ! لەبەر ئەوە یەکێك لەو ئامانجانەی خەباتمان بۆ ئەکردو بو بو بە ویردی سەر زمانمانو کردبومان بە یەکێگ لە بەڵگەکانی خەباتو تێ کۆشانمان چ لە لای ئەوەو هاوبۆڵو قوتابیانەی نەهاتبونە سەر ریگەی ئێمەو چ لە لای ئەو کەسوکارو خزمانەی ئەیانویست پەشیمانمان بکەنەوە لە خەبات کردن ، خوێندن بو بەزمانی کوردی .

خەباتی خەڵك دریژەی کێشاو پەرەی سەندو بو بە چەکدارو ... سەرەنجام گەیشتە هەندێگ لە ئامانجەکانی لەوانە یەکێکیان خوێندنە بە زمانی کوردی . هەمومان لە خۆشیدا هەڵپەڕینو زەماوەنمان کردو کاغەزی سەوزو سورمان هەڵواسی . وتمان قوتابیانی ئێستا ئیتر نابێت بکەون ، ئەگەر کەوتیشن ئەبێت بیانویەکی نوێ بدۆزنەوە لای کەسوکاریان دەرنە چونەکەیانی پێ پینە بکەن !

بەڵام مخابن ، دوای وەرگێڕانو چاپ کردنو بڵاو کردنەوەی کتێبەکان بەکوردی ، پێکەنیم بە خۆم ، پێکەنینێگ لەو جۆرانەی کە لە جیاتی گریان دێنە دەرەوە ، چونکە من بەش بە حاڵی خۆم لەو نەختە ڕەنجەی کاتی خۆی بە قوتابێتیدابوم بۆ کوردی کردن بە زمانی خوێندنو ئێستە قوتابیانی کوردی توشی ئەم گاشەیە کردوە !

پێکەنیم بە خۆم ، چونکە سەیرم کرد زمانی کوردی ئەگەر وابێت بە پێچەوانەی جارانەوە پێویستە پیاو خەباتکات زمانی خوێندن ببێتەوە بەعەرەبی ، تاکو جارێ زمانەکەمان بە پاکیو نە شێواوی وەکو جاری جاران بمێنێتەوە !

پێکەنیم بە خۆم ، چونکە داستانی ئەو « زاهیدە »ی بیر خستمەوە کە مەحوی نەمر ئەڵێت (شەطێ ئاوی) بۆ (وضو کردوە زایع) و لەدواییشدا نەیتوانی نوێژەکەی پێ بکات ! .

پێکەنیم بە خۆم ، چونکە ئەوانەی قسەکانم ئەخوێننەوە کەمیان تێی ئەگەنو وەکو خۆی وەری ئەگرنو زۆریان بە باری خراپەدا لێکی ئەدەنەوەو سەروبۆرو ژێرو زەننەی بۆ زیاد ئەکەن ! .

مجەور

ئافرەتی کورد

کوڵباخ خانمی ئەردەڵانی

قوباد کە بە بابا ئەردەڵان ناوبانگی دەرکردوە سەری زنجیرەی بنەماڵەی ئەردەڵانیکانە ، لەسەرەتاوە میرنشینەکەی (میرنشینی ئەردەڵانی) لە شارەزوردا دامەزراند .. ئێستاش شوێنەواری قەڵای سیامێوە کە بە (قەڵای قوباد) بەناوبانگە هەروا ماوەتەوە .

کاتێك قوباد کۆچی دوایی کرد زۆری پێنەچو میرنیشینە کەی لاوازبو ، لەهەمو لایەکەوە شیرازەی حوکمی خاو بۆوە ، زوربەی لەشکری ئەردەڵانی بێ جڵەو بڵاوەی کردو هەریەکە بەکارێکەوە خۆی خەریك کرد ، قەوارەی میرنشینەکە تا ئەهات دائەڕوخا ، هۆزو تیرەی ناوشاخەکان بەتایبەتی کۆچەرێکان کەوتنە سەربزێوی باجی میریی کۆنەئەکرایەوە ، ئەوەش کۆبکرایەتەوە هەرکەسە لەلایەکەوە بۆ خۆی دەستی بەسەردا ئەگرت ، گۆرانی بێژەکان لەگۆرانیەکانیاندا زەبونی میرنشینەکەیان ئەلاواندەوە ، (گوڵباخ خانمی) خێزانی قوباد بۆ بەرگیری لەو نەخۆشییەی کەتوشی میرنشینەکەیان هاتبو کەوتە بیر کردنەوەو لەوکاتەدا هەروەك کوردەواری واتەنی (دوگیان بو) ژمارەیەك لە سەرکردەوکار بەدەستو دۆستو دڵسۆزانی کۆکردەوە ، [illegible] بە (مەیدانی کۆبونەوە) بە ناوبانگەو کەوتۆتە لای چەپی تەنیشت قەڵاکەوە کۆبونەوەیەکی میژویی کردو چەند قسەیەکی بۆ کردن ، وەك (میرنشینەکەمان ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو لاوازی ئەچێت ، هۆزەکان لێمان یاخی بون لەشکرەکەمان ڕوی شیرازەی لێ نیشتوە ، بۆ بەرگیری لەم وەزعەو داکۆکی کردن ئەسەر مانەوەی قەوارەی میرنشینەکەمان پیویستمان بە بەرگەگرتنو خۆراگرتن هەیە ، منیش (دوگیانم) ئەگەر لەم منداڵەم کوڕبو ئەوا هەرکەس لە سەر موچەو خەڵاتو بەراتی دیاریکراوی خۆی بمێنێتەوە وبەدڵسۆزیەوە وەکو جاران ئیش وکاری خۆی ببات بەڕێوە ، ئەگەر کوڕیش نەبو ئەوا هەرکەسە بڵاوەی لێ بکات ، هەرکەس خۆی بەئارەزوی خۆیەوە خەریك بکات ..) تیکڕ بەشدارانی کۆبونەوەکە قسەکەیان پەسند کردو هەرکەسە لەسەر ئیشی خۆی کەوتەخۆ .. ((گوڵباخ خانم) کوڕێکی بو ناویان نا (کڵۆڵ) کە لە ئەنجامدا توانی ببێت بەدامەزرێنەرەوەی زنجیرەی ئەردەڵانی ومیرنشینەکەی لە دێی (سیامێوە)وە گوێزایەوە بۆ « خورماڵ » بەم جۆرە ئەو ئافرەتە لێهاتوە ئەهمیەتی مێژوی ئەو میرنشینەی پاراستو سەربەخۆیی میرنشینەکەی گێڕایەوە بۆ دۆخی جارانی .

« فاضل شارەزوری » زانای ئەوسەردەمە لەسەرەتای سەدەی نۆهەمی کۆچیدا لەدەست نوسێکدا ئەکەوتین و لە ماڵەوە پێیان ئەزانین و کەسوکارمان ئەکەوتنە لێ پرسینەوەو تەنگ پێ هەڵچنین و سزادانمان زۆر بە سادەییەوە خەتاکەمان ئەخستە پاڵ زمانی عەرەبی وخۆمان پێ ئەپەڕاندەوە لە هەمو کەم تەرخەمیەگ ! لەبەر ئەوە یەکێك لەو ئامانجانەی خەباتمان بۆ ئەکردو بو بو بە ویردی سەر زمانمانو کردبومان بە یەکێگ لە بەڵگەکانی خەباتو تێ کۆشانمان چ لە لای ئەوەو هاوبۆڵو قوتابیانەی نەهاتبونە سەر ریگەی ئێمەو چ لە لای ئەو کەسوکارو خزمانەی ئەیانویست پەشیمانمان بکەنەوە لە خەبات کردن ، خوێندن بو بەزمانی کوردی .

خەباتی خەڵك دریژەی کێشاو پەرەی سەندو بو بە چەکدارو ... سەرەنجام گەیشتە هەندێگ لە ئامانجەکانی لەوانە یەکێکیان خوێندنە بە زمانی کوردی . هەمومان لە خۆشیدا هەڵپەڕینو زەماوەنمان کردو کاغەزی سەوزو سورمان هەڵواسی . وتمان قوتابیانی ئێستا ئیتر نابێت بکەون ، ئەگەر کەوتیشن ئەبێت بیانویەکی نوێ بدۆزنەوە لای کەسوکاریان دەرنە چونەکەیانی پێ پینە بکەن !

بەڵام مخابن ، دوای وەرگێڕانو چاپ کردنو بڵاو کردنەوەی کتێبەکان بەکوردی ، پێکەنیم بە خۆم ، پێکەنینێگ لەو جۆرانەی کە لە جیاتی گریان دێنە دەرەوە ، چونکە من بەش بە حاڵی خۆم لەو نەختە ڕەنجەی کاتی خۆی بە قوتابێتیدابوم بۆ کوردی کردن بە زمانی خوێندنو ئێستە قوتابیانی کوردی توشی ئەم گاشەیە کردوە !

پێکەنیم بە خۆم ، چونکە سەیرم کرد زمانی کوردی ئەگەر وابێت بە پێچەوانەی جارانەوە پێویستە پیاو خەباتکات زمانی خوێندن ببێتەوە بەعەرەبی ، تاکو جارێ زمانەکەمان بە پاکیو نە شێواوی وەکو جاری جاران بمێنێتەوە !

پێکەنیم بە خۆم ، چونکە داستانی ئەو « زاهیدە »ی بیر خستمەوە کە مەحوی نەمر ئەڵێت (شەطێ ئاوی) بۆ (وضو کردوە زایع) و لەدواییشدا نەیتوانی نوێژەکەی پێ بکات ! .

پێکەنیم بە خۆم ، چونکە ئەوانەی قسەکانم ئەخوێننەوە کەمیان تێی ئەگەنو وەکو خۆی وەری ئەگرنو زۆریان بە باری خراپەدا لێکی ئەدەنەوەو سەروبۆرو ژێرو زەننەی بۆ زیاد ئەکەن ! .

مجەور

institutkurde.org

پاشماوەی : چیرۆکی کورت و ..

نابێ بە چارە سەرکردنی دەمی یانیش تەنها ئاراستە کردنی رونا کی ، بگرە باری دواکەوتو بە شێوەیەکی شۆڕشگێرانە ئەگۆڕێو هەنگاو بەرەو ئاسۆیەکی پێشکەوتوی دوا رۆژئەنێ لەسەر بنچینەیەکی زانستانەی نەگۆڕ .

٣ ـ پەیوەندی چیرۆك نوسو بەشدار بونی لە جوڵانەوەی نیشتمانی و شۆڕشگێری دەستێکی باڵای هەیە لەو دورخستنەوەی چیرۆك نوسی لە جیهانی خەوبینینو وڕینەو دو دڵیو ون بونو هەروەهاش لە شێوەی تاقی کردنو چونە ناو خۆ و هەڵاتن و میتافیزیقیاو رموزی خەستو ئەفسانە ، ئەپاریزێ ..

٤ ـ چیرۆك نوسی ریالیستی نوێ ، بروای بە دوا رۆژی گەشە داری مرۆڤ هەیەو لای رونە کە نەبەزانە زاڵ ئەبێ بە سەر گشت ئەو تەگەرەو کۆسپانەی کە چەقی رێگای ئەگرێ لە پێناو پێشکەوتنو گۆڕینی ژیانی چەرمەسەری .

٥ ـ لە ریالیستی نوێدا ، پاڵەوان زیاتر کار ئەکات لەوەی بدوێ ، واتە وەکو گورگی ئەڵێ (چیرۆك نوسی پێوستە وا لە پاڵەوانەکانی بکات کە زۆر ئیش بکەنو کەم بڵێن) .

٦ ـ هەڵبژاردنو هەڵسەنگاندنی هەڵوێستو پاڵەوانو رویداوەکان لە ریالیستی نوێدا جێگەی تۆمارکردنی سەرتاپای ژیان ، لە ریالیستی کۆنەدا ، ئەگرێتەوە ، چونکە چیرۆك نوسی ئەم قۆناغە لەو باوەڕەدایە کە هیچ کاتێك تۆمار کردن ئامانجی هونەر نەبوەو ناش بێ .

٧ ـ چیرۆکی ریالیستی نوێ بناو دامەزراوێکی هونەریە پێش ئەوەی هەڵرژتنێکی کاڵی موچرکو راچەنینێك بێ یان دەربڕینی دەنگداری تەنگو چەڵەمەو هەستی تەفیوی ناتاسایی کەسێك بێ .

٨ ـ ریالیستی نوێ لەو یەکێتیە عوزویە پێکدێ کە لەنێوان ناوەرۆکو شێوەدا هەیە کە هەر دو وەکو (سالت) و (موجب)ی کارەبا ، یەکیان بێ ئەوی تر بونی نیە .

٩ ـ ریالیستی نوێ لە چیرۆکدا بە پێچەوانەی (تجرید)ی خەستو شێوەی فانتازیو بەکارهێنانی ئەفسانە (کە بەلای منەوە خۆ دور خستنەوەیە لە واقیعی ژیان) . ئامرازێکی خەبات کردنە لەپێناو داهێنانو بزواندنو گۆڕین .

سەرچاوەکان :ـ

١ ـ ژمارە تایبەتیەکەی گۆڤاری (الکلمة)ی عەرەبی دەربارەی (رەخنەی وێژەیی نوێ) . ساڵی ١٩٧٢ .

٢ ـ پێشەکی (قصص عراقیة معاصرة) نوسینی یاسین النصیرو فاضل ثامر .

٣ ـ چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (الاقلام) .

٤ ـ چەند ژمارەیەکی رۆژنامەی (هاوکاری) .

پاشماوەی : رەخنەی ئەدەبی ..

وایان لێئەکا ئەو مەترسیەیان نەمێنی کە ئەفلاتون لێی هەبون .

هەرچۆنێ بێ بیری (فۆرم) زیادکردنێکی هەرە گەورەی ئەرستۆیە بۆ رەخنەی ئەدەبی . جیاواز لە ئەفلاتون کە شیعری بەگوێرەی ناوەرۆکەکەی دەناساند ، ئەرستۆ سەرنج ئەدا کە جیاوازی لە نێوان ژیانو تراژیدیدا ئەوەیە کە تراژیدی سەرەتاو ، ناوەڕاستو ، کۆتایی هەیە ، وە هەر بەشێ لەمانە پەیوەندیەکی نمونەیی بەبەشەکانی دیکەوە هەیە . ئەمە ئەشێ پێی بگوترێ فۆرمی مەنتیقی ، بەڵام دیسانەوە فۆرمێکی ئەخلاقیش هەیە ، پاڵەوانی تراژیدی ئەو کەسەیە کە لە جەواهەردا باشو دادەور نیە ، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو بەدبەختیەی توشی دێ بە هۆی زەزیلەتو بەهەکاریەوە نیە بەڵکو بە هۆی هەندێ هەڵەو بێدەسەڵاتیەوەیە ..وە پێویستە کەسێك بێ کە ناوبانگێکی بەرزی هەبێو لە ژیانێکی بەختەوەردا بێت .. کەسایەتیەکی وەك (ئودیپوس) (ئایستس) یا کەسانێ کە لەم جۆرە خێزانانە بن . بەم جۆرە پاڵەوانی تراژیدی « کەمی»یەکی هەیە هەر چەندە هەڵەکە لە خۆشیەوە نەبێت . وە لە کاتێکا دەکەوێتە نەگبەتی یەکەوە هەستی دادپەروەری ئێمە بۆی نالەرزێت . ئەم ڕایە ـ کە پاڵەوانی تراژیدی ئەبێ لە خێزانێکی بەرزبێ نەك تەنیا ئەرستۆ کردویەتی بە مەرج بەڵکو هەتا ئەمڕۆش زۆربەی چیرۆك نوسە شانۆیی یەکانو رەخنەگرەکان لەسەر ئەو باوەڕەن .

« ماویەتی »

⊙ ● ⊙

پاشماوەی : ئەرێ باسی چیمان ئەکردو ...

ـ من ناپیاوم .. هیچو پوچی بێ قیمەت دەی بۆ دەرەوە ..

خێرابە پاڵە پەستۆیان هوشیاری وەدەر ناو هاتەوە ژورێو لەسەر کورسی یە شڕە دانەپێوەکەی دانیشتەوە . گووتی :

ئەو نامەردە قسەکانی بە ئێمە بڕی .. (ئەرێ باسی چیمان ئەکرد ؟)

⊙ ● ⊙

پاشماوەی : لە رۆژهێری کریکارێکدا ..

ماوەیەکی زۆری بڕی
کاتێکی زانی گەیشتۆتە
سەرلوتکەی کێوە بەرزەکەی
پاڵ گوندەکەیان .. وە لەوێوە
ئاوڕێکی پڕ لەناسۆری
بۆگوندەکەیان دایەوە .. کە
خەریك بو دیمەنی گوندەکەیان
لەچاو ئاواببێت .. ئینجا
روانیە خۆری رەنگ زەرد
کە لەدەم کەلەکەی
بەرانبەری یەوە مال ئاوای ئەکردو
پرشنگی پەخشی نیگای
ئەگێرایەوەچاوەکانیو رووەو
زیندانی شەو کۆچی ئەکرد ..

ئەم دیمەنانە هەستی پڕ لە
ئازاری جوڵاند .. فرمێسکی
دەربەدەری لەچاویدا رێچکەیان
بەست .. بەڵام وەك لای
نەنگ بێ خێرا بەلایەکی دەستی
سڕیو وەکوبیەوێ لەگەڵ
خۆردا بروێ چاوی تێبڕیو
وتی :

نا .. نا .. ناگریم ..
دڵنیا بە ناگریم .. هیوام
بەدوارۆژێکی ئازادی
سەرکەوتوبتەوە .. کەبەبازو
شۆڕشی دەربەدەران هەمو مافێکی
زەوت کراومان دەستخەین ..
وەهەر ئەوە تەنها رێگەیە
کەتروسکەی خستۆتە هیوای
بزڕکاومەوە .. وە هەر
چۆن لەبەر چاومە کەرو وەر
زیندانی شەو کۆچ ئەکەیت
وەلەگەڵ زەردەی بەیانداا ،
بەتینی ئاگری رزگاری پەرست
زیندانی شەو ئەترازێنیت وە
دیسانەوە دێیتەوە بازاری
ئازادی خواهان .. ئا ـ ئاوا
منیش لێم رونە کەچینی
جوتیاری ژێردەستە ئازاد
ئەبێتو بەزەویەکانمان شاد
ئەبینەوە .. بەڵام ئاخ بۆ
ئەوانە ئەخۆم کە بەکاغەز
رەش کردنەوە هیچیان
نەهێشتۆتەوەو بەقائیمەی
ئەوان جوتیارو ئاغا
لەیەك تەرازودان وە چاویان
لەراستی ئەشارنەوە چونکە
لەکردارا دڵ نەوایی ئاغائەکەن
.. ئەمەی وتو بەهیوای
سەرکەوتن رێگەی دەربەدەری
گرتەبەر ولەکێوەکە چو بەو
دیوادا .

●

پاشماوەی : داواکاری شانۆی

بەڵام ئەمانە هەمو خوێی بونو دەربڕینی ئەو باوەڕە چێشتە شتی سەیر کاتێك کە چیرۆکەکە ناکات کە دەرئەکەوێت کەدەورێکیان دەبەستێتی . دەرئەنێ :

ئەم دەورەم ناوێت ئەمە دەی باشە چیت ئەوێت ؟ دەوری پیاوخراپە ! چونکە ئەو دەوری قارەمانێتیم ئەوێت . تەقەی سەری دێتلەوەی کە فەرمو باشە . کەدەوری نوێنەری سەرکەوتو بەجۆرێك قارەمانێتیشی ئەدرێتێ لەپێش دەوری پیاوخراپی دەبینێت هەمو شتێکدا داوا ئەکات ناوی کارێك ئەکات کە خەڵکی لە ئەو شەخسیەتە بگۆڕێت مەسەلا پیاوخراپی بتەکێنەوە . ئەحە بکرێت بە ئەحمەد .

یان ئەم دەورەم ناوێت چونکە یان فلانە وشەو فلانە رستە ئەمە کۆمبارسە ! لای ئەو بگۆڕرێت چونکە بۆی نایەت ، جیاوازی هەیە لەناو نوێنەرەکاندا کەبەهەمویان هەوڵی بەبەستێتەوە بە نوسینەکەوە ، سەرکەوتنی شانۆگەریەکەیانە لای ئەم نوسەری چیرۆك وە وە لای ئەو کۆمبارس کەم بیرو باوەڕی چیرۆك وە ئەدەبیاتی دەردەکەوێت ئەو تەنیا سەیری کوردی هیچ پەیوەندیەکی خۆی ئەکات ، سەیری دروست بەشانۆوە نیە .

کتێبخانەی

شورجە

لە کەرکووك

● هەموو جۆرە کتێبو رۆژنامەیەکی کوردیو عەرەبی لە لا دەست ئەکەوێت ..

● سەردانێکی ئەم کتێبخانەیە باشترین بەلگەیە بۆ ئەوەی بزانن تا چ رادەیەك رەزامەندی ئێوەی ئەوێ ..

★ ★ ★

کتێبخانەی شۆرجە

بەرامبەر تیمارخانەی شۆرجەیە

خاوەنی : زابر محمدرۆژبەیانی

بۆ ئاگاداری

بۆ جوتیاران

پاشماوەی ئەو تۆوە زەهرادیەی لەلاتە زیانی هەیە بۆ خۆت و خێزان و مەڕو ماڵاتت چونکە کوشندەیە ، بە پەلە بیدەرەوە بەو جێگایەی لێت وەرگرتوە بۆ ئەوەی یەکەم رزگات بێت لێی و دوەم لەقەرزەکە بۆت دابشکێنن ، ئومێدەوارین هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن بۆ سودی خۆتان و سەلامەتی رۆڵەکانی نیشتمان .

بەڕێوەبەری گشتی رابەری کشتوکاڵ

institut kurde de paris

لاپەڕە هەشت

هاوکاری

خوم شیواوە

لە مەسقەطو عومان

■ رادیوی لەندەن هەفتەی رابوردو لەزمان سوڵتان قابوس سوڵتانی مەسقەطو عومانەوە بڵاوی کردەوە کە سوڵتان قابوس وتویەتی هەوڵ ئەدات لەشکرەکەی بەهێز بکاتو لەمەولا ٦٠٪ی بوجەی وڵات خەرج ئەکات بۆ پێش خستنی لەشکرەکەی تاکو بتوانێت بزوتنەوەی نەتەوایەتی عەرەبو لەشکرە شۆڕشگێڕە خەباتکەرەکەی ظفار لەناو بەرێت ، هەروەها وتویەتی کە ئەفسەرانی بەریتانیا مەشق بە لەشکرەکەی ئەکەنو دەوریکی باش ئەبینن لە جێبەجێ کردنی پرۆژەکەیدا وەبەپێی قسەی سوڵتان قابوس ئەم ئەفسەرانە هیچیان بۆ خۆیان ناوێت بەڵکو بۆ قازانجی وڵاتی مەسقەطو عومان خۆیان ماندو ئەکەن .

■ گومانی تیا نیە کە سوڵتان قابوس بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەی ئازادی خوازانەی گەلی عەرەب هەول ئەدات چونکە ئەم لە خەباتی نیوان گەلانی عەرەبو هەمو گەلانی دنیادا دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی لایەنی دوژمنانی گەلانی گرتووەو چارە نوسی خۆیو داو ودەزگا تاوانبارەکەی بەوانەوە بەستۆتەوە .

■ بۆیە ئەم هەوڵو تەقەلابەی دژی گەلی عەرەب بەسەیرو عەنتیکە نایەتە بەرچاو بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئەو ئەفسەرە ئینگلیزە چاوشبنانە بێ قازانجو مەبەست خزمەتی وڵاتی مەسقەطو عومان بکەن راست تر خزمەتی دەزگا رزیوەکەی ئەم شرە سوڵتانە بکەن !!

■ ئاخۆ لەبەر ئەوە بێ کە ئەیان لە ڕیشە رەشەکەی دەدبێت بەتایبەتی لەم کۆروبەرەدا کە ڕیشو پرچ بەردانەوە بوە بە مۆدەی لاوە بەرەلاکانی بەریتانیاو ئەوروپاو ئەمریکاو وڵاتە ئیمپریالیستەکانی تر !

■ سا ئەگەر لەبەر خاتری ریشە رەشەکەی سوڵتان ئەم ئەفسەرانە لە وڵاتو مالو منالی خۆیان دور کەوتبنەوەو ژیانی خۆیان خسبێتە مەترسی لەناو چونەوە ئەوا هیچ گلەییەکمان نیە ، خۆ ئەگەر وانەبێت ئەبێ خوم شێوابێت لای سوڵتان قابوس !!

وەیس

گۆڤاری ئەستێرە

● بۆ یەکەم جار گۆڤارێکی منالانەی کوردی کەوتە ژێر چاپەوە .

● « ئەستێرە » پاشکوی (رۆژی کوردستان)مو لە سلێمانی دەردەچێ .

● بەم زووانە ، چارەروانی بن .

بۆ وابکە !!

لە شارێکی ناوەڕاستی – غانا – مێرولەیەکی زۆر ، لەوانەی گاز ئەگرن ، هیرشیان بردۆتە سەر قوتابخانەیەکی ئامادەیو بەڕێوەبەری قوتابخانە– کەیان کەوڵ کردوە ، سەیر ئەوەیە ، ئەم روداوە لە کاتێکدا بوە ، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خەریکی باس کردنی زیانی میرولە بوە بۆ قوتابیەکان !!

شیعری شاعیری فەلەستینی :

سالم جبران

ناتەواو

– وەرگێڕانی : عەین –

کاتێ کە ئارام جێ ئەگرێ ..
بە روناکی ..
تاریکای قوڵای دڵ ..
ڕاماڵ ئەکرێ ..
وەیان کاتێ کە بەنوسین ..
ئەتوانین هەستمان دەربڕین ..
ساڵ لەدوای ساڵ ..
لە سەر هەمو لاپەڕەیەك
بە خوێنی ئاڵ ..
چیرۆکە کەی « فاتمە »ی جوان
ئەنوسمەوە ..
کە لەنێوان « هەمکەکان »یا ..
« دینامێتی » ئەشاردەوە ..
ڕێگای ئەبڕی ..
تا ئەگەیبە « پێشمەرگەکان » ..
دەشتو چیای ..
چۆڵی ئەبڕی ..
جەرگی تاریکی و مردنی ..
بەیەکەوە ..
هەڵ ئەدڕی ..

تۆمار

ئەم پارچە شیعرە ،بەرهەمی شاعیرێکە ٠ ناوی (ظاهر)بوە ، بە دەست خەتی (ماموستا نجم الدین ملا)ی نەمر نوسراوە ..



وێنەیەك لە کوردستانەوە

هەر لەو جوتیارەوە کە تۆوی توتن دا ئەچێنێت تا ئەوەی پەروەردەی ئەکات و ئەکات بە جگەرەو ئەیکێشێت هەمویان ئەزانن بێ کەلک و زیان بەخشە ! هەمویان ئەمە بەچاکی ئەزانن ، کەچی کەسیشیان ئامادەنین وازی لێ بهێنن !

کامێرای « نوری هونەر »

مندال بونێکی سەیر

ئەم منداڵە ، لەناو مەعیدەی دایکیا ژیاوە ، روداوەکەش بەم جۆرەیە ، دوای رابوردنی حەوت ساڵ بەسەر شوکردنی (ئیڤا زافوك) کە ژنێکی مجەریە بە (بیدا) ناویك .. هەستی بەئازاریکی زۆر کردوە لەمەعیدەیدا ٠ کە چۆتە لای دوکتور مژدەی (سك پڕی) داوەتێ ٠ دوای نۆ مانگ هەستی بە ئازاریکی زۆر تر کرد لە پشتیا ٠ دوکتور بریاری‌دا بە عملیات منداڵەکە دەر بهێنرێ ٠ سەیر ئەوەیە نۆ مانگ ئەو منداڵە لە مەعیدەی ژنەکەدا ژیاوە سەك لەناو منالدانیا ٠

دکتورەکان وتویانە منالدانی ئەم ژنە کونێکی تیابووە ، بۆ ناو مەعیدەیو منداڵەکە لەناو مەعیدەیدا پەروەردە بوە نەك لە شوێنی ئاسای خۆی ٠ جا هەر عملیاتی منداڵ دەرهێنانیکیوا ئەبێتە هوی مردنی دایكو منداڵەکەش ٠ بەڵام خاتو (ئیڤا) بەختەوەر بو عملیاتەکەی سەرکەوتوبو ٠

هیوا

هەر چەندە کارەسات ..
تەنگت پێ هەڵچنێ ..
وزە بەر مەدە ..
هیوا ..
لە [illegible] سەر دەر تەهێنێ ..
رۆژگاری بەختیاری هەردایەت ..
دڵە غەمبارەکان تەکەوزەگۆرانی وتن ..
ئاوازی رزگاری
قەلای بەندیخانەکان دائەرمێنیو
خۆی ئەگەیەنێتە هەمولایەك ..
پێکەنین روی ژیان دائەگرێ ..
شنەی سەرکەوتن لەئاسۆوە هەڵ ئەکات
بەرەو پێشەوە ..
بەسەر شەپۆلەکانی روژگارا ..
ئەپەڕێتەوە ...

– لە عەرەبیەوە وەرگێڕاوە –

هەرجارەی نوسینێك

پروپاگەندە بە کوردی

لەگەڵ رەخنەیەکی ئیسك سوکا

هاورێیەکم لە یەکێ لەلادێکانی کوردستانا بە ئیشو کاری بەرگدروی‌یەوە خەریك کردبو ، منیش جاروبار ئەچوم بۆ دیدەنیو سەرم لێ ئەدا .. روژێکیان لە لای دانیشتبوم لەناکاو داپیرەیەك هاتو پارچە کوتالیکی ژاکاوی لەبن دەستی دەرهیناو وتی :–

(بە قوربانەکەت بم ئەم پارچە کوتالەم بۆ بکە بە کوڵونجە .. بەڵام باشم بۆ بدرو جا لە ئاوای‌دا (بانگاشەت) بۆئەکەم) ..

« بانگاشە » بە مانا (پروپاگەندە) واتا (بانگی هاشە) ئینجا ئەم وەشەرەسەنە وەنەبێ شتیکی تازەبێو تازە دۆزرابیتەوە بەڵکوهەر لە کۆنەوە لەگەڵ رەوتی ژیانو پیشکەوتنی کوردەواریاهەر بووە .. ئەم وەشەیە چونکە رەسەنو خۆماڵی‌یە زۆرلە ناوەروکی ئەو کتێبە کوردیانە رێکو پێك ترو ئیسك‌سووك ترە ، کە :

بەریوەبەرایەتی خویندنی کوردی بۆ منالانی کوردی دائەنیت کە بۆ نمونە لە کتێبێکی پەروەردی نیشتمانیدا لەجیاتی (دورة میاەعامة) نوسیویانە (سوڕانەوەی گشتی ئاو) !! یا ماموستانوری عەلی ئەمینو هاوریکانی لە ریزمانە کەیانا کە بە حاڵ‌لە رێزمان ئەچێ نوسیویانە (توتن بەدێراو ئەچێنرێ) ٠

لەگەڵ ئەوەشدا کە توتن بەدێراو ناچێنرێ بەڵکو توتن بەدێراو لێ ئەدرێ .. ئینجا ئەگەر بمانەوێ هەڵە لە کتێبە کوردی‌یەکانی بەریوەبەرایەتی خوێندنی کوردی بگرین ئەوە ئەبێ وەکو پیشینان‌وتویانە (پوش لەکا ببژیرین)٠

ئەگێڕنەوە مامۆستایەك کتێبێکی (قونتەرات) کردبو کە وەری‌گێڕی بەکوردی‌و خۆی‌ماوەی نەبو ، نەی‌ئەپەڕژا بیری کردەوە یەکێ بدۆزێتەوە کەبۆی تەرجومە بکاتو بە شتیکی هەرزان بی‌خڵەتینێ ..دابوی بە برادەرێکی ئەویش کوردی باش نەئەزانی لەوەڵاماوتبوی (ئیشتە خۆمیش کوردم، عطلەیە ، دەچم لە قەلەدوزە ،دەنا بەسەر چاومان) ..

ئای منالی کوردی کەوڵ‌چۆن لەکۆتی (کوردی ئاخر زەمان) رزگار ئەبن .. ئاخۆکەی منالەکانمان لە کوردی قونتەرات‌چیەکان رزگاربن !!ئای بۆ ئەو کوردی‌یە رەسەنەی لادیکان کە هیشتا تیکەڵ‌بەگیژەڵوکەی (قۆنتەرات‌چی) یەکان نەبووە ٠

برهان قانع

سەیر ئەبێ بچێت مەلە بکات

دیمەنێکی جوان

● دیمەنێکی جوانە ، ئەو پیاوەی ئەگەڕێتەوە ناو ماڵو منداڵەکانی ، بەروی خۆشەوە وەڵامی مانەو نەبونی خێزانەکەی‌و منداڵەکانی ئەداتەوە ٠

یەکێکی ناشیرین

● دیمەنێکی زۆر ناشیرینە پیاو بەروی مۆنو دەمو چاو گرژ کراویەوە بگەڕێتەوە ناو ماڵو منداڵی‌و هەر قسەیەکیشی لەگەڵا بکرێ ٠ وەك فیشەکە شێتە بەرویانا بتەقێتەوە ٠

هەفتەنامە

میهرەجانی یەکەمی شیعری کوردی

لیژنەی رێکخستنی میهرجانی یەکەمی شیعری کوردی لە دوا کۆبونەوەی‌دا بریاری داوە لیژنەیەك پێك بێت بۆ وەرگرتنی ئەو شیعرانەی ئەنێرین بۆ میهرەجانەکە لیژنەکەش پێك هاتوە لە (ماموستا سعید ناکام ،دوکتور ئیحسان فوئاد ، مامۆستا محمد بدری) ٠ دیسان بریاری داوە ماموستا جمال خزندار بکرێت بە لێ‌پرسراوی‌دارایی لیژنەکە٠

بۆ ی‌ی لێو

کابرایەکی سەرخۆش ، سەعاتیەکی شەو لە مەیخانەیەکەوە هات بەخەیاڵیا تەلەفۆن بۆ ژنەکەی بکات :

پیاو :– ئەلۆ ..

ژن : ئەلو .. کێ قسە ئەکات ..؟

پیاو : باوکی سروە ..

ژن : لەکوێ وە قسە ئەکەی .. ؟

پیاو : لە دەمەوە ..

هەڵەی نوسین

نوسینی ئەم جارەش هەرلەسەر لاپەڕەی یەکەمی هاوکاری‌یە

● لەستونی هەشتەمی لای‌چەپدا لەبریتی المدیریە العامە لدراسە الکردیە کە بەکوردی‌ئەبی بنوسریت بەریوەبەرایەتی گشتی خویندنی‌کوردی نوسرابو بەریوەبەرایەتی خویندنی گشتی .

● لەستونی شەش‌وحەوت‌دا لەباسی شورشگیرانی کینیادا نوسرابو سکرتیری‌گشتی پارتی .. دوانیکی داوەو تییدا وتویە : کە ئەبێ‌بنوسێ سکرتیری گشتی .. دواوە یاخود وتویەتی یانئەلیت ..

زۆر ئاسان

باوەڕی ناڵەبار

باوەڕی ناڵەبار چیروکێکی‌شانۆگەری‌یە لە نووسینو دەرهێنانی هونەرمەند (صباح‌عبدالرحمن)ە ، بەبۆنەی جەژنەکانی ئادارو نەورۆزەوەلە ١–٣–١٩٧٢ لە هۆڵی گەل بۆ ماوەی حەوت رۆژ پێشکەش ئەکرێ بە سەربەرشتی بەرێوەبەرایەتی لاوانی هەولێر٠

وێنەیەکی کۆن

ئەلای هەرکەس ئەچم ئەوپیم ئەڵێ خۆت بۆچی ریسوا کرد
درێغ ، کوا حاڵ زانێ ،ڕەبی توشم بێنی بیماری کوردی

وانەگێڕنەوە

سەردەمی زو ئەوانەی‌ڕەوەند بونو گەرمیانو کوێستانیان کردوە بەخۆیان‌وتوە کورد ، بەوانەیشیان وتوە گۆران کە لەشاروگوندەکاندا دانیشتونو خەریکی کشتوکاڵو جوتو فەلاحەت بونئەمانە هەمیشە دوژمنایەتی یەکتری‌یان کردوەو زیانیان‌گەیاندوە بەیەکتری‌و هەرکامێکیان چی پێ کرابێت‌بەرامبەر بەوی تریان نەپونگاوەتەوە کردویەتی ٠

چەمی سیروان کاتی‌هەڵسانی ئاو ، ئەرخەوان سورە ، کەس ناوێریت لێی‌بدات لەترسی خنکان ٠ ئەوجا ئەگێڕنەوە جارێك ئەو دەمەداکەسیروان هەڵساوە کوردێك لەگوێ چەمی سیرواندا ئەبێت‌گۆرانیەك دێت ئەیەوێت لەسیروان بدات‌و بپەڕێتەوەئەوبەر لەکابرای کوردە ئەپرسێت :

– تۆ بڵێیت ئەگەر لیی‌بدەم ئاوبمبات ؟

کوردە دڵرەقەکەیش بۆئەوەی بەخنکاندنی بدات ئەڵێت :

– باوەڕ ناکەم بت بات ،ئەوەندە زۆرنیە !

گۆرانە بەسزمانەکە فریوئەخوات‌و لەسیروان ئەدات ، تەوژمی ئاوەکە ڕای ئەفڕێنێت‌لرخە لرخی پێ‌ئەخات ، هەناسەو ئاوبڵقەبڵق لەدەمی‌دێنە دەرەوە٠کوردەکەوا ئەزانێت لەداخی ئەوەی بەخنکاندنی داوە تەفەلەم ئەکات ، لەبەر خۆیەوە ئەڵێت :

– خۆمن تۆم خنکاند ، تفی‌خۆت بکەو بڕۆ !

وتەی بەرجێ

لە برسیان پرسی : ١ + ١ ئەکاتە چەند ، وتی : دوو کولێرە !

کارین :

چۆن شوشەیەکی هەرەکەبی کرد بەسەر سەرۆك وەزیرانی بەریتانیادا

« ماری لویز کویتوسکی » کە لەشاری لەندن بە (کارین کوپەر) ناو ئەبرێ مانگی رابوردو شوشەیەك مەرەکەبی رشت بەسەر (ئەدوار هیث)ی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیادا ٠

ئەم وێنەیە (سوزان هاریس)ی هاورێ (کارین کوپەر)ە و ئەیگێڕێتەوە چۆن مەرەکەبەکەی کردوە بەسەرو چاوی (ئەدوار هیث)دا ٠

دواوشە :

● هەندێك کەس لە هەزار ئاش لێ ئەکەنو ئاشێکیان نامانەوە ٠

● شیعر دائەنێنو شاعیر نین
چیرۆك ئەنوسن و چیرۆك نوس نین
مێژو ئەنوسنەوە و مێژونوس نین
وتاری سیاسی ئەنوسن و سیاسی نین ..

● بە کورتی دەم لە هەمو شتێکەوە ئەدەنو خۆیان لەیەك کاتدا بەو هەمو شتانەو شتی تریشەوە خەریك ئەکەن ! جا ئەگەر خەریکی یەکێك یا دوان لە مانە بنو هەوڵبدەن شتێکی تێدا بکەن بەشت ، باشتر نیە ؟

– پێنوس –

institut kurde de paris

هاوکاری
التضامن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی‌یەلە (دار الجماهیر)ـەوە دەرئەچێ

ژمـــارە ١٠٥ — ٢٦ی شـوباتی ١٩٧٢ — تەلەفۆن – ٢٠٣٦٥ –

نرخی ٢٠ فلسە

جێگری سەرەك وەزیرانی کوریای دیموکراتی گەیشتە بەغدا

پێری میستەر زانگ زون‌تێك جێگری سەرەك وەزیرانی کۆریای دیموکراتی بەسەرۆکایەتی وەفدێك وە بە سەردانێکی رەسمی گەیشتە بەغدا • وە لەم سەردانەیدا لەگەل لێپرسراوانی‌دەولەتدا دەربارەی پتەوکردنی پەیوەندی دوو قۆلی نێوان هەردوو ولاتەوە گفتوگۆ ئەکات •

مستەر تیك بە ئاژانسی‌دەنگوباسی عیراقی وتوە کە نامەیەکی لە کیم ئیل سۆنگی‌سەرۆکی کۆماری دیموکراتی گەلی کۆریاوە پێیە بۆ سەرۆك‌احمد حسن بکر •

ئا•د•ع

تەواوبونی گفتوگۆی سەرکردایەتی نەتەوایەتی‌و وەفدی پارتی‌کۆمۆنیستی ئیتالیا

رۆژی پێنج شەممەی رابوردو گفتوگۆی نێوان سەرکردایەتی نەتەوایەتی پارتی بەعـــی‌عەرەبی سوشیالستو وەفدی کۆمۆنیستی ئیتالیـــا کۆتایی‌هات • وەفدەکـــەی لە سەردانێکی حـەوت‌رۆژی وە بە سەر داخـــوازی سەرکردایەتی نەتەوایـــەتی‌سەری لەعـــیراقدا • وە لە دانەکەیدا چاوی بە سەرەك‌کۆمارو ماموستا شـــبلی عەلی‌و ماموستا صـــدام‌حسین کـەوت وە نەگـــەل لێپرسراوانی‌تری پارتی بەعـی‌عەرەبی سوشیالســـتدا وتوگوی پارتیانەیان کرد •

گەلی چین بە ساردی بەرەو پێشوازی نیکسون ئەکات

بیرەوەری ٥٤ ساڵەی دامەزرانی لەشکری سوری سوفێتی

سەرەك کۆمار دامو دەزگاکانی بەکرەجۆی داوە بە زانستگای سلیمانی

سەرەك کۆمار احمد حسن‌بکر لە کۆبونەوەیەکیدا کە لەگەل دوکتۆرە سعاد خلیل‌اسماعیل – وەزیری خوێندنی بەرزو لێکۆلینەوەی زانستی‌داکردویەتی ، بڕیاری‌داوە کە ئامێرو دامو دەزگاکانی کێڵگەی‌بەکرەجۆ بدرێت بە زانستگای سلیمانی • لیژنەیەکیش لە نوێنەرانی وەزارەتی کشت‌و کاڵو زانستگاو پارێزگاری سلیمانی‌پێك هاتوە بۆ قەبڵاندنی ئەم شت‌ومەکانە وە رەت‌کردنەوەی‌پارەکەی بۆ وەزارەتی کشت‌و کاڵ •

ئەوەی شایانی وتنیشە ، لەکاتی خوێدا زانستگای سلیمانی‌و وەزارەتی خوێندنی‌بەرزو لێکۆلینەوەی زانستی داوایان کردبو کە ئەم دامودەزگایانەی بەکرەجو بدرێت بەزانستگای سلیمانی بو مەبەستی خوێندن‌و لێکۆلینەوەی‌قوتابیان• ئەوەبو راپۆرتێك درا یە دیوانی‌سەرکردایەتی کومارو دوکتۆرە سعاد چاوی بە سەرەك کومارکەوتوو بڕیاری لەسەر درا •

لەشکری سوری سۆڤێت

رۆژی‌چوار شەممەی رابوردو ٥٤ ساڵ بەسەر دامەزرانی لەشکری سوری سۆڤێتیەوەتێپەری ، ئەو لەشکرەی کە لە باوەش‌و سای سێبەری رژێمی‌سوشیالستی‌دا سەری‌هەڵدا • پەنجاو چوار ساڵ لەمەوبەر وەکاتێ دوژمنانی‌ناوخۆو دەرەوە ئەیانویست دەست لەبینە قاقەی شۆڕش گیرکەن لینینی مەزن بانگەوازێکی دەرکرد ، ئەوەبو دوای تێك دانی شیرازەی سوپای قەیسەرو چەك‌کردنی سەربازەکانی ، لە ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩١٨ لە رۆڵەی جوتیارو کریکاران لەشکری سوری سۆڤێتی دامەزرا • لەشکری سوری سۆڤێتی هەر لەسەرەتای دامەزانیەوە دلێرانە بەرەنگاری ئەو گیروگرفتانەی کردوە کە هاتونەتە رێگای • لە ساڵی ١٩٤١ – ١٩٤٥ وە لە جەنگی جیهانی دوەمدا زەبرێکی کوشندەی لە سوپای نازیەکان‌دا وە بەیاننامەیەکی لەئیستگەی رادیوی برازافیلەوە خوێندۆتەوەو وتویە : یاخی‌بوەکان گیراون‌و باری ولاتیش گەراوەتەوە دۆخی جارانی •

سەرنەکەوتنی پیلانێکی بەکرێ گیراوان لەکۆنگۆی میللی

ئاژانسی رۆژنامەگەری‌فەرەنسا لە رادیوی برازافیلەوە بڵاوی‌کردۆتەوە کە پێرێ‌دەستەیەکی بەکرێ‌گیراوان لە سوپای کۆماری گەلی کۆنگۆ‌ویستویانە دەست بەسەر دامودەزگای دەوڵەتدا بگرن‌ورژێمی فەرمان ڕەوا هەڵگێڕنەوە •

رادیوکە وتویە : کودەتایەکە بە سەرکردایەتی ئەفسەر (ئنجی دیاوارا) بوەو تێکوشەرانی سوپا توانیویانە پیلانەکە پوچەڵ‌بکەن‌و (دیاوارا)ش رای‌کردوە •

لەلایەکی تریشەوە (جوشم یومبی) سوپا سالار بەناوی ماریان نگوابی سەرەك کوماره وە بەیاننامەیەکی لەئیستگەی رادیوی خوێندۆتەوەو وتویە : لەشکری سوری سۆڤێتی هەردوو تێپەڕی ئەوەبو ئەو شەوە ئەو ئەفسەرە دەستی‌گیرکرا • ئەو کودەتایە بەشداری تیدا نەکرا • ئەو کودەتایە لە لایەن ئەفسەرانی سوپا ئەنجامدرا • ئەو کودەتایە لە کۆنگۆی میللی ئەنجامدرا • ئەو کودەتایە لە کۆنگۆی میللی ئەنجامدرا • ئەو کودەتایە لە کۆنگۆی میللی ئەنجامدرا •

دونگرەی ولاتانی پەیمانی ئەتلەنتیك

جۆزێك لانز ، سکرتێری‌گشتی پەیمانی ژووروی ئەتلەنتیك لە وتوێژێکدا کەلەرۆژنامەیەکی ئەلمانیای رۆژئاوا لە شاری هامبورگ ، بڵاوکراوەتەوە ، وتویە : پێویستە ولاتانی ئەندام لە پەیمانەکەداخۆ ئامادە بکەن بۆ بەستنی کۆنگرەی ئاسایشی ئەوروپا بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیمانە چوار قۆلیەکەی سەبارەت بە بەرلین مۆر ئەکرێت •

لانز لەم وتو وێژەدا وای نیشان‌داوە گوایە ئەم کۆنگرەیە دەورێکی کاریگەری ئەبێت لە چارەسەرکردنی ساردی نێوان ولاتانی ئەتلەنتیك‌و ولاتانی پەیمانی وارشۆ •

ئاژانسەکان

کرێکارانی عێراق بەشداری کۆنگرەی کرێکارانی ولاتانی دۆست ئەکەن

یەکێتی‌ی گشتی یەقابەی‌کرێکارانی ولات بڕیاری داوە بەشداری ئەو چوار کۆنگرە جیهانی‌یەی کریکاران بکات کە لە مانگی ئادارو حوزەیرانی ئایندەدا لە (دار البیضاءو موسکو ، پراگ ، صۆفیا) ئەبەسترێ •

نەقابە فاروق عبدالکریم ، ئەندامی یەکێتی‌ی نەقابەی کریکارانی ناوچەی کەرکووکی داناوە کە لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتی‌ی کاری مەغرب بەشدار ببێ وە احمد شهاب سەرۆکی یەکێتی‌ی نەقابەی کریکارانی ناوچەی بەسرەو ناصر حسون سەرۆکی یەکێتی‌ی نەقابەی کریکارانی ناوچەی (مثنی) لەکۆنگرەی (١٥)ی یەکێتی‌ی نەقابەکانی کریکارانی سەرانسەری سۆڤێتی کە لە موسکۆ ئەبەسترێ بەشدار ببن ، لەلایەکی تریشەوە عبدالحسین حیدری سەرۆکی یەکێتی‌ی نەقابەی کریکارانی ناوچەی کەربەلا دانراوە بۆ بەشداربون لەکۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی‌ی نەقابەی گریکارانی بلگاریاو کاظم حسین سەرۆکی یەکێتی‌ی نەقابەی کریکارانی ناوچەی (قادسیە) لە کۆنگرەی دوەمی نەقابەی کریکارانی چیکۆسلاۆ ڤاکیا کە لەپراگ ئەبەسترێ بەشدار ئەبێ •

ئا•د•ع

مەڵبەندی گومرگی کەلار

بڕیاردراوە کە دایرەیەکی گومرگ لە مەڵبەندی قەزای کەلار – پارێزگەی کەرکوك – بکرێتەوە •

وەزارەتی دارایبیش داوای کردوە کە دوای بڵاوبونەوەی ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی – رسمی – دا ئیش‌و کاروباری پیویستی بۆ هەڵبسورێنرێت •

شۆڕشگێڕانی ڤیتنام زیانێکی گەورەیان لەدوژمن داوە

ئاژانسەکانی دەنگوباس لەخواروی رۆژهەڵاتی ئاسیاوەوانەگەیەنن کە بەبۆنەی سەردانەکەی ریچارد نیکسونەوەلەکۆماری گەلی چین ، شورشگێڕانی ڤیتنام گەورە ترین هێرشیان بردۆتە سەرهێزەکانی دوژمن • رۆژی پێنج‌شەممەی رابوردو شورشگێڕان بە تۆپ‌و شەستیر لە دولی‌میکۆنگ نە هێزەکانی‌سایگۆنی بەکرێ‌گیراویان داوە •

محاکەمەکردنی ٢٢٧ نیشتمان پەروەر لە تورکیا

دادگایەکی سوپایی لەئەنقەرەدەستی‌کردوە بە محاکەمەکردنی ٢٢٧ نیشتمان پەروەری تورکیا بە تۆمەتی ئەوەی سەر بە رێکخراوێکی چەپ‌ڕەون‌و هەوڵی روخاندنی رژێمی فەرمان‌ڕەوای تورکیایان داوە •

چەند سەرچاوەیەکی ئاگاداریش وا ئەگەیەنن کە دوورنیە داواکاری گشتی داوای لە سێدارەدانی (١٣) کەسیان‌وە گرتنی‌ئەوانی تر بکات بۆ ماوەی (١٥) ساڵ •

ئاژانسی دەنگوباسی رویتەر لە ئەنقەرەوە وائەگەیەنی کە ئەم نیشتمان پەروەرانە لەکاتی محاکەمە کردندا بەروی دادگاکەدا هاواریان‌کردوەو وتویانە : رژێمی تورکیا رژێمێکی فاشستی‌یە !!

شورشگێرانی مۆزەمبیق ٨٠ سەربازی پورتگالیان لەناوبردوە

بەرەی رزگاریخوازی‌مۆزەمبیق بەیاننامەیەکی لەدار السلام بڵاو کردۆتەوەو تیایا وتویە :–

لە مانگی کانونی یەکەمەوە شۆڕشگێڕان نزیکەی (٨٠) سەربازو ئەفسەری‌ئیمپریالیزمی پورتگالیان لەناوبردوەو چەك‌و ئازۆقەیەکی زۆرئیشیان لێ‌گرتوە جگە لەوەی زیانێکی گەورەیان لە دامو دەزگاکانی داوە • بەیاننامەکە وتویە شۆڕشگێڕەکان تەنگیان بەدوژمن هەڵچنیوە ، دلێرانە هێرش ئەبەنە سەر سەربازگەکانی • وەلەناوچەی (ئوانگۆ) سێ پردیان روخاندوەو چەند تانك‌و زرێ پوشێکی‌دوژمنیان لەکارخستوە •

گەڕانەوەی ٨ ملیون دەربەدەر بۆ بەنگلادیش

ئاژانسی دەنگوباسی تاسی سۆڤێتی لە زمان قسەگێڕەوەیەکی حکومەتی هیندستانەوە بڵاوی کردۆتەوە کە تاکو ئیستا نزیکەی (٨) ملیون‌و (٧٠٠) هەزار لە دەربەدەرانی پاکستانی رۆژهەڵات (بەنگلادیش) لە هیندستانەوەگەڕاونەتەوە جێگار شوینەکانی خۆیان •

تاس

عیدی ئەمین پشتگیری ئیسرائیل ئەکات

رۆژنامەی (دافار)ی سەهیونی‌نوسیویە کە جەنرال (عیدی ئەمین)ی سەرەك کۆماری ئۆگەندە لە کەمپالا چاوی بە بالوێزی ئیسرائیل کەوتوەو پێی وتوە کە ئۆگەندە‌پشتگیری ئیسرائیل ئەکات ، وەسەردانەکەی ئەم دواییەی لە چەند هەردوو ولات •

ئەمین داوای لە بالوێزەکە کردوە کە لێپرسراوانی حکومەتەکەی لەم رووەوە دڵنیا بکات •

لەلایەکی تریشەوە گۆڤاری (هەعۆلام هەژێ) کەلە شاری (تەل ئەبیب) دەرئەچیت نوسیویەتی ئەڵێ : لەناوچەیەك کە (٦٥) کیلۆمەتر لە کامپالای پایتەختەوە دوورە بنکەیەکی ئاسمانی ئیسرائیلی تیا دروست کراوە ، ئەو بنکەیەش لەکاتی پێویستدا بەکار ئەهێنرێ •

دوژمن داوای ٣٠ ملیون دۆلار ئەکات

لە هەفتەی رابوردوا بەرێوەبەری بانقێکی سەهیونی لە شاری (تەل ئەبیب) بە سەردانێکی رەسمی چوە بۆ واشنتۆن ، بۆ گفتوگۆکردن لەگەل (رۆبەرت مەکنەمارای) بەریوەبەری بانقی دوەلی ئەمریکا لێپرسراوە سەهیونی‌یەکە لەم گفتوگۆیەدا داوای قەرزێکی سی ملیۆن دولاری لە ئەمریکا ئەکات •

سەردانەکەی نیکسون لە کۆماری گەلی چین

رۆژی سێ شەممەی رابوردو ریچارد نیکسونی سەرۆکی ئەمریکا بە سەردانێکی حەوت رۆژی گەیشتە پەکین ، وەلەگەل گەیشتنیا لەلایەن شوئان لای سەرەك وەزیرانی کۆماری گەلی چین‌ولێپرسراوانی تری دەوڵەتەوەپێشوازی کرا •

ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ (شینخوا) ئەڵێ :–

ئەو وەفدەی لەگەل نیکسون‌دایە لەوەلیم روجرزی وەزیری دەرەوە ، وە هنری کسینجری راوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا بۆ کاروباری ئاسایشی ئەوروپا پێك‌هاتبو ، جگە لە رۆژنامە نوسو پەیامنێران •

بە پێچەوانەی چاوەڕاوی دامو دەزگاکانی پڕوپاگندەی رۆژئاوا ، گەلی چین بەساردی پێشوازی نیکسونی‌کرد • رویتەر ئەڵی ، نیکسون لە فروکەخانەوە بە ئوتومبیل (٢٨) کیلومەتری بڕیوە تاوەکو گەیشتوتە ئەو شوێنەی بۆ هەسانەوەی تەرخان‌کراوە ، وە بە درێژایی ئەو رێگایە تاقە کەسێك ئاوڕی لێ‌نەداوەتەوە وەکەسێ ڕوی بۆ وەرنەسوراندوە •

نیکسون دوای گەیشتنی لەگەل سەرەك ماو کۆبۆتەوە ، سەر لە ئێوارەش شو ئان لای‌و نیکسون لە بارەگای ئەنجومەنی گەل لەپەکین کۆبونەتەوە •

ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا وتویە کە شو ئان لای لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا وتارێکی خوێندۆتەوەو وتویە :–

(جیاوازیەکی سیاسی زۆر لەنێوان رژێمی کومەلایەتی‌و هەردوو حکومەتی چین‌و ئەمریکادا هەیە ، بەڵام ئەم جیاوازیە نابێ ببێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی‌یەکی سروشتی‌و ئاسایی لەنێوان هەردوو وڵاتدا نەبەسترێ) ••

ریچارد نیکسۆنیش لەوەڵامدا وتویە : ئەگەر بێتو هەردوو میللەتی چین‌و ئەمریکا دوژمنایەتی یەکتری بکەن ، ئەوا پاشە رۆژی جیهان تاریك ئەبێت ، بەڵام کەبێتو دەرفەتی لەیەك گەیشتن هەبێت ، ئەوا ئاسۆی ئاشتی جیهانی فراوانتر ئەبێ •

بەڵای منەوە هیچ هویەکی وانیە کە ببێتە هۆی ئەو ناکۆکیە ، جارێ هیچ لایەکمان نیازی زەوت کردنی خاکی یەکتری نیە وە هیچمان نامانەوی دەست بەسەر جیهانا بگرین یان حوکمی جیهان بکەین •

لەلایەکی تریشەوە گۆڤارو رۆژنامەو ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهان ئەم سەردانە بە رووداوێکی مێژویی گرنگ دائەنین بۆ نمونە رۆژنامەی (واشنتون پۆست) نوسیبووی کە ئەم سەردانەی نیکسون زۆر لەو گەشتە ئەکات کە ئارمسترونگ بەرەو مانگ کردی •

وە رۆژنامەی (گەل) ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی پارتی کومونیستی چین حەوت وێنەی گەورەی سەرەك ماو وە نیکسون‌و شوئان لای بلاوکردۆتەوە •

بەڵام رۆژنامەی (نهان دان) کە لە ڤیتنامی دیموکراتی پیویستی بۆ هەڵبسورێنرێت •

بڕوانە ل –٧–

ئەوەی رۆژەکانی وەزارەتی کاروباری ژوورو لەکوردستاندا

● بەریوەبەرایەتی گشتی ئەدان‌کردنەوەی ژوورو کتابخانەیەکی چوار پۆلی لەگوندی قیرچەی ناحیەی ئادرکرم لە قەزای طوز خورماتو دروست‌کردوە قوتابخانەکەش (٣٥٠٠) دیناری تێچوە •

● وە لە گوندی – دولان – ناحیەی قەرەداغ لەپارێزگەی سلێمانی‌خەستەخانەیەکی‌و خانوی – موظف صحی – تەواو بوەو نزیکەی (٢٦١٤) دیناری تێچوە •

● وە لە پرۆژەکانی بوجەی ساڵی ٧٠–٧١ قوتابخانەیەکی چوار پۆلی لەگوندی (زارەی‌مەلحە) لەقەزای چەمچەماڵ دروست‌کراوە وە (٣٥٠٠) دیناری تێچوە •

● لە پارێزگەی دهوك سێ قوتابخانەی سەرەتای دروست کراوە وە لەم گوندانە :باتوفە، حسن ئاقا ، دیمکا قوتابخانەکانیش (١٦٠٠) دیناریان تێچوە •

● ئەمساڵ(٢٣) قوتابخانەی تری خویندنی کوردی لەپارێزگەکانی نەینەواو دیالاو کەرکووك کراوەتەوە • بەم جورە ژمارەی ئەو قوتابخانانەی لە نەینەوا بەکوردی ئەخوێنن گەیشتوتە (٩٢) قوتابخانەی سەرەتایی‌و (٣) قوتابخانەی ناوەندی‌و ئامادەیی‌و لە دیالا (٤٨) قوتابخانەی سەرەتایی‌و (٥)ی ئامادەیی‌و ناوەندی وە لە کەرکوك (١٨٣) قوتابخانەی سەرەتایی‌و (١٦) قوتابخانەی ناوەندی‌و ئامادەیی •

● وەزارەتی کاروباری ژوورو بڕیاری داوە کە رێگایەکی نوێ لەنێوان جەلەولاو سلیمانی بکاتەوە ئەویش بە دەربەندی خانداو بەم گوندانەدا ئەڕوات :هورین، شاوازی ، باخەهناره ، بێلوله •

● وەزارەتی کاروباری ژوورو بڕیاری داوە کە مەڵبەندێکی مەشقکردنی پیشەیی دارستان لە هەولێر بکاتەوە ئەویش بۆ پێگەیاندنی پسپورو کارزانی تەکنیکی وە بەکارهێنانیان لە پرۆژەکانی دارو دارستاندا •

سەرکەوتنی مانگرتنەکەی کریکارانی ئەمریکا

کرێکارانی بەندەرەکان لە گوێی دەریای رۆژاوایی ئەمریکا دوای درێژترین مانگرتن لە ئەمریکادا ، هەفتەی پێشو داواکاریەکانیان بەدی هێناوە ، کە بەپێی ئەمە رۆژانەکانیان بەنیسبەتی ٢٦٪ بۆ زیاد ئەکرێت • وە ژمارەی کریکارە مانگرتوەکان ١٥ هەزار بوونو لە یەکی تەموزی رابوردوەوە مانیان گرتبو •

خەباتکەری ڕەش خاتو دیڤیس

پێرێ رۆژنامەی (دیلی ورلد) ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا نوسیویەتی کە خەباتکەری ئەمریکایی خاتو ئەنجێلا دیڤیس هەڵبژێراوە بە ئەندام لە کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکادا •

خاتو دیڤیس ئیستا لە بەندیخانەیەکی شاری کالیفورنیا گیراوە ، وە چاوەڕوانی محاکەمەکردن ئەکات •

نیۆیۆرك : تاس

institut kurde de paris

بزوتنەوەی دیموکراتی و نەتەوایەتی گەلی ئازەربایجان

گۆڕینی : نەبەز

پاشماوە ژمارەی پێشو :

ئەوەی ڕاست بێت ڕێکخستنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان زۆر تازەو کەم تەجروبە بو ، ئەگەرچیش ڕێبازی سیاسی گەلێك پێشکەوتوتر بو لە ڕێبازی حیزبی توده (کە ئەوسا بەشداری وەزارەتی قوام‌السلطنە بون کە دەستی لەخوێنی خەلکی کوردستان‌و ئازەربایجاندا سور بو) ، بەلام فیرقە نەیتوانی ئەورێبازەی خۆی زیاتر گەشە پێ بدات لەروی ئایدیۆلۆجیەوە ٠٠ وە لە زۆرمەسەلەدا هەر هەلویستی چینایەتی تێکەل بو ، بەلام لەگەل هەمو ئەوانەشدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی‌و دیموکراتی ئازەربایجان ، لاپەڕەیەکی روناکی خەباتی گەلانی ئێرانە ٠ چونکە لە کاتێکدا کە حیزبی توده نوقمی گەردلوی ئیسلاحیەت بو ، وەبزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی ئێران بە گشتی لە (جزر)دابو ، هەلگیرساندنەوەی بزوتنەوەی ئازەربایجان ئەهمیەتێکی تایبەتی هەبو ، ئەوبزوتنەوەیە ئەوەی سەلماند کەجەماهیری گەل ئامادەی شۆڕشن‌و لەو پێناوەدا لەگیان‌فیداکردن سل ناکەنەوە٠ وە لەدوا هەلسەنگاندنی بزوتنەوەی ئازەربایجاندا ، ئەبێ هۆی سەرەکی سەرنەکەوتن‌و کەم‌وکوڕی‌یەکانی بگێڕینەوە بۆ نەبونی سەرکردایەتی ڕاست ،واتە سەرکردایەتی حیزبی چینی کرێکار ٠

بێگومان لە باس کردنی هۆکانی شکانی بزوتنەوەکە ، ئەبێ دەوری حیزبی تودەش باس بکرێت ، حیزبی توده کە ئەوسا وەکو تاکە حیزبی «چەپ» نفوزێکی زۆری هەبو ، ئەگەر هەلوێستی ئیسلاحی‌و پەرلەمانی ئەو نەبوایە ، ئەتوانرا لە سەرانسەری ئێراندا شۆڕش بەرپا بکرێت٠٠ بە تایبەتی لە ناوچەکانی ئێراندا ،وە ئەوساکە حکومەتی مەرکەزی نەی‌ئەپەرژا بەو جۆرە هەمو لەشکری خۆی کۆبکاتەوە بۆ سەر ئازەربایجان‌و کوردستان ٠

کەواتە هۆیەکی تری شکانی بزوتنەوەکە ، بەبونی خەباتی یەکگرتوی گەلانی ئێران بو ، کە ئەو یەکگرتنە هەر بە حیزبێکی مارکسی – لینینی بەدی ئەهێنرا ، کە بیتوانیایە بیروباوەری مارکسیزم – لینینیزم تێکەلاو بکات لەگەل زروفی ئێراندا و پرولیتاریاو هەمو گەلانی ئێران سەرکردایەتی بکات ٠ کەچی لە جیاتی حیزبێکی وا ، حیزبی تودەی ئیسلاحی هەبو ٠

جگە لە هۆیەکانی ناوخۆی بزوتنەوەکە ، هەولو تەقەلای هارانەی ئیمپریالیزم دەورێکی زۆری هەبو لە تێك شکانی بزوتنەوەکەدا ، کە لەو بوارەدا ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو ئینگلیز هاوکاریەکی تەواویان کرد ٠

دروست بونی حکومەتی ئیئتلافی سێ مانگەو تێکچونەوەی مفاوەزەی حکومەت‌و نوێنەرانی ئازەربایجان ، زەمینەی خۆش کرد بۆ هێرشی کۆنەپەرستانەی حکومەت ،کە گەلی ئازەربایجان ناچار بو بەبێ لەشکری خۆیان‌و بەبێ چەکێکی ئەوتۆ بەرگری بکەن ٠

سەرکردایەتی ئیسلاحی حیزبی توده ، دەرسی لە مێژو وەرنەگرت ، هەرچۆن لە ساڵی ١٩٤٥ – ١٩٤٦ دژی خەباتی چەکدار وەستاو بو بە سەیرکەری قەسابخانە کانی رژێمی شا لە کوردستان‌و ئازەربایجاندا ، لە ئینقلابەکەی زاهدی ١٩٥٣ یشدا هەر دەوری بێدەنگی‌و ڕێگەی هەلاتنی هەلبژارد ، وە ئێستاش خیانەتی خۆی بۆ گەلانی ئێران زیاتر دەرئەخات ، بە درێژە پێدانی سیاسەتی ئیسلاحی‌و (خەباتی ئاشتی خوازانە) لە دەرەوەی ولات ٠

حیدر عمو أوغلی
سەرکردەی‌شۆڕشی دەستوری لە ئازەربایجان ١٩٠٥ – ١٩١١

ستارخان
دامەزرێنەری حزبی شیوعی ئێران – ١٩٢٠

مێژوی ٣٠ ساڵی حکومەتی حەمە رەزا شای ئێران ، ئەو دەرسەمان دائەدات کە تەنیا بە شۆڕشی چەکدار وەلامی هێرشی دڕندانەی کۆنەپەرستان ئەدرێتەوە ، و ئەوانەی سوالی ئازادی دیموکراتی‌و ئیسلاحات لە شا ئەکەن ، ڕاستیەکەی ئەیانەوێت دەستی خەلك ببەستن‌و چەکیان بکەن لە بەربەستی دوژمنی خوێن خۆردا هەروەك دەورێکی زۆریان هەبو لە چەك‌کردن‌و بە گورگان خواردودانی بزوتنەوەی ئازەربایجاندا ٠

سەرکردایەتی حیزبی توده خۆی نەگرت لەوەی کە پێخوشحالی دەربڕێت بۆ شکانی بزوتنەوەکە ٠ هەر مانگێك دوای شکانی شۆڕش ، کە هێشتا کوشتن‌و بڕینی خەلکی ئازەربایجان بەردەوام‌بو گۆڤاری (مەردم) کە ئورگانی حیزبی تودەیە مەقالێکی بە ناوی (پەندی مێژو)ە وە نوسی تیایدا ئەڵێت :

« لە مانگی رابوردودا لەشکری حکومەت چوە ناو شاری تەورێزەوە کە مەرکەزی لیوای ئازەربایجانە ، ئەم هەنگاوەیش بە پێی فەرمانی حکومەت‌و ڕەزامەندی حاکمی ئازەربایجان خۆی نرا ،هەندێك لە سەرکردەکانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان کە دوای ڕوداوەکانی زنجان ، حەزیان بە هاتنی لەشکری حکومەت نەئەکرد ، نیازی بەرهەلستیان هەبو ، بەلام لە ئەنجامی مناقشەی کۆمیتەی مەرکەزی فیرقە ٠٠ ڕێگەی ئاشتی هەلبژارد ٠ وە کۆمیتەی مەرکەزی لە پێناوی بەرپاکردنی ئاشتی لە هەمو ئێراندا دەستی لە بەرهەلستی‌کردن هەلگرت، کە ئەوە زۆر خزمەتی مەسەلەی ئاشتی جیهانی ئەکات ،وشەپڕی براکوژی ناهێلێت‌و دوژمنایەتی کۆتایی پێدێت ، لەبەرئەوە هەرچونێك بێت ئەبێ پشتگیری ئەم هەنگاوە بکەین ، چونکە پاشەکشەیەکی بەسودو باشترە لە شەڕی دۆڕاو ، ئێمە نابێ دوای ئەو تەمایە بکەوین کە بە خوێن ڕشتن سەرکەوتنێکی کاتیمان دەست بکەوێت ، ئەبێ ئێمە هەر بۆ پێشەوە بڕوێن لە پێناوی ئاشتی جیهان‌و پێشکەوتن‌و سەربەستی‌دا ٠ »

سەرنجێکی ئەم تەعلیقە ژیرانەیە ، دەری ئەخات کە مەبەستی شتنەوەی دەستی قەسابەکانی حکومەتی مەرکەزیە کە چوبوبە خوێنی خەلکی بێدەرەتانی ئازەربایجاندا ، وپشتگیری کردنی دامەزراندنەوەی دەسەلاتی حکومەتی کۆنەپەرستی شایە لە ئازەربایجان ،وە زۆرنالێدانە بۆ خەلك کە (لەپێناوی ئاشتی‌دا) تەسلیمی دوژمن بن ٠

لینینی مەزن ، دەربارەی هەلویستی مارکس لە ڕاپەڕینی پرۆلیتاریای پاریس لە ١٨٧١ دا ، وەهای نوسیوە :ـ

« بە پێی مادیەتی دایلەکتیکی مارکسی‌یانە ، وە بە گوێرەی دوا ڕۆژی ڕێبازی بزوتنەوەی گشتی‌و ئەنجامی خەباتی پرۆلیتاریا ، شکانی جولانەوەی شۆڕشگێڕانە لەم زروفەدا یان لە هەر زروفێکی تری وەهادا زۆر باشترە لە وەی کە شەڕەکە نەکرێت‌و خەلکی بە بێ بەرهەلستی کردن تەسلیم بن ٠ تەسلیم بونی وا مەعنەویاتی پرۆلیتاریای ئەڕوخان‌و عەزمی تێکوشانی بێ تین ئەکردن ٠ »

بڕوانە ل ٦

گیردگرفتەکانی ئێران لە چاپەمەنی جیهاندا

هەرچەندە کاربەدەستانی کۆنەپەرستی ئێران هەول دەدەن بیروباوەری گشتی جیهان لە ڕووداوەکانی ئێران بێ ئاگا بێ‌و ئەوەندەی لە دەستیاندێ پەردە بەسەر جنایەت‌و تاوانەکانی خۆیاندا دەدەن ، بەلام لە ئەنجامی چالاکی‌و هەول وتەقەلای ڕۆلە تێکۆشەرەکانی گەل‌و هێزەنیشتمانی‌یە پێشکەوتوەکانی ئێران‌دا دەنگ‌وباسی ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران‌و مەسەلەی تاوانەکانی دەزگای حاکیمەی دیکتاتۆری پاشایەتی سنوورەکان دەشکێنێ‌و لە هەمو دنیادا دەنگ دەداتەوە وروو کاری ڕاستەقینەی ژیانی خەلك‌و جەوهەری ڕێژیمی دژی گەلی حەمە ڕەزا شا بە گەلانی ئازادی خوازی جیهان نیشان دەدا وکاگەیشتۆتە ڕادەیەك کە کەمتر ڕۆژنامەیەکی موعتەبەرو بە ناوبانگی دنیا هەیە دەنگ‌و باسی ئێرانی شاهەنشاهی لە لاپەڕەکانی خۆی‌دا چاپ نەکاو لەی خاتە پیش چاوی بیروڕای گشتی پێشکەوتووی جیهان ٠ ئێمە لێرەدا چەند ڕستە لە نووسراوەکانی لۆمۆند ڕۆژنامەی بەناوبانگی فەرانسەوی دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی بەڕێزی « هاوکاری » ٠

لۆمۆند ١٠–١١–١٩٧١
بیست خوێندکار لە پاریس مانیان لە خواردن گرتوە ٠

بیست خوێندکاری ئێرانی لە ڕۆژی شەممەی ٦ی نووامبرەوە لە پاریس دەستیان داوەتە مانگرتن لە خواردن ، تا لە دژی شرت‌و گوم کردنی غەیرە قانوونی ئوپۆزیسیون‌و موخالیفەکان کە پێیان وایە بە هۆی حکومەتی ئێرانەوە ئەنجام دەدرێ ئیعتیراز بکەن ٠

یەکیەتی خوێندکارانی ئێرانی لە فەرانسە ناوی ٣٧ کەس لە مامۆستای قوتابخانە بەرزەکان‌و کارمەندان‌و موهەندیسان‌و خوێندکارانی بلاوکردۆتەوە کە لە دادگایەکی سەرەتایی‌دا بە ئیعدام مەحکوم کراون ٠ لەگەل دەربڕینی نیگەرانی لە چارەنووسی ئەوان داوای کردوە تەئریخی دادگای تجدید نظریان دیاری بکرێ‌و ڕێگا بدرێ کە چاوەدێری کەرانی حقوقی ناو نەتەوایەتی لە دادگای ئەوان‌دا بەشدار بن ٠ لەزۆر سەرچاوەی جۆر بەجۆرەوە سەلێندراوە کە زەبرو زەنگ لە ئێران‌دا درێژەی هەیە ٠

ئیتیەن ژودیل وەکیلی پارێزەری دادگای پاریس کە لەلایەن فیدراسیۆنی ناو نەتەوایەتی مافی مرۆڤەوە ناردرا بۆ تاران هەواڵی ئیعدامی ئەو پێنج کەسەی تصدیق کردوە ، کە تا ئێستا بە نهێنی ڕاگیراوە ٠

(ڕۆژنامەکانی ئێران ڕۆژی سێ شەممە مەحکوم بوون‌و ئیعدامی ئەو پێنج کەسەیان تەئییدکردو ڕایان گەیاند کە ئەوانە بە تاوانی پێك هێنانی دەستەی پارتیزانی‌و پیاوکوژی‌و چەتەبی‌و بەربەرەکانی چەکدارانە لەگەل مەئمورانی « ئەمنیەتی » دا موحاکەمە کراون ٠ لە ئاگاداریەکی ڕەسمی‌دا ڕوون کراوەتەوە کە حوکمی دادگا بە گوێرەی قانوون بوە ، بەلام نە تەئریخی حوکم دران‌و نە مێژووی ئیعدامی ئەوانەی تێدا باس نەکراوە !)

بە نەزەری هەواڵنووسی ڕۆژنامەی (فینانسیال تایمز)ی ئینگلیسی پاش ئەوەی لە ڕۆژی ١٩ی ئوتی ئەمساڵ دا لە تاران بۆمبایەکیان تەقاند زۆر کەسی تریش ئیعدام کراون ٠

ڕێکخراوی عەفوی بین المللی لە بارەی ئەو حوکمانەدا کە دادگا سەربازیە تەڕدەستەکان دەیان دەن نارەحەتی دەربڕیوە‌و باسی ئەو هەمو گیراوانەی کردوە کە ئیستا بە تاوانی سیاسی لە زیندانەکان‌دا بە سەردەبەن . یەکێك لەوانە حسین ڕضائی‌یە کە بەناوی تەرجومانی چاوەدێری‌کەری ناو نەتەوایەتی کە لە لایەن ڕێکخراوی عەفوی بین المللی‌یەوە نێردرابوو ، چۆتە ئێران‌و لەوێ گیراوەو بە هەشت ساڵ زیندان مەحکوم کراوە بەلام تا ئێستا کارەساتی دادگای ناوبراو ئاشکرا نەکراوە ٠ هەروەها وەکیلانی فەرانسەوی یەکێك لەوان میشیل بوویلیا کە ئیستا لە تارانە لەم هەمو هەلوەشاندنەوەی مافی مرۆڤ کە لەلایەن دەزگا حقوقی‌یەکانی ئێرانەوە ڕوو دەدا ، خەفەت‌و نارەحەتی دەربڕیوە‌و بە لایەوە سەیرە کە هەرداوایەك بۆ وەدەستهێنانی مەعلومات لە کاربەدەستانی ئێرانی دەکا ، ڕەت دەکرێتەوە٠

لۆمۆند ١٤ و ١٥ نووامبری ١٩٧١ :

لە هەریمی زانستگادا کۆمەڵێکی زۆر لە خوێندکاران مانگرتنی خۆیان لە خواردن درێژەپێ دەدەن ٠ سێ کەس لە وبیست خوێندکارە کە لە ٦ی نووامبرەوە مانیان لە خواردن گرتوە بۆ ئەوەی بیروڕای گشتی جیهان بۆ لای چارەنووسی ئەو ٣٧ کەسە ڕاکێشن کە لە ئێران بەدری گیراون ، ڕۆژی هەینی لە نەخۆشخانەی هەریمی زانستگا کەوتوون ، ٦ کەسی تریش بەپێی دەستووری دوکتۆر دەبوایە مانگرتنەکەیان بشکێنن ١١ کەسەکەی تر بریاریان داوە درێژە بە مانگرتنەکەیان بدەن تا کاتێك کە حکومەتی ئێران بەڵێن دەدا دادگای ئاشکرا و بەشداری چاوەدێری کەرانی ناو نەتەوایەتی دابمەزرێنێ ٠

کومیتەی دیفاع لەزیندانیانی سیاسی ئێران (بەسەرۆکایەتی سارتر) بێجگە لەوەش بیروڕای گشتی بۆ لای ئازارو ئەشکنجەی دە ڕووناکبیر کە لەم دواییەدا گیراون‌و هەروەها بۆ لای چارەنووسی موهەندیس سەحابی ڕادەکێشێ کە لە زیندان دایەو وەزعی تەندروستی جێگای مەترسی‌یە ٠ ئەو کومیتەیە هەروەها ڕادەگەیەنێ کە لە زۆر سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی زانیوە کە دوو دوکتۆر وفیزێك زانێك بە تاوانی پێوەندی نامەنووسین لەگەل موخالیفانی ڕیژیم لە دەرەوەی ولات گیراون‌و خەلکیکی زۆریش وەك بارمتە گیراوە لە بەرئەوەی گۆیا کوڕەکانیان هاوکاری لەگەل بزووتنەوەی پارتیزانی دەکەن :

لۆمۆند ١٨–١١–١٩٧١ :

کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی فەرانسە لە تیلگرافی ڕۆژی سی‌شەممە ١٦ی نووامبردا لە هویدا سەرۆك وەزیری ئێرانیان نووسیوە : بیست خوێندکاری ئێرانی لە ڕۆژی شەممە ٦ی نووامبرەوە مان یان لە خواردن گرتوە ، بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەوە لە چارە نووسی ئەو ٣٧ کەسەی

بڕوانە ل – ٧ –

ئافرەکی ڤیتنام بە شێکە لە لقێکی شۆڕشگێڕ

گۆڕینی شەفەق

لەهەمو شوینێك پاش ئیش کردن لە ڕۆخی ڕوباری سور وگۆمەگەورەکانی هانۆی ،دڵدارەکانم ئەبینی سەیرانیان ئەکرد ٠٠ ئافرەتی ڤیتنامی‌شو بەوکەسەئەکات کە خۆشی ئەوێت ٠٠ وەهەرچەندە یاسا ڕێگایان ئەدات کە لە پاش بیستساڵی بەدواوە شو بکەن بەلام زیاتر لە بیستو سێ‌و بیستو چوار ساڵیدا شو ئەکەن ٠٠ ئافرەتێکی ڤیتنامی کەتەمەنی چل‌ساڵ ئەبو بۆی باس‌کردم کەچۆن لەکۆمەڵی کۆندا ئەوە باوبو کەکوڕی ئاغای دەربەگ لەتەمەنی هەشت‌و نۆ ساڵیدا ژنیان بۆ ئەهینا ٠٠ ئەو ژنەش خۆی لە حەوت ساڵیدا داویانە بەکوڕێکی وا لەتەمەنی هەشت ساڵیدا ٠٠ ئەم‌شووکردنە بەمانای ڕاستی خۆ نەبو بەڵکو بریتی‌بو لەکڕینی کارە کەرێ بۆ ئاغای پچکۆلە کوڕی دەربەگەکە ٠٠ وەهەرکەئەم ئاغایە تورە ببوایە لەئەنجامی پچوکترین هەڵەیاهۆ ئەیدایەبەرلیس وەپێی‌ئەوت : « خۆت بەژنی من ئەزانی نەی بێ قیمەت »؟!

وە هەر کە ئەو منداڵە گەورە ئەبێ کچەکە لەکوشکەکە دەرئەکات ٠وەژنێکی تر ئەهێنێ لە کۆمەڵی خوا پێداوەکان ٠

تەڵاق لە ڤیتنامی ئەمڕۆ زۆر بەدەگمەن ڕو ئەدات ٠ ئەویش مەگەر هۆی زۆر بەهێز هەبێ وە لەپاش ئەوەی هەمو هەوڵێك هەڕەس نەهێنێ بۆ چاك‌کردنەوەی پەیوەندیان ٠

ئافرەتی ڤیتنام لە پێشدا بەدڕندەترین شێوە ئەچەوسینرایەوە وەبەووك سەیرئەکرا ٠٠ لەساڵی ١٩٢٥ (هوشی‌منە) باسی حاڵی ئافرەتی کردوە ئەڵێ ! « نە یئەنوانی لەدەست ئەو ڕەفتارە دڕندانە ڕابکات لەهەر شوێنێك بوایە لەشار – یا لەماڵیا یا لەبازار – یا لەلادێ ٠ لەهەمو شوێنی تووشی ڕەفتاری ناشیرین ئەبو لەلایەن مو چەخۆرو بەڕێوبەرە پۆلیسەوە ئەوە شتێکی ئاسایی‌بو کە بیستڕایە ئەوروپیەك بانگی‌ژنێکی ڤیتنامی بکردایە بێ وتایە ئەی قەحبە ئەی مەیمون ٠٠ »

ئافرەتی ڤیتنامی وای لێهاتبو منداڵەکانی بفرۆشێ بەدەرەبەگەکان بۆئەوەی خۆی بژی وەکەوەختێ لەشکری فەرەنسی کشایە وە لەڤیتنام (٣٠) هەزار ئافرەتی خراپەی بەجێهێشت لەپاش خۆی کە ئەو ئیشەیان کردبوە پیشە ٠ یەکێتی ئافرەتانی ڤیتنام بەیارمەتی وەزارەتی کاروبارمەتی کۆمەلایەتی هەستان بەخستنە گەڕی ئەو ئافرەتانە لە بەرهەم‌هێنان‌و بنادروست کردن وە توانیان بەوشێوەیە پارە پەیدابکەن وە

بڕوانە ل – ٧ –

لە هەندەران چ باسە ؟

خەبات لە خواروی ڤیتنام :

هەر لە سەرەتای ئەم ساڵەوە ، ڕۆڵەکانی لەشگەلی لە ڤیتنامی خوارو هەموکونێکیان لە هێزە ئەمریکا بەکرێ گیراوەکان تەنیوەو ڕۆژبە ڕۆژ جەزرەبەی کوشندە گرانتر بەو هێزانە ئەگەیەنێ کە خەریکی حەمە (خاوکردنەوە)و (ڕاماڵینن) وەلە لایەکی تریشەوە پەلامە زۆر (دێی ستراتیجی)و ناوچە سەربازیەکانیان بومبوردمانی بنکەو مەخفەروفرۆکەخانەو جبەخانە کردوەو سەرکەوتنی گەورەیان بەدی‌هێناوە ٠ هەر لە ڕابوردودا زیاد لە ٨١٠٠ یان لە دوژمن کوشتوەو لەناوی ٦٢ فرۆکەی دوژمنیان خستوەو ١٠٢ ئوتومبێل‌و مەشینیە شەمەندەفەریان شکاندوەو لەناوبردوە ، وە هەروەهە قەلای تۆپ‌و زیاتر لە ٣٠ بورجیان کاول کردوە لایەکی تریشەوە بە پێی‌ی نەخشەی هێزە چەکدارەکانی ڕزگاری گەلوە دانیشتوانی ناوچە داگیر کراوەکان‌و (دێ ستراتیجیەکانی‌دوژمنیان) ویران کرا خۆیان گەراونەتەوە ناوچەکانیان‌و خەریکن‌بە بە هێنان‌و جەنگەوە لە هەمان‌کاتدا ٠

وە بە هۆی ئەم سەرکەوتنانەوە کە هێزچەکدارەکانی ڕزگاری گەل‌بەدیان هێناوەو لە ئەنجامدانی ئەو ١٠ سیاسەتەوە کە حکومەتی شۆڕشگێڕی کە خواروی ڤیتنام سەربارەت بە پیاوانی ناو هیزە بەکرێگیراوەکان دەری کردوە زۆرلەوانە ڕیزی هێزە بەکرێگیراوەکان بەجێ دێلن وئەچنەناو شورشگێڕەکانەوە ٠وە لە ماوەی مانگی ڕابوردودا ٩٥٠ کەس لەوانە چونەتە ڕیزەکە شورشەوە ٠ جگە لەوەش ٦ سەرپیچی لەناو هێزە بەکرێگیراوەکاندا ڕوی داوەوەهەندی ناوچەشیان گرتوە دەستو زیاتر لە ١١٠ کەسیان‌لە هیزە بەکرێ گیراوەکان کوشتووە ٠

مۆزەمبیق :

ئاگری شۆڕش لەئەفریقاش‌ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بڵێسە ئەستێنی‌و شۆڕشگێڕانی ئازادیخواز ئیمپریالیزمی داگیرکەر لەمەرگ نزیك ئەکەنەوە ٠

هەروەك چۆن لە ڤیتنام‌ولاوس‌و کامبودیاو ئەمریکای لاتینی بەرەی شۆڕش لە پەرەسەندن‌و پێشکەوتندایە ، هەروەها لە ئەفریقیا ، لە ئەنگۆلا ، موزەمبیق ، گینیا ، بیساو ، نابیبیاو ، ڕۆدیسیاش‌شۆڕش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەهێز ئەبێت ٠

لە موزەمبیق ، شۆڕشگێڕانی‌بەرەی ڕزگاری موزەمبیق ، لە ماوەی نێوان کانونی یەکەمی‌ڕابوردو وە کانونی دوەمی ئەم ساڵدا ٨٠ سەربازو ئەفسەری پورتوگالی داگیر کەریان کوشتوەو لەناوی بردوە لە بەیاننامەیەکدا کە بەرەی‌ڕزگاری مۆزەمبیق لە (دار السلام) بڵاویان‌کردۆتەوە‌ئاشکرا کراوە کە شەڕی زۆر قورس‌وگران ڕوی‌داوە لە نێوان‌شۆڕشگێڕان‌و داگیرکەرە پورتوگالیەکاندا و زیانێکی‌زۆریان پێ‌گەیاندون‌و مەرکەزی سەربازی‌هێزە پورتوگالیەکانیان‌وێران‌کردوەو سی٣ پردیان ڕوخاندوەو ژمارەیەکیش‌مەشینی‌سەربازیان شکاندوە ٠

بەریتانیا :

مانگرتنی کرێکارانی‌کانەکانی‌خەلوز لە بەریتانیا هەر بەردەوامە وا ٦ هەفتەیە لە کارکردن وەستاون‌و تا ئێستاش لە داوا کاریەکانیان نەهاتونەتەخوارەوە ، بەمە بەریتانیا کەوتوتە بارێکی ئالوزو گرانەوەناچار باری ناڤاسایی (طوارئی) سەپێنراوەو شتومەکی گوزەرانی‌ڕۆژانە گران کراوەتەوە ٠ نەقابەکانی کرێکارەمان‌گرتوەکان‌ئەو چارەسەرانەی کە حکومەت پێشنیازی کردوەو ئەڵێن ئەوەبە هیچ جۆرێك تەنگوچەلەمەی کرێکارانی چارەسەر ناکات‌وئەو داواکاریانەی مانیان لە سەرگرتوە ناهێنێتە دی ، وەرەنگە ڕۆژی شەممەی ئایندە دەربکەوێت ئایا ڕێك ئەکەون‌ومان‌گرتنە کە کۆتایی دێت یان نا ٠

لەلایەکی‌تریشەوە بەریتانیا کەوتۆتە گۆمی خوێنەوە بە هۆی باری ئایرلەندا کە کوشتار لەنێوانی دانیشتوانی ئایرلەندەی سەروو هێزە سەربازیەکانی‌حکومەتی بەریتانیادا تابێت پەرە ئەسێنێت وە بە کوشتنی ١٣ کەس لە شاری لەندەندری بە گوللەی سەربازو بەریتانیاییەکان هێندەیتر گری کوێرەی خستەمە سەلەکەوە ، جا ئێمە پرسیار ئەکەین ئایا ئەو جۆرە ڕژیمانەی وەك بەریتانیا تا چەندبەرگەی ئەم تەنگوچەلەمە قورسانە ئەگرن ؟

لە لەندەن خۆیدا خۆپیشاندان‌کراوە دژی ئەو کوشتارەی لە شاری لەندەندری کراوەو ١٣کەسی تیا کوژراوە ٠

institut kurde de paris

ئایا چۆن ئەدەبی پاش قۆناغی «گۆران» هەڵەسەنگێنین؟

د. عز الـدین مصطفی

لەگەڵ سەرەتای دەســـت پێ کردنی شۆرشی چەکدارانەی ڕێکخـــراوی دەســـالەمان ٠٠ کارەساتی مەرگ ٠٠ دەنگێکی ڕاستەقینەی هەڵقوڵاوی ناخی ئازارو چەرمەسەری کۆمەڵانـــی زەحمەتکێشی کوردی کپ کرد٠ دەنگێك ٠٠ وشـــەی بـــە مامەڵەیەکی دڵســـۆزانەو پڕفیداکاری دائەنا لە گـــەڵ مەسەلەی مرۆڤدا ٠٠ مەسەلەی خەبات کردن لە پێنـــاو نەهێشتنی چەوســـانـــەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی ٠٠ بەك هەر لە کوردستانی خۆمـــان دابەڵکو لە هەمو ســـوچێکی جیهاندا ٠٠

پاش ئاوابونی ئەســـتێرەی پرشنگداری ـ گۆران ـ ئایـــا کەژاوەی وشەی کـــوردی نوابی شان بەشانی پێشمەرگەی کورد بڕوات لە سەفەری دەســـالەی خوێن و ئارەقەدا ؟٠٠

ئایا (گۆران)ی قۆناغ ٠٠ لەگەڵ مردنی (گـــۆران)ی مرۆڤ و شاعیر خۆی بێجایەوەیان نەء ؟٠٠

بۆ وەرامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە، زنجیرە کۆبونەوەیەك لە لاپەڕەی ـ ئەدەب و ژیان ـ دالەگەڵ چەند مامۆستاو زانـــای ئەم مەیدانە ، ئەکەین ٠

یەکەم کۆبونەوەمان ٠ لەگەڵ مامۆستایان (دکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ و دکتۆر مارف خەزنەدار) بو ٠

دکتۆر عیزەدین مستەفا :

بەلای منەوە تا ئێســـتا شتێکی ئەوتۆمان لەبەر دەستا نیە کـــە لە روی پەیـــڕەوو یەکێتی فۆرمو ناوەرۆکـــەوە پێی بڵێین ئەدەبیاتی پـــاش (گۆران) ، واتە قۆنـــاغو پەیڕەوێکی تازەی سنورداری ئەو تۆمان لەبەر دەستانیە کە لە پەیـــڕەوی (گـــۆران) جیابکرێتەوە ٠٠ لەرووی فۆرمو زمانەوە ئەوەی کە ئەنوســـرێ تا ئێستا هەندێکی پەیـــڕەوی کردنو هەندێکی لاســـایی کردنەوەی (گـــۆران)و قوتابخانەی (گۆران)ە ٠

جا لای هەندێ کـــەس یا هەندێ جار سەرکەوتن ئەبینن هەندێ جاریش بەرهـــەمی کاڵوکرچو دیمەنی ئاشکرای لاسایی کردنەوە ئەبینن لە روی ناوەرۆکیشـــەوە ، چ لـــە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردا ، چ لـــە خەباتـــی چینایەتی زەحمەتکێشانی کوردا ، شتێکی جەوهەری ئەوتۆ نەگۆڕاوە تا فۆرمو ناوەرۆکی ئەدەبیـــاتی کورد بگۆڕێت ٠٠ ڕاســـتە ساڵانی پاش (گۆران) ساڵانی چەك هەڵگرتنو خەباتـــی چەکداره ، بەڵام ئەم جـــۆرە خەباتە لە جەوهەردا هـــەر ئەوەی رۆژانی (گۆران)ە یا گەر قوڵتـــر لێی بدوێین ، بەرزکردنەوەی رادەو شێوەی خەباتەکەیە ، بەوەی پەنـــا ببرێتە بەر بەرزترین چەشنی تێکۆشان ، بێگومان ئەبو ئـــەم ڕاستیەیە لە ئەدەبیاتی پـــاش (گـــۆران)دا دەنگ بداتـــەوە ، بەڵام هەر لەسەر بناغـــەو پەیڕەوەکەی قوتابخانـــەی گۆران ، واتە ئەبو بە جۆرێکی بەرزتر لەو ســـەردەمە ئەدەبیاتمان ببوایە بە ئاوێنەی رووداو و خەبات و کـــارەســـاتی رۆژانە ٠ بەڵام بۆچ تا ئێســـتا بەرهەمێکی ئەوتۆمان لەبـــەر دەستانیە کە ناوی بنێـــین ئاوێنەی ڕاستەقینەی واقیعەکەی ئەم چەند ساڵەی کوردستان ؟

بەلای منەوە دو هـــۆی گرنگ ئەم شتەمان بـــۆ ڕون ئەکەنەوە ، یەکەم ئەوەیە کە لە ساڵانی خەباتی نەتەوایەتی چەکداردا هەر وەك ئەو خەباتە هەمو چینو دەستەنیشـــتمان پەروەردەکانی کۆکـــردەوە ، هەروەها سنوری ئایدۆلـــۆژی ئەم دەستەو چینانەی تێکدا ،بە تایبەتی لە مەســـــەلەی نەتەوایەتیدا ٠ (کـــورد بـــەو کوردستانت خۆش بوێ و هەول بۆ هەقی نەتەوەی کورد بدە) ئەم دروشمە بو دروشمی هەمو کوردی دڵسۆز ٠ ڕێگـــەی خەباتیشی چەك هەڵگرتن بو ، بەڵام سنوری نێوان خەباتـــی نەتەوەیی مارکســـیەکانو نەتەوەپەرستان ونبو ، چونکە ئەتوانی باوەڕت بەو دروشمە هەبێت و لەپێناویا تێبکۆشـــی و مارکسیســـت بی ، یـــا هەڵێنجێ و سنوری ئایدۆلۆژی خۆی ون نەکا ٠٠ ئەمـــــە نەشتێکی ئاسانەو نەزۆریـــش گرانە ، بەڵام هەر ئەمەیە کـــە هیوای پەیدابونی (گۆران)یکی تازە لە ناو شاعیرانی لاومان دا یا لەناو شاعیرانی داهاتومان دا دروست ئەکات ٠ بێگومان بۆیە هەر باس لە شیعر ئەکـــەم چونکە پرسیارەکە دەربـــارەی (گۆران) بو ، هـــەر وەك رودداوەکانی ئەم چەند ســـالە ئەوەندە گەورەو بەتینن کـــە خامەی هـــیچ نوسەرێـــك نەیتوانیوە لە ڕۆمانی گەورەدا جێیان بکاتـــەوە ٠ ئـــەبو رودداوی ئەم چەند ســـالە ڕۆمانی کوردی بهێنایە کایەوە، بەڵام هەروەك ئەڵێین کـــوا شاعیری باش ئەبێ بڵێین کوا نوسەری باش ؟

ڕاستە چەند ڕۆمـــانو یـــا ڕاستتر ئەوەیە بڵێین دو ڕۆمان لەم ماوەیەدا نوسراون بـــەڵام هێشتا چاپ نەکراونو ناتوانین بڕیاریان بەسەرا بدەین ٠

دکتۆر مارف خەزنەدار :

قوناغی گۆران بە تایبەتی ـ ماوەی نێوانی هەر دو جەنگی گێتی قۆناغی بزوتنـــەوەی ڕۆمانتیکی یە ٠ گۆران سەرۆکی ئەم بزوتنەوەیە بو ٠ بـــەڵام وەنەبێ تازەکردنەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ســـەدەی نۆزدەم تەنیا لە بزوتنـــەوەی ڕۆمانتیکیدا ئاشکرابێ ٠٠

ڕاستە ڕۆمانتیکیەت بـــە تایبەتی لە ڕوی ڕوخســـارو ناوەرۆکەوە شۆرشێکی بەهێزبو وە گۆڕانێکی بنچینـــەیی لـــە شیعری کوردیدا کرد ، بەڵام تازەکردنەوەی شیعری کلاسیکی لە دو (پەیڕەوی) (اتجـــاه) تریشدا خۆیان پیشـــاندا ٠ ئەمانە پێویستیەکی مێژویی بون بۆ ئەو سەردەمەو دەبـــو رو بدەن ٠

ڕێڕەوی یەکەمم ناو نـــاوە (کلاسیکی تازە) کـــە لـــە شیعری سیاسیدا خـــۆی دەنوێنێ ، لەم بابەتـــەوە باسێکم بەدەستەوەیە لەوانەیە لەماوەیەکی نزیـــك دا بڵاوبکرێتەوە ٠ ئەمـــــە تازەکردنەوەی ئەدەبی کلاسیکی کوردی سەدەی نۆزدەمە لەروی ناوەرۆکەوە ، شاعیرانی ئـــەم ڕێڕەوە (ئەحمەد موختار جافو ئەحمەد حەمدی صاحب قرانو علی کمال باپیر ئاغاو هی تر) تەنیا ناوەرۆکی غـــــەزەلی (نالی)یان گۆڕیوەو لەباسێك ئەدوێن کە بریتی یە لە هێنانەدی هیواو ئامانجی نەتەوەی کورد : پێشـــکەوتن ، ئـــازادی سەربەخۆیی ، دامەزرانـــدنی کۆمەڵێکی کوردی پێشکەوتو ٠ پێش ئەوەی شـــــیعرە نیشتمانیەکانی حاجی قـــادری کۆیی بکەی بەپرسیار ،وەرامت ئەدەمەوە و ئەڵێم :

شیعرە نیشتمانیەکانی حاجی شیعری (شەعبین) ، لەروی ناوەرۆکەوە بیروباوەڕی سیاسی پێشکەوتوانەی ئەو سەردەمەی حاجی بون ، بەڵام لە لایـــەن ڕوخسارەوە نمونەیـــەکی فۆلکلۆرین ، پێموایە لەوکاتەدا ئەگەر پەخشانی کوردی دەوری بوایە لە کۆمەڵا ، یاخـــود کۆمەڵی کورد خوێندەوار بوایە، حاجی ئەم بیروبـــاوەڕە سیاسیانەی بەشـــیعر نەدەهۆنیەوە ، لەبەر ئەوەیە حاجی لە شیعرە سیاســـیەکانیدا تەنیا نیشتمان پەروەرو دڵسۆزی مەزنی نەتەوەکەیەتی، وەکو شاعیریش لـــە غـــەزەلە کلاسیکیەکانیدا قوتابیەکی هەڵکەوتوی (قوتابخانـــــەی نالی یە) بەڵام ڕێڕەوی دوەم لە نێوانی هەر دو جەنگدا، یاخود لە قۆناغی ڕۆمانتیـــکیدا ، تاقی کردنەوەیەکە لە تێکەڵاو کردنی هەمو ئەو ڕێڕەوانـــەدا هاتوتە دی : وەکو کلاسـیکی کۆنو تازەو ڕۆمانتیـــکیو زیاتریش فۆلکلۆر کاری تێکردوە شاعیرانی ئەم ڕێڕەوە(بێ کەسو سەلامو قانعو هی تر) ئەبـــێ ئەوەش لە یادنەکەین کە ئـــەم شاعیرانە هەر یەکەی شێوە (اسلوب)ی تایبەتی خـــۆی هەیەو لەیەکتری جیائەبنەوە ٠ هەر یەکەیان ڕێڕەوێك لـــەم ڕێڕەوانە زیاتر کاری لە بەرهەمی کردوە ، بەڵام ناوەرۆکـــی هەمویان سیاسی یە ٠

(پیرەمێرد) بەهۆی تەمەن درێژیو پیرەمێردیەوە ، بـــە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ٠ بەشێوەیەکی فراوان هەمو ئەدەبی کلاسیکی سەدەی نۆزدەمی کوردستانی جەنوبی تازەکردۆتەوە ، بەتایبـــەتی لەروی بەکارهێنانی وشـــەی کوردی پەتیو پاراستنی رستەی کوردیو داهێنانی وێنـــەی هونەری تازە ٠ لەقۆناغـــی کۆراندا ســـێ شـــاعیری هەڵکەوتومان هەبو ئێستاش هەر لاونو خواعەمریان درێژ بکا : هەردی ، لـــە کۆمـــەڵە شیعری رازی تەنیـــایی دا داهێنانێکی رەسەنو هونەرێکی سەرکەوتوی لە دیوانی شیعری کوردی تازەدا تۆمارکـــردو لێ بوەوە ئێستا دیلان وەکـــو وەستایەکی شارەزا لە شـــیعر تەعبیری تازەی وای هێنایە ناو شیعری کوردی یەوە کە پێویستی پێ هەبو بـــا هەنـــدێ لـــە شیعرەکانیشی بۆ سەردەمێکی خوێندەوارتر لە کۆمەڵی کوردی ئێستامان دا بشێ ٠

(کامەران) کۆمـــــەڵە وێنەیەکی شیعری جـــوانی دروست کرد ، لە شیعرەکانـــی دا ئەبێ ئەو کچـــــەی خۆشی ویستوە هەر قارەمان و خەباتکـــەربێ ٠ شـــاعیرانی قۆناغی سەردەمی گـــۆران و پاش گۆران هەر ئەم سێ یانە نەبون ٠

(ع٠ح٠ب٠وع٠ع شەونـــم وهی تریش) نمونەی ئـــەو قۆناغەو پاش ئەون ٠ بـــەڵام ئایا ئەم هەمـــو شاعیرانە پێویستی قۆناغی تازەیـــان هێناوەتە دێ ؟ ٠٠ یاخـــود نوێنەری ڕێڕەوێکن کـــە لـــە گەڵ پێویستی ئێستا بگونجێ؟ پێموایە وەرام دانەوەی ئـــەم پرسیارە لێکۆلینەوەیـــەکی تایبەتی ئەوێو هەروەهـــا سەرپێیو بە ئاسانی ناتوانرێ قسەی لەسەرا بکرێ ٠

دەمێنێتەوە نەوەی تازە کـــە تۆ ئەتەوێ بە نوێنەری شیعری تازەی کوردیان دابنێیین ، واتە قۆناغی پاش گۆران ٠

تا ساڵی ١٩٦١ ئەوەی تـــۆ ئەتەوێ هێشتا نەبو ، تا ساڵی ١٩٦٧یش ئەتوانم بڵیم هـــەر هیچ نەبو ، بە تایبەتی لە ڕوی شیعرەوە ٠

دەمێنێتەوە ئەو چوار پێنـــج ساڵەی دوایی ٠ ئەمەش دیسانەوە لێکۆلینەوەیەکی تایبەتی ئەوێ، بەڵام ئەگەر ئەتەوێ بە قەڵەمی درشت (وەکو گۆران ئەیوت) هەندێ شتت بۆ ڕون بکەمەوە ٠ ئەوا ئەڵێم : شـــێخ ڕەزا لـــە شیعری (چونکە شاعیر زۆر بوە لەم ٠٠) ڕاستی فەرمـــوە ، بەڵام مێژوی ئەدەبی کـــوردی سەردەمی شێخ ڕەزا تەنیا ناوی چوار پێنـــج شـــاعیری دەورکردۆتەوە ٠ ئەو ڕۆژە لە دەفتەری یەکێتی نوســـەرانی کوردا ناوی شاعیرەکانمـــان دەرهێنا ٠ ئەوانەی ئەندامن لە یەکێتی نوسەران بەهـــۆی میهرەجانی شیعری یەکەم کە لە کەرکوك لە نەورۆزی داهاتودا دەکرێ ٠٠ ئایا ئەزانی چەنـــد شاعیر تەنیا لە یەکێتـــی دا هەیە ؟٠

د. مارف خەزنەدار

قۆناغی پاش گۆران ٠

تا ساڵی ١٩٦١ ئەوەی تـــۆ ئەتەوێ هێشتا نەبو ، تا ساڵی ١٩٦٧یش ئەتوانم بڵیم هـــەر هیچ نەبو ، بە تایبەتی لە ڕوی شیعرەوە ٠

دەمێنێتەوە ئەو چوار پێنـــج ساڵەی دوایی ٠ ئەمەش دیسانەوە لێکۆلینەوەیەکی تایبەتی ئەوێ، بەڵام ئەگەر ئەتەوێ بە قەڵەمی درشت (وەکو گۆران ئەیوت) هەندێ شتت بۆ ڕون بکەمەوە ٠ ئەوا ئەڵێم : شـــێخ ڕەزا لـــە شیعری (چونکە شاعیر زۆر بوە لەم ٠٠) ڕاستی فەرمـــوە ، بەڵام مێژوی ئەدەبی کـــوردی سەردەمی شێخ ڕەزا تەنیا ناوی چوار پێنـــج شـــاعیری دەورکردۆتەوە ٠ ئەو ڕۆژە لە دەفتەری یەکێتی نوســـەرانی کوردا ناوی شاعیرەکانمـــان دەرهێنا ٠ ئەوانەی ئەندامن لە یەکێتی نوسەران بەهـــۆی میهرەجانی شیعری یەکەم کە لە کەرکوك لە نەورۆزی داهاتودا دەکرێ ٠٠ ئایا ئەزانی چەنـــد شاعیر تەنیا لە یەکێتـــی دا هەیە ؟٠

کورتە مێژویەکی ڕەخنەی ئەدەبی

ئەرستۆ

پاشماوەی ژمارەی پێشو

گرنگی دانی زۆر بە فـــۆرم ، وای لە ئەرستۆ کردوە کـــە بەرپەرچی ئەو ڕایەی ئەفلاتون بداتەوە کە ئەڵێ : شـــاعیر شێتە ٠

بەلای ئەرستۆوە هونـــەری شیعر هونەری مرۆڤێکی خاوەن بەهرەیە نەك شێت ، چونـــکە شاعیر پێویستە بچێتە نـــاو بنچو بناوانی ئازارو ژانی ئەو کەسانەی لاسایی یان ئەکاتەوەو هەست بە پەژارەو تـــوڕەیی ئەوان بکا پێش ئـــەوەی شیعرەکەی بنوسێ ٠

دیارە مرۆڤی شـــێت ناتوانێ ئەمە بکا ٠ ئەرستۆ بەتەنگەوەیە کە وەڵامی هەمـــو هێرشەکانی ئەفلاتون بداتەوە٠ بۆ ئەو تومەتەش کـــە ئەڵـــێ شاعیران درۆئەکەنو بەهەڵـــە ئەچن ، کاتێ ـ بۆ وێنـــــە ـ وەسفی عەرەبانەیە ئەکەن کـــە هێندەی عەرەبانچی خـــۆی نازانن ٠ ئەرستۆ ئـــەو باوەڕە دەرئەبڕێ ٠

کە پێوانەی (ڕاستی) لـــە هونەری شیعرا جیاوازە لەوەی لە ژیاندا یان لە هونەرەکـــانی تردا هەیە ٠ وە تەنها هەڵەیەك کەگرنگە لەو کاتەدا دەرئەکەوێ کە شاعیر توانینی لاســـایی کردنەوەی نەبێ ٠

بەڵام خۆ ئەگـــەر بێتو هەڵەیەك دەربارەی پزیشکی یا هەر جۆرە پیشەیەکی دیکە بکا. ئەوە هەڵەیەکی شیعری نیـــە ٠ ئامانجو نیازی شیعر وەكو ئەو ئامانجو نیازە نین کە کەسێکی فێرکەری چۆنیەتی موسابەقەی عەرەبانە هەیەتی ٠ دیسانـــەوە ئەرســـتۆ وریایانە بەرپەچی ڕەخنە میتافیزیکی یەکـــانی ئەفلاتون ئەداتەوە کـــە ئەڵێ : لە کاتێکا مرۆڤ لاسایی شتێك ئەکاتەوە ـ کە ئەویش لاسایی کردنەوەی نمونە ـ میسالیە کەیە دو جار لـــە حەقیقـــەت دور ئەکەوێتەوە ٠ ئەرستۆ ئـــەوە دەرئەخا کە شیعر زۆر جیهانی ترە ، لە شتومەك (الاشیاء) خۆی ٠

« ئەرکی شاعیر ئەوە نیە کە ئەو شتانە بگێڕێتەوە کە ڕویان داوە ، بەڵکو ئەو شتانەی کـــە لەوانەیە ڕوبدەن ـ ئەوانـــەی کەشیاوی ڕودانن بەپێی یاسای ئیحتیمالو پێویستی ٠

بـــەم جۆرە ئەرستۆ ئـــەم جیاوازیە بەناوبانگەی لە نێوان شیعرو مێژودا کرد : مێژونوس باسی ئەو شتانە ئەکا کە هاتونە پێشو بەسەرچون ، شـــاعیر لەبارەی ئەو شتانەوە ئەنوسێ کە ئەشێ ڕوبدەنو بێنەپێش ٠

« لەبەر ئەوە شیعر فەلسەفی ترو بەرزترە لـــە مێژو ٠٠٠ چونکە شیعر شتی جیهـــانی دەرئەبڕێ ٠٠ بـــەڵام مێژو هی تایبەتی » ٠ بەم چەشنە لـــە شیعردا مەحاڵێکی شـــیاو (موحتەمەل) مەقبول ترە لـــە شیان (احتمال) ئەك کە لـــە سنوری باوەڕپێ کردندا نەبێت٠ ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کـــە شاعیر لە جیاتی ئەوەی لاسایی کردنەوەیەکی ڕوتی شت بکا لە سروشتا ، زیاتر لە « نمونە » نزیك ئەبێتەوە ، چونکە ئەرستۆ سورە لەسەر ئەوەی کە شاعیر شتمان پێشکەش ناکا وەکـــو هـــەیە ، بەڵکو وەکو ئـــەبێ ببێ ٠

مادام شاعیر لەگـــەڵ هەمو گەردونا سەودا ئەکا ، پێویستە کە کەسایەتیەکەشی وە هەروەها پلانەکانیشی گەردونی بن ٠ ئەم باوەڕە هەمو تراژیدیای کلاسیکی پێچایەوە ، جا هی ســـەردەمی ئەرســـتۆ بێ یا ســـەردەمی « لویسی چواردەهەم » ٠ لەکاتێکا باسی کەسایەتی ئەکات ئەبێژێ: چاکە لەگەڵ هەمو چینێـــکی خەڵکدا ئاشنایە «هەتا ئافرەتیش بۆی هەیە چاك بێت ! هەر وەکو بۆی هەیە ببێتـــە کۆیلەش، هەرچـــەندە ئەتوانرێ بوترێ ئافرەت بویەکی نزم وکەم نرخە، وە کۆیلەیەکی بێ بایەخـــە » ئاشکرایە ئەو شاعیرەی بەدوای ئەم پێشنیازانە ئەکەوی پاشایەکانی بەباش ئەدانە فەڵـــەم هەر وەكو چۆن پاشـــایان و پیاوان باشن ، نەك وەکو باشی ژنان یا کۆیلان ٠

دیارە ئەرستۆ لەبارەی هەمو دراماوە نانوسێ بەڵکو تەنیا لە بارەی درامای یۆنانی یەوە کـــە شارەزای بوە ٠ ئەو ئەدەبەی لێی ئەدوێ سەر بەرابوردویەو تەنیا یەك گـــەڵو یەك زمان ئەگرێتـــەوە ٠ وە ئەرستۆش وەکو هەمو نوسەرە کۆنـــەکان زۆر بەکـــەمی هەست بەمێژو ئەکاتو گرنگی پێ ئەدات (٤) ، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە ، کـــە نەسەر بە ئەفلاتونین نەسەر بە ئەرستۆین ، ئەتوانین هەستی مێژویی خۆمان بـــەکاربێنین بۆ ئەوەی خۆمان لەوەدور بخەینەوە کە گلەیی لە ئەرستۆ بکـــەین چونکە ئەوشتانەی نەکردوە کە کەس لەســـــەردەمی ئـــەو؛ نەیئەتوانی بیکات٠ نوسینەکانی ئەرستۆ جێگای خۆیان گرتوەو هەر بەزیندویی ئەمێننـــەوە ٠ زانیاریـــەکی زۆری دەربارەی ئەدەبی هەمو چەرخەکان ـ ئەگەر نەڵێین هـــەمو ئـــەدەب ـ بۆ بەجێ هێشتوین زیاتر لـــە هەمو ڕەخنەگرێك کـــە تا ئێســـتا ژیابێ ٠

هەتا مرۆڤ زیاتر (بۆیەتیکس) بخوێنێتـــەوە وە زیاتر بۆی دەرئەکەوێت کە هۆی جەوهەری نوســـینەکانی ئەرستۆ وەڵام دانەوەی ئەفلاتونـــە ٠ ئەمەش بەو پەڕی عەبقەریەتەوە کردوە٠ ئێمە ئەبێ ســـوپاسی دوژمنی شیعر ـ ئەفلاتون ـ بکەین کە تومەتەکانی ئەم دیفاعە بـــەرزو جوانەیان دروست کرد ٠

1— A short History of Literary Criticicism By Vernon Hall, TR. P. 6-10.

٢ ـ مەبەست لـــە (پێش باوەڕی) ئەوەیە کە کەســـێك خۆی بیروڕایەکی تایبەتی هەبێ وە بیەوێ ئەوبیروڕایە بەســـەر ئەو نوسینە یا ئەو کـــارە ئەدەبیەدا بسەپێنێ کە ڕەخنەی لێ ئەگرێت ٠٠ بەبێ لێکۆلینەوەی وردی نوسینەکە خۆی ٠

٣ ـ مەبەست لـــە هارمۆنی Harmony ڕێکی و گونجاوی و هاوتایی یە ٠٠

٤ ـ مەبەستی نوسەر ئەوەیە کە ئەرستۆ لە لێکۆلینەوەکانیا قۆناغی مێژویی و ئەو دەورو بەرە کۆمەڵایەتی و ئابوریـــە ناخاتـــە پێش چاو کە لە کاتی ئەفلاتونا هەبوە ٠

ئەدەب و ژیان

ئەوەی..

جەمال نوری

ئەوەی ٠٠ گەروی دەربەندی٠٠
دوا قۆناغی ڕێم ئەگرێ
تا قافڵەی ٠٠ سەربڵندی ٠٠
ئاواتم ٠٠ لە ناو بەرێ !

⊙ ● ⊙

ئەوەی ٠٠ تەمای بو ٠٠ مۆخی٠٠
ئێسکی کەللەی ٠٠ پڕاومان ٠٠
نۆش بکا لەسەر ٠٠ ڕۆخی ٠٠
دەریای خوێنی ٠٠ پڕاومان !

⊙ ● ⊙

ویستی ٠٠ کانیی تەقیوی ٠٠
ژیاوەی نوێم ٠٠ وشك کا
سبەی ٠٠ (دڵی تەزیوی ٠٠
ئەمڕۆی کورد)! پڕ ئەشك کا!!

⊙ ● ⊙

ویستی ٠٠ سرودی گەروی ٠٠
ئاگرینم ٠٠ زامار کا
دڵی بورکانی ٠٠ هەڵچوی ٠٠
ژیانم پڕ ئازار کا !!

⊙ ● ⊙

وای تەما بو ٠٠ کە کێڵگەی ٠٠
بەرهەمی سەوزی ٠٠ ڕەنجم٠٠
گڕ تێ بەردا ٠٠ بە شێلگەی
دەسڕێژ ٠٠ تا هیوای ٠٠ گەنجم

⊙ ● ⊙

بە دڵی خۆی نوقم کا ٠٠
لە بەستەڵەکی ٠٠ داخا
گەروشم پڕ زوقم کا ٠٠
بەستەکەی لە گۆ بخا !!

⊙ ● ⊙

بۆ
بەڵام دەستی لەرزۆکی ٠٠
نوقمی دەریای ٠٠ فێڵبازی ٠٠
پچڕا ٠٠ ڕەگی قرچۆکی ٠٠
جومگەی ٠٠! نەگەشتە نیازی!!

⊙ ● ⊙

هەرگیز نەیتوانی ٠٠ خۆری٠٠
هەڵهاتوم نوقمی خوێن کا
خونچەی ژین بە ناسۆری ٠٠
خەزان ٠٠ بێ سەرو شوێن کا!!

⊙ ● ⊙

نەء نەیتوانی ٠٠ بەیداخی ٠٠
دەستی شۆڕشگێڕانم ٠٠
بێنێتەخوار ٠٠ لەشاخی ٠٠
خوێناوی ٠٠ کوردستانم !!

⊙ ● ⊙

مانگ لکێ یە؟..

ئێمە ونین ٠٠
لەدایك ئەبین و ئەژین
لە کەناری شەقامەکان
ئێمـــە ٠٠
کوڕی برسێتین ٠٠،
منالی مردن ٠٠،
بەڵام ڕوناکی سپی
شوێن و داکەوتنـــی
باخچەی کۆشکەکان ،
ئێمە ونین ٠٠
کوڕی هەژارین ٠٠،
ئێمـــە ٠٠ وا دەستمان
پێ کرد ٠٠

لە نجە ـ لە عەرەبیەوە
کردویە بە کوردی

institut kurde de paris

چەند رونکردنەوەو بەلگەوتیبینی نوێ دەربارەی « فەرهەنگی خاڵ »

چەند رونکردنەوەو بەلگەوتیبینیـــەکی نوێ دەربارەی « فەرهەنگی خاڵ »

مەبەستی ئەم وتارە گەیشتنە ئەنجامە لـە لێکولینـــەوەی « فەرهەنگی خاڵ »دا لە رێگای خزمەت کردنی زمانی کوردیدا بەگشتی ، وەکاری فەرهـەنگ نووسینی کوردیدا بەتایبەتی ٠

لە ژمارەی ١٩ ، ٢٠ ، ٢١ ، ٢٢ی رۆژنامەی « هاوکاری »دا دەربارەی فەرهەنگی خـــاڵ زنجیرەیەك وتارم بڵاوکردەوە ، کە بریتی بو لە سەرنجیـــکی سەرپێی و لێکولینـــەوەیەکی کورت لە فەرهەنگی ناوبراو ٠

ماوەیەك لەمەوبەر نوســـەری ئەم فەرهەنگە مامۆستا شـــیخ محەمەدی خـــاڵ لـــە ژیر ناوی « وەرامی رەخنەگر لە ســـەر فەرهەنگی خـــاڵ »(١)دا بیروباوەری خۆی دەربڕی بو دەربارەی وتارەکەی من ٠ هەرچـــەندە وەرامەکانی بیروڕای منی نەگوری بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ریزی بیروڕای مامۆستا خاڵ دەگـرم و سوپاسی دەکەم ، وە بەتایبەتی جێگای شانازییە کە مامۆستا هینندە باوەری بەلاوانی خوێندەواری کورد هەیە ٠

ئەوەی رایکێشام بۆ ئـەوەی جارێکیتر بکەومە لێکولینـەوە و رووونکردنەوەی ئەو تیبینـــیو سەرنجانەی هـــەمە دەربارەی فەرهەنگی خاڵ ئەوە نیە کـــە باوەرم ناگونجی لەگەڵ وەڵامەکانی مامۆستادا ، یاخود هەر بمەوی وەڵامی بدەمەوە ٠٠٠٠٠ نەخێر ، بەڵکو لەوە گەلیـــك بەرزترەو ئەهستیکی گەلیك پاکم هەیە ٠ هەست بە دواکەوتویی کاری فەرهەنگ نوسینی کوردی دەکەم ، وەك کوردیکی دڵسۆز ئەمەوی پێویستی سەر شـــانم بەجی بهێنم ٠ ئەویش بەوەی لە رێگای زمانەوانییەوە ئەوەی لە توانامدا هەیە ، بینوســـم بو گشت خوێندەوارانی کورد ، نەك تەنها بۆ مامۆستا خاڵ ٠ چونکە گەر تەنها بۆ مامۆستا خـــاڵ بووایە ، ئەو بە نامـــە بیروڕی خۆمم بۆ ئەنوسی ٠

بۆ پیشخستنی ئەم زانستە وا جاریکیتر لە سەر بنچینەی وەڵامەکانی مامۆســـتا خاڵو رونکردنەوەو بەلگەو تیبینی نوی ئەکـــەومە شی کردنـــەوەی فەرهەنگی خاڵ ٠ تائەگەر گیرو گرفتیك هەبیت چارەسەر بکرێ و گەر ئالوزیەك هەبێ خـــاو بکرێتەوە ٠

مامۆستا خاڵ بەر لـــەوەی بێتە سەر وەڵام دانەوە ئەڵێ : « کاك ئەورەحمـــان بەناوی رەخنەوە هیندی شتی پیش چاو خستوە ، لە فەرهەنگەکەدا ٠ هەرچەندە شـــتەکان گرنگ نین ٠٠٠٠٠٠ »(٢) ، بێگومان منیش بە هەمو بیرو باوەرمەوە لەگەڵ مامۆستادامو ئەو چەند کەمو کوریەی خستومەتە پیش چاو گرنگ نینو لـــە نرخی فەرهەنگەکە کەم ناکەنەوە بەڵام خۆ من وەنەبی پاش وەڵامەکەی مامۆستا هاتبمەتە سەر ئـــەم باوەرە ، بەڵکو لە وتارەکەمدا لە چەند شوینیکدا ئـــەمەم دوبارەکردوتەوە ٠ یەکێك لەو شوێنانە ئەوەیە کە لە کوتایی وتارەکەمدا نوســـیومە : « هەرچەندە چەند ناتـەواوی و کەمو کوری یەکی کەم هەیە لە فەرهەنگی خاڵدا ، بەڵام ئـــەو ناتەواوییانە بە جوریك نین کە لە نرخی فەرهەنگەکە کـــەم بکەنەوە ٠ بەگشتی فەرهەنگی خاڵ فەرهەنگێکی سەرکەوتوەو کاریکی گرنگ وبێویستە »(٣)

لە وتارەکەمدا وتومە : ئـەو چەند باسەی لە ســـەرەتای فەرهەنگی خاڵدا نوســـراون ، وەك : جیابونەوەی زمـــان ، زمانو وتەی گەلان ٠٠ کورد ٠٠ سنوری کوردســـتان ٠٠ زۆر پەیوندیان نیە لەگـــەڵ فەرهەنگداو لە نـــــاو فەرهەنگەکەدا نەبونایـــــە باشتربو ٠٠

بەڵام مامۆستا خاڵ ئـەڵی : (ئەم باسانە هەمو دەســـتو پێوەند عەلاقەمەندی فەرهەنگن ، وەهریەکێکیان کلاورژنەیەکە بۆ خوێندەوارانی بەریز٠٠)(٤) ، هەر چەندە چەند بەلگـــــەو رونکردنەوەیەك هەن بـــۆ نیشاندانی ئەوەی کە پیویست ناکا بەم جورە باسانە بـــاری فەرهەنگ گران بکری ، بەڵام من لێرەدا دریژەی پێ نـــادەم وتەنها ئەوە ئەڵێم کە مامۆســـتا خاڵ هەر خۆشی نوسیۆیتی : «تێ ناگەم رەخنەگر پەیوەندی بەلاوەچییە ؟ »(٥) ٠ جا منیش تێ ناگەم چۆن شتی بـــــەلا پەیوەندی هەیە بەفەرهەنگەوەو کـــلاورژنەیە ٠٠؟

من لە وتامرەکەمدا نوسیومە : ئاڤرین رافەکراوە بەتۆلەسەندن ، کەچی (تۆلەسەندن) بەجیـــا لە فەرهەنگەکەدا نیە ٠ هەروەها (ئاگرپاریز) رافەکراوە بـــە (ئاگرپەرست) ، وشـــەی (ئاگرپەرست) بەجیـــا لـــە فەرهەنگەکەدا نیە ٠٠

وەڵامی مامۆستا خاڵ ئەمەیە : « چونکە (تۆلەســـەندن)و (ئاگرپەرست) وشە نیین تا رافەبکرین ، بەڵکو رســـتە (جمـــلە)ن ، وە (تۆلە)و (سەندن)و (ئاگـــــر)و (پەرستن) هەر یەکە جیاجیا لە شوینی خۆیان رافەکراون »(٦)

بێشك لە هەموان ئاشکرایە کە (تۆلەسەندن)و (ئاگرپەرست) وشەن ، نەك رســـتەن وەك مامۆستا خاڵ ناوی نـــاون ٠ ئەمانە وشەی «مرکب»ن و لـــە زمانی کوردیدا ئیجگار زۆرن ، هەروەها ئەمە یەکێـــکە لە خاسیەتەکانی زمانی کوردی ٠ وابزانم پیویست بە رونکردنەوە ناکات کە هەر یـــەك لەم دو وشەیەی ناومان بردن چـــۆن دروست بون ، چونکە شێوەی دروست بونیان جوان دیارە ٠

مامۆســـتا خاڵ ئەو دو وشە «مرکب»ەی ناو ناوە رستەو بە پێۆیستی نازانی کە بکەونە ناو فەرهەنگەکەوەو بەجیـــــا رافەبکرین ٠ بەڵام ســـەیر ئەوەیە کە لە گشت لاپەرەیەکی فەرهەنگەکەدا وشەی «مرکب» دەبینری ٠ لە زۆر لاپـــەرەدا نەك هەر دەبینری ، بەلـــکو ئیجگار زۆرە ٠ بۆ نمونـــە ، گەر تەماشای لاپـــەرە ١٢ی بەرگی دوەمی فەرهەنگـــەکە بکەین دەبینین هەر ٢٩ وشەی ئەو لاپەرەیە «مرکب»ن ٠ گـەر وابی تێ ناگەم بـــــۆچ فەرهەنگەکەی پرە لەو وشـــە «مرکب»انەی کە ئەو بـــــە (جملە)یان دائەنی ؟

لە فەرهەنگەکەدا وشـــەی (خواپەرست) هەیـــــەو رافەش کراوە ، کەچی وشـــەی (ئاگرپەرست)نیە ٠ بەمـــەدا دەرئەکەوی کە مامۆستا خـــاڵ (ئاگرپەرست) بە رســـتە دائـــەنیو (خواپەرست) بـــە وشە ٠ جا لە مامۆستا دەپرسم لە چونیەتی دروستبونـــــدا (نەك مانا) جیاوازی چیـــە لە نیوان (ئاگرپەرســـــت)و (خواپەرست)دا ؟ ٠

یاخود (تاوسەندن ، جـــۆش سەندن ٠٠) هەیـــــە لـــە فەرهەنگەکەدا ، کەچـــــی (تۆلەسەندن) نیە ٠ خۆ ئـــەم وشانەش وەك یەکن لە چونیەتی دروست بونداو بۆچ ئـــەوەی دانـــەردا وادەرئەکەوی کـــە ئەو چەند وشەیە بە رســـتە تێ گەیشتوە بۆیە پەراندویەتی ٠

رەخنەم گرتبو لەوەی کـــە مامۆستا خاڵ لە رافەی (ئاڕۆ)و (ئارۆ)ە دائەڵی (ئەمرۆ) ، لە رافەی (ئەمرۆ) شا ئـــــەڵی (ئیمرۆ) ، ئینجا (ئیمرۆ) بـــە دریژی رافەئەکا ٠٠٠ گـــــەر یەکسەر هەمو ئەو وشـــانەی رافەبکردایە بە(ئیمرۆ) لە پاشا (ئیمرۆ)شی بـــــە تـــــەواوی رافەبکردایە باشتربو ٠٠ بەڵام مامۆستا خاڵ لە وەڵامدا ئەڵی: بەوشیوەیە کردویەتی بۆ ئەوەی خوێنەەوار بـــە شوێن عـــەمو وشەکاندا بگەری ٠٠ بە باوەری من ئەمە ریگا دریژ ئەکاتەوەو تارادەیەك بـــەکارهینـــــانی فەرهەنگەکە گران ئەکـــات ، هەروەها ئەمە پێویست ناکات چونکە بۆ ئەو مەبەســـتەی مامۆستا خاڵ فەرهەنـــــگی تایبەتی هەیە کە پێی ئەڵین : (Dictionary of synonyms) جگەلەوە گەر چاوتك بـــــە فەرهەنگی خاڵدا بخشـــینین دەبینین مامۆستا خۆشـــی لـــە زۆربەی شویندا بـــەو حـــۆزە کردویەتی کە من وتومە ئەمەش بەلگەیەکی ترە بۆ ئەوەی ئەو ریگایەی من ناوم هینـــــاوە راستترە ٠ ئیتر تێ ناگـــەم بۆچی مامۆستا خاڵ وائەڵی ؟٠

نوسییوم نوسەر « لە چەنـــد شوێنێکدا بە وشەی بەرامبەرەوە وشەی (شت)ی نوســـاندوە ، وەك : بۆ مانای (ئاخرەمیین) نوسیویتی (دواترینشت) ، وابزانم زۆر بەباشی ئەتوانـــرا بنوسرێ (دواترین)و ئـــــەو (شت)ە لاببری ٠ بۆمـــانای (باش) بەرامبەری نوسیویتی (شتی چاك) ، لێرەشـــــدا باشتربو کە وشەی (شـــتی) نەبوایە ، چونکە لەم نمونانەدا دیارە کە وشەی (شت) نەوەك باشتر مانا ئەکەنەوە ، بەلـــکو بـــەپیچەوانەوە ســـــەر لە خوێنەوەر تێك ئـــەدەن »(٧) ٠ لەبەر ئەوەی وشەی (دواترین)و (چاك) نەك هەر لەگەڵ وشەی (شت)دا بەکار (ئەهێنـــرین ، بەلکو لەگەڵ وشـــــــەی (کەس)یشدا بەکارئەهێنرین ٠ لێرەدا خوێنەوەر وا تێ ئەگا کە (دواترین)و (چاك) هـــــەر لەگەڵ وشەی (شت)دا بەکار ئەهێنرین و لەگەڵ (کـــەس)دا بەکار ناهێنرین ٠

ئەورەحمانی حاجی مارف
« لینینگراد »

وەڵامی مامۆستا خاڵ ئەمەیە: « بۆ زیادە رونکردنەوە ئـــەو (شت)ەی لێ زیادکراوە »(٨) ٠٠ « هەرچی هەبێ لـــە بونەوەدا هەمو شتن ، بە ئادەمیـــــیو گیان لەبەرو گژوگیـــاو دارو درەختو کوچك و بەردەوە »(٩) ٠

(١) بڕوانە : رۆژنامـــەی « هاوکاری » ، بەغداد ١٩٧١ ، ژ ٣٥ ، ل ٦ ، ژ ٣٦ ، ل٦ـ٧ ٠

(٢) هەمان سەرچـــاوە ، ژ ٣٥ ، ل٦ ٠

(٣) هەمان سەرچـــاوە ، ژ ٢٢ ، ل٦ ٠

(٤) هەمان سەرچـــاوە ، ژ ٣٥ ، ل٦ ٠

(٥) هەمان سەرچـــاوە ، ژ ٣٥ ، ل٦ ٠

(٦) هەمان سەرچـــاوە ، ژ ٣٥ ، ل٦ ٠

(٧) هەمان سەرچاوە ، ژ ٢١ ل٦ ٠

(٨) هەمان سەرچـــاوە ، ژ ٣٦ ، ل٦ ٠

(٩) هەمان سەرچـــاوە ٠ ژ ٣٦ ، ل٦ ٠

تەپێ ناوێك

فەتاح مامە عەلی

کـــە ئەڵێین زمانی کوردی ، زمانی ئینگلیزی ، زمانی فارسی لێرەدا تەنیا وشەی زمان گەلێك باسو بابەتی جیاجیا ئەگرێتەوە لەمەش زیاتر بەلکـــــو چەند زانســـــتێکی جۆر بـــە جۆر ئەگرێتەوە وەك : زمان ، رێزمان رەوان بێژی ، لێکۆڵینەوە لـــە بنچو بناوانی وشەو گەلێـــکی تریش ، ئەمانەش تێکڕا لەژێر واتای زماندا کۆئەبێتەوە وانـــە هەریەك لە مانە زانســـــتێکی سەربەخۆیە ٠ ئەگەر ســـەیری زمانەکانیتر بکەین ئەبینین هەر بەشێك لەم بەشانە چەند زانای گەورەی خـــەریك کردوەو بە سەدەها کتێبیـــــان دەربارەی رەوانبێژیو لێکۆڵینەوە لە بنچو بناوانی وشە داناوە ٠

بـــەڵام لای ئێمـــەی کورد بەداخەوە ئەڵێم تاوەکو ئێســـتا بەشی رەوانبێژیو لێکۆڵینەوە لە بنچو بناوانی وشە پشـــتگوێ خراوەو شتێکی ئەوتۆیان لەسەر نەنوسراوەتـــــەوە ، ئـــەوەی نوسرابێتەوەش بـــە شێوەیێکی سەر پێیی بوەو سوچێکی یەکجار بچوکی گرتۆتەوە ٠ لەگـــــەڵ ئەوەشدا لە لایەکی کەوە کاتێك کە سەیری زمانەکەمان ئەکەین ئەبینین رەوان بێژی زمانی کوردی گەلێك وردو قوڵەو شـــیاوی سەدەها باسو لێکۆڵینەوەیە ٠ لێکۆڵینەوە لەوشەو دۆزینەوەی بنچو بناوانی لە دەمێکەوە وەك زانستیەکی سەربەخۆ لـــــە زمانەکانی ترەوە ریگای خۆی گرتۆتە بەرو رۆژ بە رۆژ لـــە پێشکەوتن دایە ، بـــەڵام لای ئێمە ئێستاشی لەگـــەڵدا بێت تەنیا سەرەتاشی بۆ دانەنراوە ٠

ئەگەر تاوەکـــو ئێستا ئـــەم بەشانە نەنوسرابنەوە لێیـــان نەکۆڵرابێتەوە ، بێگومان ئەبێ هۆیێك وەیا چـــــەند هۆیێك هەبوبن و پێشە بڕکێیـــان لـــە نوسینەوەیان گرتبێت ٠

من لێرەدا تاوانی ئەمو ئەو ناگرم ، ئەوەی لێرەدا بـــەڵای منەوە تاوانبارە هەر رۆژگـــارە نالەبارەکەیە چونکە بۆتە هۆی سەرەکی بۆ نەنوسینەوەی ئـــەم جۆرە شتانە ، بەڵێ تاوەکـــو ئێستا ئەگەر ئەم جۆرە باسانە هەروا پشتگوێ خرانوگوێیان پێ نەدرا وا بزانم ئەو کاتە هەر خۆمان تاوانبار ئەبینو ئۆباڵی ئەمەش هەر ئەکەوێتەوە ئەستۆی خۆمان ٠

وە بۆئەوەی رۆڵەی دوا رۆژ گەلییمان لێ نەکەن پێویســـتە ئێمەش ئەم جۆرە باســـانە پشتگوێ نەخەینو گرنگیـــەکی زۆریان پێ بـــدەینو نەیـــەتین رەوانبێژی کوردیو لێکۆڵینەوە لە بنچو بناوانی وشـــــە وەك تەبارەی با لێدراویان لێ بێت ، چونکە بونی ئەمانەو دەرخستنی قوڵیو وردیان بێگومان پلـــەی پێشکەوتنی زمانەکـــەو فراوانی ئەو دەرئەخەین ٠

لێرەدا تەنیا یەك وشـــەمان هەڵبژاردوەو لێی ئەکۆڵینـــەوە بزانین لە چی یەوە هاتوەو چۆن دروست بوە ٠٠؟ وشـــەکەش (دەنوك)ە ٠

(دەنوك) : بە واتای ئـــەو ئەندامەوە دێت کە باڵنـــــدە ناوە بکـــــەین ئەبینین ناوێکی (ئاسان)ەو هیچی ترە ٠

بەڵام ئەگەر بەختی ئەوڵاتر بچینو سەرنجێکی وردتر بدەین دەبینین وا نییە بەلکو ناوێکی لێکدراوە کە پێك هاتوە لە :

(دەم) + (نـــوك) = دەمنوك ٠

بۆیەش ئەڵێم (دە) لـــــە (دەنوك)دا (دەم)ە چونکـــە بەرامبەر (دەنوك)ی باڵندە لە ئادەمیزادو گیانلەبەردا (دەم) هەیە ، ئەو فەرمانانەی کە بە هۆی (دەم)ەوە ئەنجام ئەدرێت هـــــەمان فەرمان بـــە هۆی (دەنوك)ەوە ئەکرێت ٠

(نوك)یش لە زمانی کوردیدا بە سەرەتای هەمو و شتێکی تیژ ئەوترێت وەك :

نوکی دەرزی ، نوکی خەنجەر نوکی قەڵەم ٠٠٠ هتد ٠

واتە (نوك) ناوە بۆ سەرەتای هەمو شتێکی تیژ وە سیفەتی تیژیشی تیایە ، خۆ ئەگـــــەر تەماشای (دەنوك)ی باڵندەش بکەین ئەبینین سەرەتای ئەویش هەر تیژە ، وە کاتێك کە ئەڵێین: (دەمنوك) واتای (دەم تیژ) دانەویڵـــــەی پێ ئەخوات ، خۆ ئەگەر لە رواڵەتدا سەیری ئەم ئەگرێتەوە ٠

لەئەنجامدا بۆمان دەرئەکەوێت کە ناوی (دەنوك) بەم جۆرە دروستبوە :

(دەم) + (نـــوك) = (دەمنوك) = (دەنوك) ٠

لەوانەیە یەکێـــك بپرسێت و بڵێت :

ئەی (م)ەکەبۆچ لابردراوە٠؟!

لە وەرامدا ئەڵێین راســـتە (م)ەکە لابردراوە ، بەڵام ئەم لابردنەش لەبـــــەر مەسەلەی دەنگدارو بێدەنگ نیە ، بەڵکو سروشتی زمان خۆی وا ئەکات و وشەکە کورت ئەکـــاتەوە بۆ ئەوەی بە سوکی دەربڕێت ٠

جا ئەگەر بڵێین (دەمنوك) لە سەر زمان بـــە قورسی دەر ئەبرێت وە بۆ ئەوەی ئـــــەم قورسیەش نەمینێت (م)ەکـــە لابردراوەو نەمـــــاوە وەبۆتـــە (دەنوك) ٠

لەهەمولایەکی کوردستانەوە

کەرکووك و ئاهەنگ

بـــەردەوامو بۆمـــاوەی چوارڕۆژو بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی ـ لقی کەرکوك ـ ئاهەنگێـــکی گۆرانی و مۆسیقای ســـــازدا لەسەرشانۆی هۆڵی قوتابخانەی ئیمام قاسمی کوڕان ، لـــەپاڵ شانۆگـــــەری (ئـــەوەی کردی حەسیر کردی) کەلەنوســـین وەدەرهێنانی کاك ـ مهدی ئومێـد گەرمیانی ـ بو ٠

نیاز وایـــە لقی کۆمەڵـــە ، بەشداریەکی پوخت بکـــات ، لەئاهەنگی شیعری نـــەورۆز ، کەبریاروایە (یەکیەتی نوسەرانی کورد) لەشاری زێڕی رەشـــدابێ گێڕێ ٠

گزنگ

کۆمـــەڵە بەرهـــەمێکی هەمەرەنگەی (یەکیەتی نوســـەرانی کورد) لقی کەرکوکە ٠ بریتییە لەلەگەڵی باسی جۆراوجۆر ، وەك (شیعر ، چیرۆك ، زمانەوانی رەخنەو وتار ٠٠٠ تا) ٠ هەر بەم زوانە دەخرێتە ژێرچاپەوە ٠

هەولێر لەجەژندایە !

بەرێوەبەرایەتی الاوانی شاری هەولێر ، بریاری رێکخســـتنی میهرەجانێـــکی فراوانی داوە ، بەبۆنەی هەردو جـــەژنی کورد (ئادارو نەورۆز) کـــە بریتی ئەبێ لەجۆرەها چوستو چالاکی ئـــەدەبیو هونـــەری ، وەك : (شیعرو شانۆگەریو پێشانگاو وەرزش) ، لـــەژێـــر چاودێری موحافیزی هـــــەولێر بـــەرێز عبدالوهاب ئەتروشی ٠

ئەوەی شایانی سرنجیش بێت ئەم میهرەجانە پتر لە(١٠) رۆژ ئەخایێنێو ئـــەبێ بەمـــایەی هەڵێکی باشو بـــەنرخو دلگیر بۆدانیشتوانی ئەمشارە بەجەرگە بەتایبەتی لاوەکانیان ٠

رزگار سەعیدو قەوانەکانی چەقماقچی

لەمدوایی یەدا ، چەند قەوانێك لەگۆرانی یەکانی هونـــەرمەندی لاو ، کاکە رزگار سەعید کەوتە بازارەوە ، کە لە لوبنانو لـــە کۆمپانیای چەقماقچیدا تۆماری کردون ، وەك گۆرانی (جەمیلە)ی فۆلکلۆریو (خالۆخالۆتەن)ی مەولەوی نەمرو (رازی دڵ)ی کاکەی رێبوار ٠

ئەوەی شایانی باسیش بێ ، هەمان کۆمپانیە ، گفتی تۆمار کردنی چەند گۆرانی یەکی تری بەهونەرمـــەندی لاومان داوە ، وەك :

(پەروین)ی شیعری رزگارخۆیو (گەرچی توشی رەنجە ـ رۆیی)مامۆستا هێمنو (نەورۆز)ی مامۆستا شەونم ٠ ســـەرەرانی چەند گۆرانی یـــەکی کـــەی فۆلکلۆریمان ، وەك : (عەلیاغا بەگوێژەوە) و (بەچەندی کچێ بەچەندی) ٠

هیوادارین قەوانەشیرینەکانی کاکە رزگار هەمیشە لەبرەودابێ

لەدەرباره‌ی فەرهەنگی خاڵ

institutkurde@paris

مێرسلین ڤالمۆر شـــاعیری ئـــازار

شاعیری ئەمجـــارەمان خاتو (مێرسلین ڤالمور)ی کچەشاعیری فەرەنساویە٠ لەساڵی١٧٨٦دا و لە شاری پاریس‌دا چاوی بۆ ژیان هەڵێناوە ٠ لە ســـــاڵی ١٨٥٩دا دنیای شـــیعر وئازار وجوانی وخۆشەویستی بەجێ هێشتوە ٠ سەرگوزەشـــــتەی ژیانی ئەم ئافرەتە دڵناسکە هەوێنی خەم ومەرگەســـــات وئەشکەنجەیە ٠ هـــەندێ شتی تایبەتی بوە بەهۆی دەس‌خستنی بەشێکی باش لە خوێندەواریو رۆشنبیری ســـەردەمی خۆی ٠ خوێندنی تا ســـەرەتایی بوە وبەس ٠ لە ســـــاڵی ١٨٤٣دا هەڵبژاردەی شیعرەکـــانی خۆی بڵاوکردۆتـــــەوە بـــە پێنووس وپێشەکی رەخنـــەگری ناوداری فەرەنسا (سەنت بیڤ) ٠ کە بنچینەی هونەری ئەم کچـــە شاعیرە بلیمەتەی تێـــدا دەس نیشان کردوە ٠

(مێرسلین) بە شاعیری ئازار ـ ناوبانگی رۆیشتوە ، لەهەمان کاتیش‌دا بەشـــاعیری مۆسیقا وساز وئاواز ، چونکە هـــەمو شتێك لە شیعری‌دا ، روی لە ئاوازە!! ووشەکانی ساز وچرپە وزایەلەی زەنـــگی لێ ئەپرژێ ، وەك ئەڵێن ئەگەر (پت لە دیرە شیعرەکانی بدەیت خۆشـــترین وبەجۆشترین ئاوازی لێ هەڵئەستێ ورۆشـــــنترین ئاونـــگی لێ ئەباری) ٠ لای ئەم کـــیژە دڵارامـــە ، وشکترین قافیـــــە وکاڵ‌ترین ناوەرۆك ، کاڵایەکی پڕ لە زیندەگی وجمانی بەباڵایا چورساوە ٠ ئازار ، لە دەست وشەکانی ئەم لە ناڵین وفیغان دایە ٠ قولترین وتەش کـــــە بوبێتە مایـــەی شانازی ئـــەم ئادەمیزادە روحشیرینە ، ئـــەو چەند قسەیەی (سەنت‌بیڤ)ی رەخنەگرە ، کە وتویەتی :

(مێرسلین ٠٠ تەنیا وبەس شاعیر نەبو ، بەڵکو خۆی لـــە خۆی‌دا ، شعر بو !!)

١ ـ (بۆ ئەو ئافرەتانـــەی ئەگرین)

ئێوە پێش ئەوانەی تر
ئەی ئەوانەی ئازار ئەچێژن و
تاڵاوی تەمەن ئەنۆشن
ئێوە خوشکی منن
بە چەشنەها بەزەیی و میهری
تاڵو تفتەوە
چرپـــەی بێ‌دەنگی و هێمنیم
بۆتان دائەخورپێ
لە فرمێسکی قەتیس‌ماومدا ،
گۆرانیتان بۆ ئەڵێـــم وئاوازتان
بۆ ئەهۆنمەوە ٠
ئەم دیوانە شیعرەم، دەرونێکە
، ناواخنەکەی گـــرێ کوێرەی
لێ‌دراوە ٠
بیکەنەوە ٠٠ بیخوێننـــەوە ،
تا رۆژگاری ئەشکەنجەمی تێدا
بژمێرن ٠

ئەی ئەو ژنـــــە چـــــاو
بەفرمێسکانەی نێو ئەم جیهانەی
، کە بە سەراسیمەیی لـــەناویا
هەتەر ئەبم ٠
با ئەم سۆتك و خۆئەمێشـــەم
ببێتە چەقی تیراماننان ٠
بەدەم ئۆرانی‌یەوە ، بەسەرە
ئاسن بیخەنە گەڕ ، چونکە
گۆرانی ژن ئازاری گێتـــــی
ئەروتێنێ ٠
هەموتان لە بۆتەی دڵداری‌دا
بتوێنەوە ، چونکە
رقوکینە ، گەلێ لە خۆشە
ویستی بە ئەشکەنجەترە ٠
بەهای بەخشین لـــە لاتانا
دورستبێ ، چونکە
چاکە ولێ‌بوردن ، هیوا بـــە
هێز ئەکات ٠
هەتا هەردم توانای بەخشینی
مابێ ٠ بە هیچ رەنگێ ئـــەم
مەردمە مەرگی لەیادا نیە ٠
ئەگەر کاتو شوێن‌دەرفەتتان
پێ‌نادا ، تا ئێوەش فرمێسکتان
بنوسن وبیکەن بە شیعر ٠
وازبێنن با هۆن‌هۆن بتکێتە
سەر ئەم شیعرانەم ٠
لێ‌بوردن نزایە ونیاز٠ نزاش
تاکە چەکی دەستمانە ٠
ئەگەر هات وبارتەقای‌هەندێ
شتم نەگرت ، لەبەر شـــێوانی
تاسە وبیرم ، با بمبەخشێ ، ئەو
کەسەی کە لـــــە لاپەڕەکـــانی
سەرەنجـــامی یەکاڵامدا ناوی
هاتوە ٠
تا وەکو (با)ی قسەی پێ
بخاتە سەر گفت وپەیمان ٠
ناسکیم ٠٠٠! ئەوەی کە راز
ونیـــازی خۆمی پێ ئەدرکێنم ،
گەلێ لە شیتایەتیم گەورەترە !!
ئایا ئێمە بە چاوێکی سوکەوە
سەیری ئەو باڵنـــدە سەرفیرازە
ئەکەین ،
کە گۆرانی‌یە عەودالەکـــانی
بەسەر دنیاماندا پەخش ئەکات!؟

٢ ـ (یەکەم دڵداری)

یاد ئەکەیەوە ؟
ئایا ئەو خوشکە ساوایەی ،
کە خاوەنی تیڕامانی ناســـك
ودیمەنی شیرین وسادە ورەوان
بو ، یاد ئەکەیەوە !؟
ـ سەد مخابن ـ هێشتا پێی
زەنا بوە ، بە هاری تەمەنی ،
دەرکی بەوەکرد ، کە (دڵە
بچکۆلانەکەی) بۆ تۆ خوڵقاوە !
بێ هیچ سوێندێك وهیـــچ
پەیمانیکی بێ‌بار : چونکە
هرۆڤ لە ساوایی‌دا ، ئـــەم
بەندوباوانە نازانێ ؟!
دەرونە بێ‌خەوشەکەی ، بـــە
گفتوگۆوە ، رێی دڵـــداری
گرتبوە بەر ٠
بێ‌شەرم وشکۆفە ومل‌ملانێ،
هەنگاوی دائەنا وتەکانی ئەدا ٠
کەچی لە پرێکا ، شادمانی‌یە
شیرینەکەی تەنیا چـــەند رۆژێ
ژیا !
ئەمرۆ گوڵەخەزان بە هاری
ژینی داپۆشیوە ؟
بەڵان ، هێشتا هەر لەسەر
پەیمان وهـــــەمان (دڵداری
یەکەم)ی خۆی ماوە !!

محمود زامدار

بەرپەرچی ژاراوی من

ئەڤ هوزانڤانێ کـو ناڤو دەنگێ وی گـەلە بلاڤ بوویـە لدەڤەرا بەهدینـا ژ گوندێ « کوڤلێ »یە ـ دکەفتـە ناڤ (دوسکی) یا لرەخ روبیاری (سپنە)ی لناحیا (مانگێشێ) ژ پاریزگەها ـ دهوك ـ ێ ٠

(حاجی قادر) ژ بنەمـالو مالباتێت کوڤلێیە ، بەنێ ئـەز بدروستی نزانم کا کیژ سالێ بویەو کیژ سالێ مریە !

کەسێ لسەر ڤی هوزانڤانێ بەرکەتیو هێژا نەنڤێسیە ژبلی سەیدایی شهید (ئەنوەرێمایی) ئێ نەمر دکتێبا خودا (الاکراد في بهدینان) ، ئەوا هـاتیە چاپکرن ل باژێرێ ـ میسل ـ ێ لسـالا (١٩٦٠ ـ ز ٠) ، دبێژیت :

(حاجی قادر ژ هوزانڤانێت رومانسی بوو ، ئو گەلـەگێ ترانەکەر بوو ، دهوزانێت خودا دەلەك برەڤی دهاڤێتـە واز کەسا یێت نەچاکیو نەباشـی ژێ چێدبون) ٠

هەروەسا دبێژیت :

(ئەڤ هوزانڤـانە نەیێ خاندەڤان بوو ، چو ژ خازدنێ نەدزانی ژبلی قورئانا پیروز کو ژبەرکر بوو) ٠

وەلێ سەیدایێ شـهید (ئەنوەرێمایی) دکتێبا خودا دیاردکەت کو « غیاث الـدین النقشبندی ١٨٩٠ ـ ١٩٤٤ ز)

حاجی قادرێ کوڤلی .. هوزانڤانێ بەرزە

لسەر ڤی هوزانڤانی یێ ئاخڤتی بدرێژی دکتێبا خودا (ترجمة ادباء بهدینان) ، بەلێ ئـەم نزانین کانێ هاتیە چاپکـرن ئان نە ٠

یا بوومە ئاشـکرا ئەوە ، هوزانڤانێ مە ، هەڤچـاخێ (شێخ نوریێ بریفکی) بوو ، ئو ئێك ژمریدێت وی بوو ٠

یا هاتیە گوتن کو سالەکێ زەلامێت شێخی تالانێ گوندێ وی بر ، دەمێ حـاجی قادری ئەڤە زانی ، گـەلە پێ نەخوش بوو ، ئینا رێکا بریفکا گرتو لوێرێ هەڤالەکێ خو لکوجکـا شێخێ دیت نافێ وی (شـێخ صالحێ ئێتویتی) بوو ، دبەر فراڤین خارنێرا لسەر تالانکرنا گوندی ئاخڤتن ، هەروەکی دیار دبیت هـەڤالێ وی ژهوزانڤانا بووە ژڤێ پارچاهە یاکو لناڤبەرا وان روویدای :

کوڤلی :

ئـەی شێخ صالحی ئێتویتی تو دعلمیـدا یێ محیطی مالێ من کەفتـە زکێ حویتی

ئێتویتی :

حەجی عبدالقـادر ئەمینـە ئەڤ گوتنە ئەساس بو نینە

کوڤلی :

شـێخ صـالحێ معتەبەر ئەو دعلمیـدا یێ پـەروەر نێ ئەڤە کوریا نێرێ کەڤـەر

ئێتویتی :

حەجی قادرێ من ناتـەبتیت هـەرێ دشـولا دخەبـیت کودا شـێخ نوری مەپقینیت وەکی ئـەڤ ئاخڤتنە بوئ شێخی کرینو تالان نەدایەڤێ ، حاجی ژدل سل بوو ئو رێکـا گوندێ (بامەرنێ) گـرت ، لوێرێ دەمەکی بو مریدێ تەکیا (شێخ بهاء الدین النقشبندی)٠

لوی دەمی کیشوەرا ئوسمانی هەر چـەند گوندەك دابونەڤ شێخەکی یانژی ئاغایـەکی دا زێرەسەرا میریێ ژ خەلکێ گوندا وەرگرن ، گوندێ هوزانڤانێ مە دگەل چەند گوندەکا دانابوونە دبن دەسـتێ (علاء الـدین النقشبندی) ڤە ، دەما هوزانڤانێ مەزانی کو شێخێ چویە گوندی دا زێرەسەرێ بستینیت ئێڤاری وی کارێ خو کرو رێکا (کوڤلێ) گـرت ـ کوڤلێ نەگەلەکـا دویرە ژ بامەرنێ ـ روژ ئاڤا گەهشتە گوندی ، دەما نزیك بووی گـول هەواریو قیژیێت ژنکاو بچویکا بو ، ئینا کوتە مروڤەکێ خو :

ـ ئەڤە چ قێرە قێرە ؟

ـ برا بڤی رەنگی علاء الدین نەقشبەندی یی هاتی زێرەسەرێ ژمە وەرگریت !!

حاجی هەر دوێ شـەڤێدا زڤریڤەو چو تەکیایێ نڤست ، دەما بۆیە سپێدە (شێخ بهـاء الدین) هاتە تەکیایێ دا نڤێژێ بکەت ، دیت حاجی یێ لوێرێ، شێخی زانی تشتەکێ هـەی ، بەلێ چ بکر نینن ژ بلی مە ئەم دێ خو لێگران کەین سپێدی دێ ژێ گرین ئەرزان تر ،گۆرێ بازرگانی قەستا خودانێ مـالی کر و گوتێ دێ بچەندێ مالێت گەمیێ دا دەیە من !! ئەوی ژی گوتێ بـسەد هزار دینـارا ، ئەوی ژی بخو قەبیل کر کـو روژا پاشتر پارێت وی بدەتێ، بەلێ ئەوان گوتێ : دێ سـەد هزار دەرهەما دەینە تە مـالی تەسلیمی مەبکە ئەوی ژی قەبیل کر و پارێت خو کرنە بەریکـا

پـارچەکا دی ژفولکلورێ کوردی

ئەو بازرگانێت هاتین بو کرینا کرتی پێ خو زڤرینە ڤە و گوتێ: تە کری ! وی ژی گوتە وان ، لسەر پێ خو قەستا هەڤالێت خو کر لسەر دەرگەهێ باژێرێ نفیسی

علی نقشبندی

ئەمیرە ئاوا بجی حالە .. دل

مەنینە گـافا سەیرانا
بنیـرن داخو کـوڤانا
گافـا سەیرانا مەنینـە
نە ئەڤە حالەو نە ژینـە
دلکەکێ عاشق من هـەیە
سەرخوشە هەر بێبادەیە
ژخالا هەر ئێخسیرە ئـەو
خودان برینێت کویرە ئەو
وی کـولو کوڤان هزارن
بوچی دلبەر هندە هارن ؟
نەخوشو باش نەساخەهەر
بژانو برینو داخە هەر
ئاگرو ئێشان وی تێـدا
کانیێت زوخان وی تێدا
بێژە ئایێو نەنینکـە
ژێران بویە سـەد تیکە
سێڤو نیموكو شـەمامە
ژبو مەی پـەرداخو جامە

ژمێژەیە زۆر بێ حالە دل
هەردەم بئاهو نالـە دل
دل نزی ئاگرو خوینـە
شکەستی یەو برین چالە دل
وی ژکیڤە ئاگەهـ ژمن هەیە ؟
بێ خزمو موكو مالە دل
بو یارا خوش نێچیرە ئەو
بێ بەخت و بێ ئێغبالە دل
ژێ تەڤێت زوخان وبارن
ژبەر هەر پیرو کالـە دل
ب قیژیو ئوخو ئاخە هەر
بێ کەسو بێ هـەڤالە دل
تاو گرك دیسان وی تێـدا
حەلیا شبتی شەمالە دل
خودان دلبـەرو بەلبیکە
بەلنگـازو عەبدالە دل
سێنیا سەد رەنگو تامە
دەنو جـاما زەلالـە دل

مسكو گولاڤو عەمبـەرە
براستی ژدل من باوەرە
ئەوە قیبیـلا هـەمی یارا
گولە لناڤ کەسکە بهارا
ژچاڤێت رەش بەز حەلینا
اهەمی زسـتانو هاڤینا

باغێ روحانوکێت تـەرە
پینگو خوناڤو ژالە دل
بلبـلە بو ئەڤین دارا
گەلەك شەنگو دەلالە دل
ژعشقا وەك (مەمو زینا)
گێژو حەیرانو لالـە دل

(١) چال = دۆل ـ (عمیق)ـ کویرە ٠
(٢) بێبادەیە = بێمەیە ـ بێعارەقە ٠
(٣) بێبـەخت = لڤێرێ بێشانس (بدون حظ) ٠
(٤) وزخ = الصدید ٠
(٥) ئایێن = نـەینیك ـ ئاوێتـە ـ قودیکـاروناهیێ (مرآة) ٠
(٦) عـەبدال = پەپیك ـ هەژار ٠
(٧) مەی = بادە ـ ئەرەق ٠
جام = پەرداخیان (کلاس) (کأس) ٠
(٨) ژالە = خونافە(الندی)ـ برایێت مە یت سـورانی دبێژنە (رویلێ) ژالە (الدفلە)ب کرما بخی هەر خونافە ٠
(٩) دەلال = جـوان ـ شەنك ـ خشکوك ٠
(١٠) زستان ـ زفسـتان(الشتاء) ٠

عبدالرحمن مزوری

حەکێ .. نەکی

پاشی دەزگربرنێ بەیامەکی چ درێژ یاکورت لـدوی بازارو پێك ئینانا هەمی لایێت گەرەكو پێ تفی شەهیانەو داوەتێ ، دێ هەر دولا لسەر برنا نەختی پێك هێن کو ببەن ٠

بەلێ بەری برنا نەختـی ـ قەلـەنێ ـ مالا زاڤایی دێ دیسا کەنە بەرزەحفی ـ مێهڤانی ـ دێ کازی کەنە کەسیو کـارو مروڤێت خو داکو نەختی ئانکو قەلەنێ ببەن ٠ نەخت ئانکـو قەلەن ژبنیاتی پارێ هشکە ٠ دبەریدا هەمی کەسـا هزرا هندێ دکر کو چو مهانێت مەزن نەهاڤێنـە بەر خازگینێـت ژرەنگێت بدلڤە دنویسیان باری وان گرانکەن کو خزمێ پاشە ـ رۆژێو هەڤگیـانو هەڤژیانێ کچـا وان دبن بڤەتسیتن ٠

کەسێ کەس شەپرزە نەدکر ، نەختەکێ کێم هـەما بو ناڤ دخاست کو شـیابانا هەلیێت ژنئینانێ راکەن ٠ بـەلێ ڤێ دویماهیێ دگـەل بکرێ کەفتنو ئالویزبوینی یا ژینو ژیارا جڤاکی ژبەر پێتر بوینـی یا پێ تفیێت ژیارێ ، نەخت ژی گەلەك پێتر ژبەرێ ڤە لێ هاتی یە ، داکـو بشێن پێ تفیێت نوی بسەرێك ڤە بینن ببەردەستکرنا ناڤمالی یەکا چاك و راژیرەکا شەنگ وبەرکەتی ژبو پاشەرۆژەکا بەختیارو شاد پاشی نان خارنێ ، ئـەوێت تەرخانکرین کو نەختی ببەن دا رابن نەختی بەن ٠ دبـەرێدا چەکەك یان پێتر لدوی دەستهاتنا زاڤای دگەل نەختی دبر ٠ پاشی نەخت دبر ، دازڤرنـەڤە مالا زاڤایو داڤەرڤن هەرکەسـەك زڤرینەڤـە مال ٠ پاشی نەخت برنێ ، شەڤا پاشتر مالا زاڤای دا میهڤانداریا مالا بویکێ کەن دا شیڤێ هنێرن(١) ٠ ئەڤ رێزو تەرتینە دبەرێدا بون بەلێ نهو تیشتێ بو دهنێرن ، ژبەرکـو تێشت بویـە دانێ بنیاتی یێ رۆژێ ، کو دبەرێدا شیف دانێ بنیاتی یێ رۆژێ بو ٠ لـدوی چـاخو دەمی ، رێزو تەرتیف رەوشتو تیتال دهێنە گوهورین

(١) شیڤ دهنارت ، دەمێ کو شیڤ دانێ بنیاتی بو ٠ دهندە چاخو دەمان دا ، هـەر هەفتەکێ مالا زاڤای تێشت یان شیف بو مالا زاڤای دهنارت ، زێدەبار هەکە دەستهـاتی و زنگین بانا ، خو هەکە دەسـت تەنگو ژار بانا ، یان ژی رێزو تەرتیف هاتبانە گوهورین هەر هەیڤێ جارەکێ دا شـیڤێ یاتێشتێ بو هنێرن ، ئەڤە ژبلی گێژن ـ جێژن ـ ئو سەر سالا، کو دیسا دا دیاریەکێ دووا بو هنێرن لدوی دەست هـاتنو مەردینی یا خو ، دگەل جلکەکی یان پێتر ٠

ئەڤ دیاریەنە ژمالاج زاڤای بو مالا بویکێ لە هەمی ژبو دل ـ خۆشی ، پێك و دو خوشی بونو، جلکێت زاڤای یان جلکێـت بویکێ بن لدوی کەڤنـە رێزو تەرتیف ، رەوشتو تیتالا لمالا زاڤای تێنە گـەرکرن بستران و

ـ یامای ـ

صالح بهاءالدین

گـریـەکێ ڤ دەنگ

ژین چەندا نەخوشە ، هویا تاری
بێ دوست یارا ، بێ کـەسپو کاری
هەردەم بەلنگاز ، هـەربرسیو ژاری
دەردو برینا دلێ لمـەخاری

دجەنگم گەل ڤێ تاری بەژینـێ
رزگار نابم ئەز ژڤـێ نالینێ
جەندی برێـژم روندكوخوینێ
کەس گوهـ نادەتە ئاهوگرینێ

ماست سپیە نەیێ رەشە، گەر بێژم
خوینا خو دێ لسـەرڤێ جەندێ رێژم
نك هندە خەلکی نەزانوگێژم
ژبەرکو راستیە نابێتڤەرێژ

دێ بلا بمرم بن چویڤودارا
ئاغـا هەر بخوت زحمەتاژارا
زەرازی بوونا من ژڤـانکـارا
نك هشکە مەلام ، کافر سەر زارا

سەگڤان عەبدولەکیم

ژیان

دیارە هەرکەسـەکی دڤێت بژیت ٠
لێ ئەڤ ژیانە نەوەسـا یابسانا هیە ، هندەکێن هەین ٠٠٠٠ وەکی قـەلێ دژینو هندەکێن هـەین وەکی قورغوی ٠٠٠ هنـدەك کوشتی مریاو کەلەخا دخون هندەك ژی زڤێـلا کوشتی ژدڤێ شێرو گورگـادادئینن دەر ٠٠٠ توژ کیژانی ٠

ـ یامای ـ

دەنگەك ژ دلێ سۆنی

برایێ هێژا ، وەسـانینە وەکی تو تێ گەهشتی ، مەگەلـە دڤێ هوین هاریکاریا مەبکەن ، بەلێ مە نەڤێت ئەم تشـتێ خراپ بلاڤ کەینو هندی ژمـە بهێت ئەم وەکی وان ناکـەین ئەڤێن تە لسەر ئاخڤتی ٠ ئەڤ چەند پرتە ژ تێکبەسـتا تەیا دویماهیی یێ دپاشن ، هیڤیدارین هەرێ سەرکەڤتی بی ٠

« هاوکاری »

ئەزم لبەر ئاڤا بێ گونەهە
و پەریشان
پرتکینو سوتنو چون هە
می پەیمان
پێلا مرنێ بوچی بتنێ بر
پەریخان
هەتا بگەهمێ سەرگوری
وابم پێوان

★ ★ ★

کوشتن ئاسکا من دەمـار
لێ بژاندن
کەلها ئەڤینیا من هەرفتو
پەلشاندن
هیڤیو پەرتەو هەیـڤ
ئەمراندن
ژینێ دێ بورینم بگرینێو
بلاندن(١)

سەردار عبدالرحمن

خوینەرانێ هێژا

بێ ناڤ بێ ناڤ

هەمی ئەڤێن دژین بهیڤیـا (دکولینێدا) بو بهێت، خار ، دنفستینەو پێن وان وێن ابـە. تاڤێ ٠٠٠ نە ٠٠٠ ببورن وێن لناڤ بەفرێ !!

◉ ● ◉

چو هیڤیو ئارمانج ، چ پێن کەسابنو چ پێن جڤاکی ، بێی خەبتینو کارکردنەکـا دویرو درێژ ، بێی وەستیانا باسکاو خوها ناڤ چاڤاو گەلە جـارا بێی خـوین وقوربانی دان ، بدەست ناکەڤن ٠٠٠ هەرکەسەکێ ڤێ راستیی ژبیربکەت ٠٠٠ ئان ژبیرا خو ببـەت ٠٠٠ ناگەهینە قوناغێ ٠

◉ ● ◉

دگەل ڤێ چەندێدا ، گـەلە جـارا مروڤ بتنێ نکـاریت چوبکەت ، سەر هندێرا کـو ژدل خو دوەستینیتو گەلەکێ ئەمەکدارە ژی ٠

لەورا پێدڤی یە وان هـەڤالو دوستو برادەرا کوم بکـەت ، ئێن جهێ باوەریو ئێن دکارن براسـتی ملێن خو بدەنە بن باریو هـەتا دویماهیی یێ بسەربلندی رێکێ ببرن ٠

◉ ● ◉

دیارە کەس نینـە بدەڤی باوەری بڤێ راستیی یێ نەبیت ٠ وەلێ چەند کەس هەنە وەدکەن؟! بال من ڤە ، هەمی ئـەڤێن سەرکەڤتین ، چو ژکەساو چو ژبزاڤو جڤاتو دەسـتەکا ، ئەڤە هەر لبەر چاڤا بویە ٠

ئەڤانا یازانی دەسەلاتو هێزو زاخا وان چەندەو یادوژمنی ژی چەندە ، هەر وەسا یازانی کینە دوستو کینـە دوژمن ، ژنوی پێنگاڤ ٠٠ پێنگاڤو لسەر خو پێنگاڤێن رانین ٠

◉ ● ◉

گەلە ژمەژی پێنگاڤا درانن ، لێ چەند ژمە گەهشتینە ٠٠٠ یاوا ا ڤیـیـای ، یا ددلێ واندا ئەرێ دێ کەنگی زاخو دەسەلاتا خو زانین ، کەنگی دێ دوستو دوژمنا ژێك جوداکەین ، کەنگی دێ فێربین لسـەر پێن خـو راوەستینو پێنگاڤێن دروست رانین ٠٠٠٠ کەنگی دێ خـو نیاسین !!

ئینا پشـتی بخێرهـاتنێ ژێ پرسی : حاجی تە چی یە ؟

حاجی رابو سەر خوو ئەڤ چەند مالکە بوو گوتن :

هەژ وانێ هەتاکـو بەغـدایێ هەجیێ خو نەهاڤێتە ڤێ دیوانێ دێ بلەپا کەفتە (٠٠٠٠) دایێ بامـەرنێ گونـدەك ئەمینـە خەلكو عالم نفعێ ژێ دبینـە روناهیا جاڤێت هەشێخ باوەدینە بفەسـادیا علاءالینێ گـورێ هاتنە سەرمە جەندرمێت تورکی زەلام رەڤین ئو مال ژخورا بری اژنکاو بچویکا قێریو گـری

ئەو بوو شێخی گوتێ خـو دل نەخوش نەکە ئەز دێ گوندیا پارێزم ، لمن وەرە ـ حاجی ـ شـاعرەکێ مللی نەخویندەڤانێ ئیرەك بوویەو دیارەژی دوستی ژارو بەلنگازا بویە ، بەرامبەر زورداریو زالیـا دەرەبەگا ٠٠

عبدالکریم دوسکی

دگەڵ سەروکی ئێکەتیا جوتیاراڵ دهوك

بەری هەیامەکی من سەرەدانەك کرە دەڤـەرا دهوکێ ، دڤێ سەرەدانێدا ئەز چومە پارێزگەها دهوکێو من سەیدا هاشـم ئاکرەیی دیت وچەند پروژەك من ژێ خازتن ، وی ژی بدلـەکێ فرهە بەرسڤا من دا وگـوت(ئەم دحازرین بو هەمی کارەکی هەکە هاتو قازانجا مللەتێ کوردتیدا هەبیت) هاوکاری (ئەم گەلە سوپاسی سەیدایی دکەین لسەر ئاخفتنا وی وئـەم بێ لهیڤیا وان پروژا بو مە بهێن)پشتی ڤێ چەندێ ئـەز چومە ئێکاتیا جوتیاران بو زانینا پرەژوکارێن وان ، بەری سەروکێ ئێکاتی یێ بو من وان کارێن پێرابوین روهن بکەت گـوت : بـەری نهوژی هاوکـاری یێ رەپورتاژەك نڤێسیبو ، بـەلێ مخابن بەلاڤ نەکر ، مەنەزانی سویچ چ بو هاوکاری (ئـەو رەپورتاژ برادەرێ نڤیسـەڤان محمود ژامداری بەرهەڤ کربو، ئو من بدەستێن خو هاری کاریاوی یاکری ، ئو هەر وی دەمی هەیا بەلاڤ کری ، ژڤێرێ بو هەدیار دبیت ئەو چەند هاوکاری یێ دخوینن و چەند ددل سوژن بو بەرفرهە کرنا زاراڤێ کرمانجی)

پشتی ڤێ چەندێ سـەروکێ ئێکاتی یێ هـەڤال (محمـود عزیز)ی ئەڤ پەیڤەنە ژمـەراگوتن :

درست بونا ئێکاتیـا مەنەگەلەکا ژمێرەیە ئەز دکـارم بێژم هێشتا یاساڤابە ،بەلێ دسەرڤێ چەندێرا مەگەلە کـارێن کرین بوجوتیارێ کورد ٠

ئێکاتیێ سێ تا (کەر) یێن هەین ، لئامێـدیێو لزاخو ئو لسێمێلێ نێزیکی (٢٠٠) کەسا ئەندامن دئێکاتیا مەدا ٠

نێزیی (٢٤٠٨) خسـماگەنمو ٦٠٩ جەھ مەیێ بەلاڤ کری لسەر جوتیارا ٠ هەروەسا مەگەلە کومبون یێن کرین بـو بەرفرهە کـرنا بیرو باوەریێن جوتیارێ کورد ٠ بەلێ مخابن پار گەلە زیان بجوتیاران کەفت ژبەر نەبونا بارانا ، هەکـە کاربەدەستا هاری کاریا مەکـربابو دانانا چەند سکرا وهـەند کرنا ئاڤێ ئەو زیان بجوتیاری نەدکەفت ٠ دیسا بهاری کاریا کاربەدەستا ـ ر٢٩ هزار شتلێن فێقی مە یێن بەلاڤ کرین لسەر جوتیـارا بێی پارە ، زێدەبارلدەڤەرا (بەرواری بـالا)ی ، چنکو جهێ وێ هاری کـارە بوشێن بونا دارو بارێن فێقی ٠ نەخاسمە سێڤا ، هەکـە چاڤدێری لوێ دەڤەرێ هـەبا ببرنا رێکاو هاری کـاریا وان ، من باوەرە بەرواریا بتنـێ تێـرا عیراقێ هەمیێ سێڤ دا ژێهێن٠ هەروەسا لدەڤەرا مە باجانگەلە بسەر کەفتی نە ، بەلێ مخابن پار گەلە زیان بوان جوتیـارا کەفن ئەوێن باجان شین کـرین ژبەر هاتنا باجانێن سـوربێو ڕێ نەدا باجانێن خوجهـ کـو بهێنە فروتن ٠ ژبەر ڤێ چەندێ ئێکاتیامە وا بزاڤێ دکەت کـو بگەهتە ئاخفتنەکێ دگـەل کارخانێن چێکرنا ئاڤکا باجانابو کرینا باجـانێن خوجهـ ٠ هەکە کارخانە بومـە دانا بان وچاڤ دێری هـەبا ، ٨٠٪ ژپێدڤیاتیا مللـەتێ عیراقی بو باجانا ئەم دا بەرهەڤ کەین ٠ بکورتی لدەڤـەرامە ژیانا وان ٩٠٪ ژمروڤێن وێ لسەر هندێ یالسەر چاندنو شین کـرنێ دژین٠ هەروەسا تری پێدڤیـە کارخانا بو دانن ، بەری نهـوڤەرمانەکا وەسا هاتبو کـو کارخانەکێ دانن بو تری ، بەلێ هندە کەسـا وەنەکر ئـەڤ قازانجە بگەهتە مللـەتێ کوردئو دگوت ٠

(نابیت کارخانێن عـەرەڤێ بهێنە دانان لپارێزگـەها مە)

براستی ئـەم زوی ڤێـرانەگەهشتین هەکە مە وەنە دکر وان ئەڤ کریارە کربا چنکـو قازانجا مللەتێ کورد یاتێـدا ، ئوژنهو پاژڤە هەکـە تشتەکێ وەسا دیار بوڤە ئەم دبـەر هەڤین بوهاری کاریا وێ کـو کارخانێ دانین دسـەر هەمی ئاخفتنو گوتنەکێ پا ٠ دیسا هەکە دائیرا شین کردنێ(غاباتا) هاری کاریێ دگەل مە بکـەتبو پیك کرنو پەترمە کرنا چەند دارو بارا کـو بهایێ وێ دێ قازانجێ گەهینیتە هەمی مللەتێ عیراقێ نەخاسمە جوتیارێ کوردوەکی پیك کرنا بـەرپا بپشکا دارا (شەبەلوتا) ئو کـەزانا بفستەڤێ ، هەکە مەزانیبا کـو بریارەکانا هوسا یاهەی ئـەم نهو داخو بەرهەڤ کەین بو ڤێ چەندێ ٠ هەروەسا مەچـەندپارچێن ئاخێ یێن بەلاڤ کربن لسەر جوتیاران ٠ لدویف قانونیا کەڤن ٥٣٧٥٣ دونەم ئو لدویف قانونینا (١١٧)ێ ١٨٨٩ ٠دونەم ٠

لدویماهیێ ئەم گەلە سوپاسی روژنامـا هاوکارێ دکەین لسەر بزاڤا وێ یابیها هیڤیدارین هەر لسەر بلندبیت دکارێ خودا ٠

خوینەدەڤانێ هێژا ئەڤـەبو ریپورتـاژا مـە دگـەل سەروکێ ئێکاتیا جوتیـاران لدەڤەرا دهوکێ هەڤال (محمود) عزیز) ی هیڤیدارین یاژهـەژی بیت ٠

عبدالرحمن نقشبندي

institut kurde de paris

لیکۆلینەوەیەك دەربارەی :

زمان وئەدەبی کوردی

بۆپۆلی پێنجەمی ئامادەیی

ـ ئەنوەر علی قادر ـ

زمانو ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ٠

دانەران ٠ دکتۆر مارف خەزنەدار ـ دکتۆر نەسرین فەخری ـ حافیز قازی وەك دانەرانی بەرێز دانیان بەوەدا ناوە کە خویندنی زمانو ئەدەبی کوردی تاقی کردنەوەیەکی تازەیە لە ژیانی خوێندەواری کوردیدا لەبەر ئەوە مەودای تەواوی هەیە کەلێی بکۆلینەوە، وە ئەو کەمو کوڕیانەی کەهەیە بەباوەڕی خۆمانو لەسەر ڕێگایەکی زانستی پیشانی بدەین ، دیارە هەندێك لەو کەمو کوڕیانە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرنامەیەی کە بۆی دانراوە ٠

دەربارەی ڕێزمانەکەی :

بابەتی یەکەم (ئاوەڵناو) ٠

جۆرەکانی ئاوەڵناوی کردوە بەسێ جۆر بەبێ ئەوەی باس ئاوەڵناوی خەبەری بکات کە قوتابی بەهۆی ئەوجۆرە ئاوئناوەوە لە کڕوکی باسەکە ئەگات ٠

ئاوەڵناوی فرمانی ٠٠ کردویەتی بەسێ بەش :

١ ـ ئاوەڵناوی بکەر ٠

٢ ـ ئاوەڵناوی کراو ٠

٣ ـ ناوی فرمان ٠

لێرەدا تێبینیەك هەیە ئەگەر ناوی فرمانی نابێتە ئاوەڵناو بۆ باس کراوە ٠ چونکە باسەکە سەرتاپا باس ئاوەڵناوە ٠

ئاوەڵناوی بکەن ٠٠ دو جار لەسەریەك لە لاپەڕە (٧) و (٨)دا دەربارەی چۆنێتی دروست کردنی دواوە بەبێ ئەوەی کەپێناسینێکی ٠

ئەوتۆ ڕەچاوبکەن کە ئاوەڵناوی بکەر چییەو چ

ئەگەیەنێت ، جگەلەوەش کە ئەڵێت بەگشتی وەئەگیرێت لەڕەگی چاوەگ یا ڕەگی فرمان یابناغەی چاوگ بەبێ ئەوەی ڕونی بکەنەوە کە گوایە ئەمانەچین ؟ جگەلەوەش بەکارهێنانی بناغەی چاوگ لە شوێنی خۆیدانیە چاوگێك نونەکەت لێفڕێدا ئەبێتە کردارێکی ڕابوردوی بینراوی یاخود چاوگێکی کرتێنراو وەك، کێشان : کێشا ٠ خوێندن ، خوێند ٠ لە باسکردنی چۆنیەتی دروستکردنی ئاوەڵناوی بکەر لاپەڕە (٩) حەوتەمین ئەڵێت : پاشگری (٥) ئەم پاشگرە ئەچێتە سەر بناغەی چاوگی تێنەپەڕی واوی وەك : چون : چو + ٥ = چوە، بون : بو + ٥ = بوە ، جا کەی (چوە) وەیا (بوە) ئەبنە ئاوەڵناو ئایا چوە ، بوە کرداری ڕابوردوی گێڕاوەیی نین ؟ بۆکەسی سێیەم ٠

جگەلەوەش هەندێك پاشگری ترهەن وەك (ا) و (ئۆك) کە ئەمانەش ئاوەڵناوی بکەر دروست ئەکەن بەوێنە ،زانین زان = ا + زانا ترسان : ترس + ئۆك = ترسنۆك ، کەباس نەکراون ٠

ناوی فرمان : وەك وتمان ئەم باسە پەیوەندی نیە بە ئاوەڵناوەوە چونکە ناوی‌فرمان نابێتە ئاوەڵناو ، باسەکەش ئاوەڵناوە نەك باس (وەرگێڕاوی بێت) کەوابو لێرەدا جێگەی نابێتەوەو زیادە ، جگەلەوەش لەلاپەڕە (١٢) دا پێنجەمیان ئەڵێت : هەندێك جاریش ناوی‌بکەر یەکسەر پێك‌دێت بەوەرگرتنی

بڕوانە ل ـ ٧ ـ

بازاری درۆ ...

ئەوانەی لەتاوانی درۆ خۆیان‌گێل‌ئەکەن بە خوێندنەوەی ئەم چیروکە کەللەیی ئەبنو زۆربەنەفام‌و بێعقڵم تێ‌ئەگەن ٠٠ بەڵام من لەگەڵێ سەرەوە خۆم‌بە گەڵۆرو ناتەواو دائەنێم ٠٠ چونکە بەنوسینی ئەم چیروکەجارێ هەمو خەڵقی ئەدەم بەتایبەتی کەلە ناتەواوی خۆم‌ئەدوێم‌و ئەڵێم وەکوشێت بەبێ ئاگا بەشەقامەکەدا وەکو چوار کیلۆ ئاسن بەسترابێ بەقولو پێمەوە هەنگاوم ئەناو ئەڕۆیشتم ٠٠٠ تاکوشەتەك‌و مانگ‌و بوبی ڕێگا بردمیە ئەو چایخانەیەی کەگشت جارێ بۆ کات بردنەسەر بۆی ئەچوم ٠٠ دوای ماوەیە روانینی سەرنجم لە شوێنێکا وەستاو چوم لێیێ دانیشتم ٠٠ بینینی جلو بەرگی دانیشتوەکەی‌تەنشتم بەرادەیەك شایانی پرسیار بو هانی‌دام وای لی‌کردم بڵیم ٠٠٠ ئەرێ کاکە برا ئەشێ پرسیارێکت‌لێ‌بکەم؟! بەلالوتیکەوە وتی فەرمو بڵی ٠٠ ئەم بەرگە ریك‌و جوانە ، قوماشەکەیت لای چ بەرگ درویەك کردوە ؟ بێ‌ئەوەی هیچ دابمێنێ وتی لەبازاری (درۆ) واتێ ئەگەم‌ئێوەش لەم پرسیارە دۆش دائەمێنن ٠٠ هەر لەبەر ئەوەش بو لەبوێ لێم دوبارە کردەوە ٠٠ کاکە ئەم قوماشەت لای چ بەرگ درویەك دەست گیربوەو ٠٠٠ وتی کابرا تێ ناگەیت کەڕی ؟! ئەڵێم (لە بازاری درۆ) دوای کەمی بیرکردنەوە وتم کاکەبرا لات گران نەبی ئەو بازارە کەوتۆتە چ لایەکەوە ٠٠ وتی ئەم شەقامە بەرەو خوار بەرەوە تاکو ئەگەیتە گەراجی‌گوێ درێژەکان لەوێشەوە پێچ‌کەرەوە ٠٠ بەلای چەپدا برۆ بەلای ڕاستا ئاور مەدەرەوە تاکە وینەی دینارێکی گەورەکراو ئەبینی هەڵواسراوە لەدامێنیەکەی نوسراوە بازاری درۆ ئەوە دەرگای گوزەری بازاڕی درویە ٠٠ یەکەم دوکان بەلای چەپدا برۆ تاکولوتت ئەبێ بەلوتی کابرایەکی دەم بچکۆلەوچاو بچکولەی‌ناوچەوان تەسکەوە لە هەمو جۆرە قوماشو بەرگیکی لادانراوە منیش چونکە جلو بەرگەکەم شڕو پەڕپوت‌بو ٠٠ ماندو بونم لەبەرچۆوە هەستام بەپەلە پەل پارەی چاکەم‌داو ڕۆیشتم تاکو چومە ئەو شوێنە بەڕاستی بازاری درۆم دۆزیەوە چ بازارێك ڕێ بەرێ‌دار نەئەکەوت ٠٠ ئەگەر پاڵەوانیش‌بی شانت ئەسوێ هەردوکانە جۆرە جلوبەرگ‌و پێ‌ویستیەکی تیا دانراوە ٠ ڕوم کردە یەکێ لە دوکاندارەکان ئەری برا ئەوە چ جۆرە جل‌و بەرگێکە ؟!

بۆ فرۆشتنە ؟! بەقەدەرمن ئەبێ ؟٠ بوم دەست ئەدا ؟! زۆر بەگەرمی وەڵامی دامەوە ٠٠ کاکە ئەمە هەموی بەرگی‌فیشاڵە ئەمیش بەرگی لە خۆ بابی‌بونە لەدڵی خۆمدا خەریکی بەراوردە بوم من بۆ بەرگی‌ڕاستی هاتوم ئێستا ئەمە چەندی بەچەندەو چی‌ڕوی‌داوە هەبێ‌و نەبێ خۆم شێواوە ٠٠ دڵم بریاری‌دا وتی ئەستوری قەڵەوکەچی وەکوکورنە تەلە لێم‌ڕاپەڕی وتی‌ناپیاو تۆ بۆاهاتویت بەم گوزەرەداو لە دیارمان وەستاوی ؟! بەڵام دا لەپێستی سەرت منیش ناچار گەرامەدواوە چونکە گرژیو مۆنی دەموچاو وەکو لفکە زبر دیاربو زەنەقی خستەبەرم ٠٠ ئیان دورکەوتەوە بەچێم هێشتن بەرەودوکانی کابرای (درۆ) ڕۆیشتم کەچومە پێشەوەئەروانم ئەوهاوری‌یەی کەتۆم باس‌کردن خاوەنی گەڵابەکە ٠٠ هەرکە چاوی بەمن کەوت سنگی دەرپەڕان‌و وتی ٠٠ ئەوە بێم ناڵێت تۆ چی‌ئەکەیت لێرە ؟ لەم بازارە بۆ ئەسوڕێیتەوە ؟!٠٠ برۆ ٠٠ برۆ لەم ناوە نەمێنی گۆرت گوم‌کە ٠٠ جێی تۆی تیا نابێتەوە ٠٠ برۆ مەوەستە ٠٠ ئەگەرچی کەمێکیش دڵ‌گیربوم بەڵام ناچار دزەقەسابیەکم هەرکرد سەرم خوارکردەوە وتم بزانم دوکانەکە خاڵی‌بۆ لەگونیی‌و خەرارو جەواڵ ٠٠ کەئەروانم چی‌بروانم ئەڵێی هیشتا نەنوی بابەتی‌کەی‌بۆهاتوە تومەز ئەوە سەرچاوەی داهێنانی درۆیە ٠٠ نیازم‌بو تیپەرم روانیم جوامیری هاوریم چمکی کەواکەی کردوە بەڵادا چاو ـ ئەگیری هەروەکو نەخۆشێك چۆن لەکاتی گیانەڵادا چاو بەدواجاری ژیانابگێری کردبو بەپەرۆشەوە هەرچاویکی کردبو بەجوار ٠٠ هەرکەمنی بەدی‌کرد وتی لێرەش پەیدابویت ؟

وتم جوامێر ئەوە بۆچی ئەگەرییت ؟ وتی تۆ مافی ئەو پرسیارەت چیە بۆ نازانی ئەمە دوساڵە بێ‌ئیشم ٠٠ بەناچاری منیش وەکو ئەم هەمو خەڵقە لەدوی دوکانیك ئەگەڕێم ٠٠ سەر قفڵیەکەش ئەگەر (چوارده) خوێنیش‌بی بەبێ‌باکی ئەی‌ڕێژم هەر تاوانێکیشم پێ‌بسپێرن سەرم‌پیوەنیە هەربەمەرجێ دوکانێکم دەست‌کەوی ٠٠ برام برسێتی نانی هاری بەدەمەوەیە لەم گفتوگۆیەدابوین٠٠کورەکەم ڕای‌وەشانم خەبەری کردمەوە٠٠ بابە ٠٠ بابە ئەهەستە میرزا عبداللەی دراوسێمان مردوە ڕاستە٠٠ ئەوی بۆمان بمێنیتەوە تەنیا تیکۆشانە لەپیناوی کۆمەڵا ٠٠ نەك دینارا ٠

دەنگ گەورە

دوایی بەهەمودرۆیەك بهینی ٠٠ تاکو دوێنی بو میرزا عبداللە لەسەر بستێ دیوار تەنگی بەمناڵەکانی مام ڕەحیم هەڵچنی بو هەرجارە ناجارێك پی‌تەوتن شەروشیواڵتان فرێ ئەدەمە دەرەوە کەچی فریانەکەوت ٠٠ بێ‌گومان چونکە میرزایەو دەوڵەمەندە خاوەن دیناره نیوەی شارەکە شوینی ئەکەوی بۆ گۆرستان بەڵام مام ڕەحیمی بەسزمان دوای چوارساڵ لەسەر جێگا کەوتنی کەمرد بەچوار پیاوی گەرەك بردمان‌کەس لیی‌ی نەپرسیەوە دیارە بازاری درۆ لە پیناوی ژیانا هەرمردنە کەی

دەنگ گەورە

چێشتی مجەور

سۆفی ئەمین کە زنجیرەوتارەکەی کاك ئەورەحمانی حاجی مارفی خوێندبوەوە لەسەر فەرهەنگەکانی مامۆستا گیوی موکریانی دەسبەجێ‌کەوتبۆوە گەڕان‌و پشکنین بە دوویاندا‌و ، جارێکی کە بەوردی‌و لە پێی ڕەئی‌و سەرنجەکانی کاك ئەورەحمان‌چاوی پێدا خشاندبونەوە ر سەیری کردبون ٠ بە خۆی‌وفەرهەنگی مەهابادو رویەکی گەشەوە هاتە لام ٠

وتی : من ئاسۆی سیاسی‌کورد زۆر روناك ئەبینم !

سەیرم لێ هات سۆفی‌ئەمینی ڕوگرژی‌چارەتاڵی لە هەمو شتێك وەڕس و ناڕەزا ،ئەمڕو کتوپڕ وا قسە بکات ، دوێنێ کە پێکەوە بوین بەبارێکی تردا قسەی ئەکرد ، ئەوەندە بەرچاو تاریك بوخەریك بو منیش وەکو خۆی بروخێنێت‌و ئومێدم لە هەموترسکەیەك ببڕێت ٠ بزە گرتمی ٠

وتم : چی‌بوە ؟

وتی : زمان زانێکی فارس‌هەیە ناوی ر ٠ ذو النورە ، کتێبێکی هەیە ناوی ـ دستورپارس ـ ٥ ٠٠ خوێندوتەوە ؟

وتم : چاوێکم پیداخشاندوە ٠

وتی : لەو کتێبەدا هیچ‌سەرنجی ڕانەکێشاویت ؟

نەمزانی چی بڵێم ، ویستم‌خۆم لە وەڵامەکەی بدزمەوە لە بەر ئەوە وتم : مەبەستت‌چیە ؟

وتی : ئاغای ٠ ذو النوری‌زمان زان زمانی کوردیشی لە ریزی لەهجە محەلیەکانی‌ئێراندا ژماردوە واتە بە بەشێك لە زمانی فارسی‌داناوە٠

کتوپڕ وتم : بێ بەڵا بیت‌ئینجا ئەمە چی تێدایە کردوتە بەمەرا ق، ئەی ناژانی ئەمەبەڵگەی ئەوپەڕی بە تەنگەوە هاتن‌و خۆشەویستیە !

واقی وڕما لە قسەکەم ، وتی:تێ‌ناگەم ٠٠٠ چۆن ؟

وتم : ئەی نابینی زۆرسیاسی‌و نوسەرو زانای نەتەوە دراوسێکمانمان‌ئەوەندە ئێمەبان‌خۆش ئەوێت‌و ئەوەندە عاشقی خاك‌و دەموزمان‌و چاوی‌جوان‌وشان‌و باهوی ئێمەن لە شتی گەورەو گرنگی وەکو : زمان‌ومێژوو جوگرافی و سامانی سروشت‌و بەرو بومی‌و لات‌وسەرزمێری دانیشتوان‌دا بەهیچ جۆرێك قبوڵیان نیە کەس بەجیا لە نەتەوەکانی خۆیان باسمان بکات یا بە چاوی بێگانەتێمان بروانێ ! ڕازی نابن کەس بڵێت کورد گەلێکی جیاوازە !

وتی : با ، بەڵام وەکوخۆشەویستی‌شەوەو منالی ساوا وایە ٠٠٠٠ ئەگەر وانیە بۆچیبۆ کردنەوەی قوتابخانەو خەستەخانەو ڕێگاوبان‌و پڕۆژەی‌پیشەسازی‌و کشتوکاڵو ئاوەدانی نامان خوێننەوە و لەسەرمان هەلنادەنێ! جا بلدۆزەر لە قسە کەم مەدەو باسەکەم لەبیر مەبەرەوە ٠٠٠

وتم : فەرمو گەرەکتە چی‌بڵێیت ؟

وتی : تا ئێستا هەر خەڵك‌بە ئێمەی وتوە کورد فارسە ، تورکی شاخاویە ، یاکوڕی‌نزاری‌کوڕی قەحطان‌و عەدنان‌و ٠٠٠ لە بەرەی موضەرو فلان‌و فیسارن!ئینجا ئێستا نۆبەی ئێمەیە وا بە خەڵك بڵێین ، تا ئەوانیش‌کۆڵ ئەدەن‌و زمانی خۆیان ئەگەزن !

دامە قاقای پێ‌کەنین‌و سەیرمهات لەقسەکەی وتم : ئێمە ئەگەر شتی وا بڵێین فیکەمان لێ‌ناکێشن‌و نامان‌کەن بەکێودا ؟٠

وتی : تائیستا هەرخەڵك وای‌بە ئێمە وتوەو هەر ئێمەیش داومانەتە کێو !

بەش بەحاڵی خۆم ، تائێستابیرم لەم ڕەئیە بەجێ‌یەـ نەکردبوەوە قسەکەیشیم پێ‌جوان بو، وتم : قسەکەت جوانە بەڵام بۆچی هێشتا کەس خەیاڵی‌بۆی نەچوە ؟

وتی : با، بیریان لێ‌کردۆتەوەوکراویشە ، بەڵام ئێمە باش لەشت ورد نابینەوە ئەگینامامۆستا گیوی موکریانی دەساڵ زیاترە لە الاپەڕە (١٠)ی‌فەرهەنگی مەهابادا فەرمویەتی (٠٠٠ برایەتی کوردو فارس‌سوو (شك)ی تێدا نیە چونکە فارس تیەرەو هۆزو خێڵێکە لەکورد ونەتەوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ نیە ٠٠٠٠) کەچی‌ئێمە ئەوەندە درشتین کەسمان لەم تیۆریە تازەیە نەگەیشتوین!

مجەور

داواکاری شانۆی کوردی

عەلی عەلی أمین

پاشماوەی : ژمارەی پێشو ٠٠

جگە لەئەمەش داواکات با ئەحمەد شەروانو مرادخانی لەبەرا نەبێت باچاکەت‌و پانتۆڵ لەبەر بکات ! لەیادمە برایەك لە شانۆگەری‌یەکدا دورەی حەماڵێکی کوردی وەرگرتبو پیشنیاری کرد کەچاکەتو پانتول لەبەربکات چونکە ئەمانە بەلایانەوە مەبەست نیە کە شانۆگەریی دیمەنی ڕاستی ژیانی کۆمەڵێك نیشان ئەدات لەجل‌و بەرگ‌و زمان‌و خو ڕەوشت‌و نەریتی کۆمەڵایەتی‌و جۆری گوزەران‌و ٠٠ هتد تەنیا هەر ئەو مەبەستەیان لەبیرە کە بۆی هاتون ئەویش ئەوەیە : کە چۆن دەربکەون ٠ لە وێنەی ئەم جۆرە (هونەرمەندانەـ) برایەك هەمیشە باس‌کردنی نوێنەرە گەورەکانی هۆلێودو فلیمە بەهێزەکانی سینەمای کردبو بەویردی سەرزمانی‌و گوایە بەهۆی شارەزایی تەواوی خۆیەوە دەور دروست ئەکات ٠ کەچی کەجارێك دەورێکی وەرگرت ئەگەرچی بۆماوەیەکی زوریش پەراوەی تیاکرد ، بەڵام ئەوبینراوەی کە ئەو تیایا بەشداربو لەتەلەفزیۆندا هەرەسی پێ‌هێنا بۆچی ؟ چونکە لەکاتی دەورەکەیدا هەمو بیرو هۆشێکی لای ئەوەبو کەچۆن دەردەکەوێت وە چۆن (لقطەی کلۆس)ی بۆ بگیرێت ، وە هەتا بۆ ئەم مەبەستە لەوەپێش کەوتبوە تکاکرن‌و ڕاسپاردن بۆلای دەرهێنەری تەلەفزیۆن ٠

ئینجا ئەم زرە هونەرمەندانە کە باسمان کردن دوای ئەم هەمو بڕوبیانو داواکاری‌و بیروڕانیشان‌دان‌و یادووای ئەم هەمو یاسا تایبەتی‌یانەی خۆیان ، کە کاتێکی زۆریان لەگەڵدا بەفێڕۆ ئەدرێت‌و وەتێیان ئەگەیەنرێت (بی‌گومان بۆ سەری دەیەمین جارە) کە ئەم بیرو ڕایانەیان هەموی دژی یاسای شانۆگەری‌یە جگە لە ئەوەی کە ئەوان تەقەی سەریان دێت لەوەی کە هەڵکەوتنی دەمو چاو بالاو قەڵەووزەعیفی‌و تواناو لێ‌هاتن‌و دەنگ ٠٠ هتد هەموی ئیعتیباری پێ‌دەکرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر ، ئینجا ودوای ئەمەی کە دەسبێکی کەوێتە ئەولاو دەسێکی ئەکەوێتەئەملا شتی سەیرتر ئینجا ڕوئەدات :

باوکم فلان‌کەس هەر ئەیەوێت خۆی دەورەکە ببینێت ٠ ئەیەوێت هەرخۆی دەرکەوێت ٠ ئەمانە مادین ٠ ئەمانە خۆ پەرستن ٠ ڕەئی کەس وەرناگرن ٠ ئەمانە دکتاتۆرن کەس ناوێرێ بجوولێتەوە ، پێ‌ویستە دیموکراتیەت بەکار بهێنین ! ئیتر لەسەرەوە ئەبێت بە تەحاتەحایەك مەپرسە ، لەژیریشەوە هاندان‌و ئاژاوە نانەوە دەست‌پێ ئەکات وەڵاچیە ؟ بەڵی (انتخاباتە) پێ‌ویستە دەستەی بەڕێوەبەری نوێ هەلبژێرینەوە ، ئیتر ئەمە مەگەر خواو پێغەمەر بزانێت کەچیت بۆ دروست‌ئەکەن‌و چیت پێوە ئەنین ؟! کاتێ بەخۆت ئەزانیت لەبازاڕو لەچاخانەو لەماڵان باس هەرباسی تۆیە ٠

وەلە حاڵەتێکیش‌دا کەئەم هەڵوێستە پێچەوانە ئەبێتەوە، واتە کەژمارەی هونەرمەندان لە تیپێکدا زۆرتربووە توانیان ئەم زرە هونەرمەندانە دوربخەنەوە ، هەمان قەوان‌و هەمان بەستە لەناو شاردا هەرباوە ، تەنیا یەك جیاوازی‌هەیە : زرە هونەرمەندەکان کەدور ئەخرێنەوە(وەك هونەرمەندەکان ناکەن) ئەمان هەر لەخزمەت کردنی هونەر ناکەون بەڵکو زۆریان تیاهەیە واز لە بواندن ئەهێنێت‌و (تفرغ) ئەکات بۆ چیرۆك نوسین‌و ڕەخنەی هونەریی ٠

ئەم زۆرانبازی‌یە لەنێوان هونەرمەندان‌و زرە هونەرمەندانەدا کە پێی ئەوترێت ناکۆکی وە نەبێ تەنیا لەناوکۆمەڵێك خۆیدابێت، بەڵکو جاروبار ئەتەنێتەوە نێوان کۆمەڵەکان دژی یەکتری، کەبێ گومان ئاڵا هەڵگری ئەم دژایەتیەش هەر زرەهونەرمەندەکانن ٠

جا ئەم کۆلکە هونەرمەندانە چونکە بەرهەمەکانی خۆیان کرچو کاڵەو جێگەی نارەزایی خەڵکیە، بەهەمو توانایەکیانەوە هەوڵ‌ئەدەن بۆ دورخستنەوەی تیپە هونەریە سەرکەوتووەکان‌و پەك خستنیان ، چونکە لێیان ڕونە کە بەهەمە سەرکەوتوەـ کانی ئەوان هی ئەمان ئەشارێتەوە ٠ بۆ نمونە :

لەجەژنێکی نیشتمانیدا بریار وابو کە کۆمەڵە هونەری‌یەکان تێکڕا بەشداربن لەپێشکەش‌کردنی بەرنامەی ئاهەنگەکەدا کەچی لەکاتێکی ناسکدا کۆمەڵێکیان مانی گرت کە نابێت فلان کۆمەڵ بێتە سەر شانۆ ٠

وە لە کاتێکیش‌دا کە هەنگاو ئەنرا بۆ کۆبونەوەی هونەرمەندان‌و کۆمەڵە هونەری‌یەکان لەلیژنەیەکی سەرەکیدا هەر هەمان دەستور کەوتنە بەرهەڵستی‌کردن بۆ بەشدارنەبونی یەکێك لەتیپەکان ٠

وە جاری واش هەیە چەند کۆمەڵێك یەك‌ئەگرن بۆ بەربەرەکانێ کردنی کۆمەڵێك ، دەسا ئەمەش ئیتر یان بە شاردنەوەی لەمناسەباتدا ، یان بەفەرامۆش کردنیان لە هیندێ کاروباری گشتی‌دا ، یان بە بەشداری‌نەکردنیان لە هێندی کاروباردا کە پەیوەندی بەپیشکەوتنی هونەرەوە هەیە جا ئەمانە لەم حاڵەتانەدا الاسایی وشتر مرغ ئەکەنەوە کە سەریان‌کرد بەژێر باڵی خۆیاناو بەرانبەرەکەیان نەدی ئیتر وائەزانن کەسی‌کەش نای‌بینێ ٠

بۆنمونە جارێك یەك دوبرا لە تەلەفزیۆنەوە کورێکی هونەری‌یان پێشکەش کردوکەناوی بەرهەمو تیپە پێشکەوتوەکانیان شاردەوە ، ئەوەیان لەبیر چوکە ئەم کردەوەیەیان بوبە مایەی بێزاری هەستی جمهور ٠

جا لەهەموی سەیرتریش ئەوەیە کە ئەم هەرزە هونەرمەندانە کە هەمو پیشەیەکیان بریتی‌یە لە ئاگرخۆش‌کردنی ناکۆکی ، هەر ئەم جۆرەکەسانەشن کە بە زۆری دروشمی یەکبتی هونەرمەندانی کوردیان بەرزکردۆتەوە ، کە لەباسێکی کەدا بەتەواوی لەم بارەیەشەوە ئەدوێین ٠

جا لەبەر روناکی ئەو ڕاستیانەی سەرەوەدا کە باسمان‌کردن سەرچاوەی ناکۆکی‌و ئاژاوەی پەیوەندی نیۆ هونەرمەندان لەو کۆلکە هونەرمەندانەوە هەڵ‌قولاوە کە بەهەمو نیازێك خۆیان کوتاوەتە ئەم مەیدانەوە تەنیا نیازی خزمەتی هونەر نەبێت ، کەلەم ڕەفتارەشیان کەس زەرەرومەند نابێت شانۆی کوردی نەبێت ٠

بەم پێیە شانۆی کوردی داوا لە هەمو هونەرمەندێکی دڵسۆز ئەکات کە دەورو پشتی خۆیان لەوعەناسیرانە پاك بکەنەوە کە ئەم پاشاگەردانی‌یەیان ناوەتەوە بو ئەوەی بتوانن سود لەیەکێتی‌و یاریدەدان، ئاڵوگۆڕی هونەری‌یەکتربکەن وە ڕێگە ئاسان‌بکەن بو هێنانەدی شانۆی کوردی ٠

ـ ماویەتی ـ

پاشماوەی : بزوتنەوەی دیموکراتی‌و ٠٠

کەچی حیزبی تودە ، تەسلیم بونی پێ باشتربو لە بەرهەڵستی کردن لە هەمو حاڵەتێکدا ، مادەم خزمەتی ئاشتی ئەکات ٠

دوای ئەوەی کە ڕێکوپێکی فیرقە حەل بو ، دوای ١٠ ساڵ تێپەڕبون بەسەر شکانی بزوتنەوەی ئازەربایجاندا ، هەندێك لە ـ سەرکردەکانی ـ لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ حیزبی تودەی ئیسلاحیدا یەکیان گرت، گوایە بۆ ئەوەی چارەی گیروگرفتی نەبونی حیزبێکی یەکگرتوی سەرانسەری ئێران‌بکەن ٠ بێگومان ئەمە کردنەوەی دوکانێکی تازەیە ، کە نابوت بونی لەچارە نوسراوە ٠

پرۆلیتاریای قارەمانی ئازەربایجان ، شان بە شانی پرۆلیتاریای هەمو ئێران ، وە لەگەڵ هەمو هێزە نیشتمانی‌یەکانی گەلدا،هەمیشە ئاڵای سوری ڕێگەی شۆڕش بەرز ئەکەنەوە بەرامبەر پیلانەکانی ئەم (سەرکردایەتی) یە ٠

پێشڕەوەکانی پرۆلیتاریای ئازەربایجان ، دەورێکی گرنگیان هەیە لەخەباتی ئێستادا لە پێناوی بنیات نانی حیزبی مارکسی لینینی ڕاستەقینە لە ئێراندا ٠

ئەو مەشخەڵە پیرۆزەی (حیدر عمو أوغلی)و جەعفەر پێشەوەری هەڵیان کرد ٠٠ پرۆلیتاریای ئێران هەمیشە بەرزی ئەکەنەوەو تاسەر نایەڵن بکوژێتەوە ٠

بژی خەباتی یەکگرتوی گەلانی ئێران ٠

institut kurde de paris

پاشماوەی : لێکۆڵینـــەوەیەك دەربارەی ..

رەگی‌فرمان‌و چاوگ • وەك : ترسان : ترس • لەرزیـــن ، لەرز • خەوتن ، خـەو) جـا (ترس ، لەرز ، خەو) کـــەی ئەمانە ناوی بکەرن ئایا ئەمانە چاوگی ناوی نین ؟ (المصدر الاسمی) کە هەمو چاوگێکیش ئەبێتە ناوی فرمان نەك ناوی بکەر (الاسم الفاعل) •

ئاوەڵناوی ئیشـاری : زۆر پیرۆزە کە لێرەدا دانـــەران شێوەی کرمانجی سەروشـیان بەکار هێناوە بەڵام چـــۆن ئامرازی ئیشاری ئەبێتـــە ئاوەڵناو • واتە چۆن جـۆری ناو دەرئەخەن •

(أ•ن) لە ئەمان (ئەمانـــە! بۆبێگیان‌و ئاژەڵ) ، ئـــەوان (ئەوانە) لەم ئاوەڵناوانە جودا ئەبێتەوە ئەچێتە سەر ئـــەو ناوەی دەست نیشان‌کـــراوە کاتی دەرکەوتنی لەرستەدا • بۆنمونە •• ئەم کتێبە باشـە، ئەم کتێبانە باشن ، ئەمانـــە باشن • ئەی گۆایە ناتوانـــێ بڵێن ئەم کوڕە یانەو کچـــە باشە یاباشن ؟ شـــتێکی سەیرە • لاپەرە (١٣) •

ئاوەڵناوی ئیشاری نادیار : ئەو باسەی کە بۆی‌کـــراوە ئەمە هی ئاوڵناوی چەنـــدی نادیـــارە (لاپەرە ـ ١٤ ـ) ئەی ئاوەڵناوی چەندی نادیـــار لەکوێیە ؟ دیارنیە• جگەلەوەش کەفلان ، فیسار ، کابرا، هین، وانەك ، هەرامـــە دانراون کەگوایە ئەمانە ئاوەڵنـــاوی ئیشاری نادیارە بەڵام بێ‌گومان ئەمانە بەهیچ دەستوورێـــك نابنە ئاوڵناو • ئەمانە ئەبنـــە راناو چونکە ئەتوانین لە بـری ناوێك بەکاری بهێنین بەڵام بـۆ ئاوەڵناو هەرباس ناکـرێت • پلەکانی ئاوەڵناو •• ئەبوا ئەم باسە لەگەڵ ئاوەڵناوی خەبەری باس‌کرایە بەڵام بەداخـــەوە ئاوەڵناوی خەبـــەری فەرامۆش کراوە ، ئەو ئاوەڵناوەی کـــە بنجی ئاوەڵناوە •

پرسیار : (پرســـیار) یاخود (راهێنان) کامەیـــان **یارمەتی قوتابی ئەدات کـــە بەباشی باســـێکی ڕێزمانـــی زیاتر ڕون‌کاتەوەو تێی‌بگات ؟ دیارە هێنـــانەوەی چـــەند ڕاهێنانێك ، بەڵام بەداخـــەوە پرسیارەکان هیچیـــان ئەوەیان لێ‌ناوەشێتەوە کەباسەکە زیاتر ئاشکرا بکـــات • زیاتر لـــە پرسیارەکان شێوەی وشـــەی وەرگرتوە ، لـــەچی دروست‌بون یا ئەمانە چـــین یاپەیوەنـــدی نێوانی ئەم وشـــانە چیە • پەیوەندی نێوان (گرین ـ گریە) یا (ڕژان ـ ڕشتن) وە ئەوانی تر چ کارێك ئەکات کە ئاوەڵناو زیاتر ڕون‌بکـــاتەوەو قوتابی تێی‌بگات • باشترین ڕاهێنـــان لەڕێزماندا ئەوەیە کـــە شێوەی ڕســـتە وەربگرێت وە ئـــەم ئاوەڵناوانەلەرستەدا بەکاربهێنە یاخود ئاوەڵناو لەو ڕســـتانەی خوارەوە دەربهێنە ، ئایا ئـــەم ئاوەڵناوانە وەســـفی چ ناوێك ئەکەن ••• بەم جۆرە •**

پێشگروپاشگر : پێشـــگر ئەڵێت بەتەنیا واتای نیە لاپەرە (١٨) لاپەرە ـ ١٩ ـ (سەر ، پاش ، پێش ، دوا) دای ناون بەپێشگر ئەی گوایە •

ئەمانە واتا ناگـــەیەنن ؟• بەداخەوە لە باسی پێشگردا زۆر بەشێوەیەکی گران واتاکـــانی دەست‌نیشان کردوە کە قوتابی سەری لێ‌دەرناکات چونکـــە زۆری لەپێشـــگرەکان وەك‌یەك ڕۆڵیان (دەور) هەیە لەدروست کردنی واتای نوێ یان گۆڕان لەبارێکـــەوە بۆ بارێکی تر • باشترواىو واتاکانی پێشـــگر تیکڕا باسی بکرایە وەلەرستەدا قوتابی واتاکانی‌بۆ دەرئەکەوێت بەم شێوەیە قوتابی بۆی لەبەر ناکرێت ، جگە لەوەش لە لاپەرە ـ ٢٠ ـ چوارەم ئـــەڵێت : بزوتنەوە لە شـــوێنێکەوە بۆ دەرەوە دەوروپشـــت وەك : هەڵرشـــتن ، هەڵتۆقێـــن ـ هەڵکەندن •

کام بزوتنەوە لەم چاوگانـــە بەدی ئەکەین ؟ ئایا بزوتنـــەوە ئەوەنیە کە گیان لەبەرێك لـــە شوێنێکەوە بۆ شوێنێك ئەجوڵێ وەك : منداڵەکە ڕای کرد • یا لاپەڕە (٢٣) بەشی هەشـــتەم (لێ) کـــەئەڵێت : بزوتنەوە بەرەوشتێك پیشان دەدات وەك: (لێدان ، لێخستن ، لێ‌کەوتن) کوا ڕستە بۆ ئەوەی ئـــەم بزوتنەوەیە دەرکەوێت ؟ هیـــچ ڕستەیەکیان بەکار نەهێنـــاوە دیارە پێشگر کەئەبێتە دروست کردنی واتاو مەبەســـتی نوێ لەرستەدا بەدی ئەکرێت •

هەروەها بۆ (لێك) لاپەرە ـ ٢٤ ـ وە بۆپێدا کە ئەڵێت بزوتنەوە بەرەو شوێنێك وەك : پێداکردن ، پێداهاتن • ئەمانەو ئەوانەی لەسەرەوە باسمان کردن بڵێن دروست‌کردنی‌واتای نوێ بەجێ‌تر نیە ؟

ماوێتی

پاشماوەی : ئافرەتی قێتنامی ..

فێری پیشەیەك‌ببێ وە ژیانیان بگەڕێتەوە بۆ دۆخی‌جـــاران وەکەوتنە بەشداری کـــردن لەبنیات نانـــی کۆمەڵێـــکی نوێ •

ئەمڕۆ کۆمەڵی قێتنـــام یەکسانی بۆ ئافرەت مسۆگـــەر کردوە ـ ئەگەر لە کارگەیەکدا بۆ نموونە ژمارەی ئافرەتەکان لەکارگەیەکدا بە لە صەدا چل بن ٤٠٪ ئەبێت ئافرەتێك لـــە لیژنەی سەرکردایەتی کارگـــە هەبێت • وە ئەگەر نیسبەتی ئافرەتان لەکارگەیەکدا لەصەدا حەفتا ٧٠٪ بێـــت ئەبـــێ بەڕێوەبەری کارگـــــەکە ئافرەت‌بێ • ئەم یەکســـانیە لە هەمو قێتنامدا نـــەتوانراوە جێ‌بەجێ‌بکرێ بەڵام لەزوربەی شوێنەکان جێ‌بەجێ‌کراوە •

هەندێ‌یاسای تر هەیـــــە لەجێ‌بەجێ‌کردنیایە بۆ هێنانەدی یەکسانی ئـــەو یاســـایانە پەیوەندی بە یاسای ژن هێنان‌و خێزان‌و موچەومافەکانەوەیە • مافەکان لەم بوارەدا وەکو مافی‌خوێندن لەکاتی ئیش‌کردن وە دەوڵەت کرێیان ئەداتـــی لەکاتی خوێندن وەسێ‌ڕۆژ هەمو مانگێك ئیشی گران‌ناکـــەن (لەکاتی سەری مانگی ئافرەت) لە ناو ئاوی کیلگـــەی مەرەزە بۆنموونە ، بەڵام هەمان کرێ وەرئەگرن وەدەوڵەت ماڵـــی منداڵ بەخێ‌وکردن یان بـــۆ ئەکاتەوە تامندالەکانیـــان بنێرنەئەوێ لەکاتی ئیشدا •

وە ئـــەگەر ئافرەتێـــك هەڵبژیرا بۆ ئـــەوەی دەرس بڵێتەوە لە قوتابخانـــــەی کادرەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ ئیشەکەی بەجێ هێشـــت ، دەوڵەت کرێ‌کەی خـــۆی هەرئەداتێ •• (ئەبێ بەرەنگاری بیروباوەری ســـــووك تەماشاکردنی ئافـــرەت یادژوەســـتانیان بکـــەین ـ هوشی‌منە) •

قێتنامی دیموکراتی ئەوپەڕی ســـوود لـــەتوانـــــای ئافرەتان وەرئەگرێ لە مەیدانی جەنگو بەرهەم هێنان• کەوەختێ سەدەی « بایتونج » لەناوچەی (بش هو) ئەکـــرا ٣٨١٠ ئافرەت بەشداریان کـــرد بە حەفتاهەزار ڕۆژ ئیش •• وە ئافرەتان بەشداریان کردوە بە لە ٨٠٪ لەصەدا هەشتای ئیشی دەزگاکانی ئاو لە د ســـونگ کاو) • وە لە جەنگدا ئافرەتی قێتنامی دەورێکی گرنـــگی لەجەنگی رزگاریخوازانـــەدا بینیوە وە میلیشیای ئافرەتان دەورێکی پالەوانانەیان بینیوە لەخستنە خوارەوەی فرۆکەکانی دەژمن •

وە بەنیسبەت پەرلمـــانو هەڵبژاردن بۆی • یاســـای هەڵبژاردن ئەڵێت: کە ئەندامانی پەرلەمان نابێت نیســـبەتی ئافرەتان تیادا ٤٠٪ لەصـــەدا چل کەمتربێت بەڵام لەوە زیاتر بێت قەیناکە بەڵام بەهێـــچ جۆرێك نابێـــت لـــەو نیسبەتە کەمتر بێـــت •• هەروەهـــا زوربەی سەرۆکی لیژنـــەی سەرکردایەتیەکان لەناوچەکاندا ئافرەتن •

پاشماوەی : گیروگرفتەکـــانی ئێران لـــە ••

ڕۆژی ٢٣ی مانگی ئوت لەتاران گیراون‌و لە شوێنێکی نا مەعلوم حەپس کراون ، ئاگاداربن • وە دواخستنی موحاکەمە لەتاران لە هەڵو مەرجێك‌دا ئەنجام دەدرێ کە بە هیچ‌جۆر دیفاع لـــە مافی ڕەوای ئەوانە ئیمکانی نبـــە • ئەو کارەساتە لە فەرانســـەدا نارەحەتیەکی زۆری سەبارەت بە چارەنووسی گیراوەکـــانی ئـــەم دواییە پێك هێناوە ، ئێمە تکا لە سەرۆك وەزیر دەکەین کە لە کاتی خۆی‌دا وێشەکی لـــە تەئریخی موحاکەمە ئاگادارمـــان بکاو بەشدار بوونی چاوەدێری کەرانی ناونەتەوایەتی دا بـــین بکا •

لەوانەی ئیمزا یان کردوە : ئووئی ئاراگۆن ، ژان بارۆ ، ویلا دێمیرژانکلۆ ویچ ، ئـــەنفرد کاســـتلێر ، ئاندرەلوف ، ژاك پرۆر ، رضوانی ، ژان ڕۆشتن، ژان پول سلەتر، لورن شوارتس پول وایە و مادام دوبوار •

پاشماوەی : ئەم ساتە توشە ••

خەڵك‌و خۆیان‌تەنگو چەڵەمەکانی چارە سەر ئەکرێن ، وە هەر بەم جۆرە باری گرانی ئـــەم کارەساتە نا هەمواره لەســـەر لێقەوماوان سوك ئەکرێت نەك بەوەی بدرێتە دەست قەدەر •

ئاگاداری ژمارە (١)ی ســـاڵی ١٩٧٢

دروست‌کردنی قوتابخانەیەکی ئاوەندی وەبەشـــی ناوخۆیی لە مەلبەندی قەژای چوارتالە پارێزگـــەی سلێمانی

بە مەرایئەگەیەنین کـــە مناقەسەیەکی نهێنی هەیە بۆ دروست کردنی قوتابخانەیەکی ناوەندی‌ئەمش پولی وە بـــەشی ناوخۆیی لەچوارتا • جا پێویستە لەسەر بەلینـــدەرانی ئارەزومەند ، ئەوانەی شارەزایی‌یان لـــەم ڕەوە هەیە وە ئەوانەی شەهادەی باجی دەخلی گشـــتی‌یان هەیە وئەوانەی لەژووری بازرگـــانی تەسجیل‌کراون وە موسەنیفەکان‌لـــە لایەن لیژنـــەی تەسنیفی بەلینـــدەرانەوە ، بەشداری ئەمەناقەسەیە بکەن • وە هـــەمو مەرجی بەلینـــدانو نەخشەکان ، لەناوچەی ئاوەدان کردنەوە لـــە پارێزگاکـــانی ژوورو دەست‌ئەکەوێ یان لـــەلای ژمێریاری بەریوەبەرایەتی گشتی ئاوەدان‌کردنەوەی ژوورو لەبەغدا یاخود لە وەزارەتی کاروباری ژوورودوای ئەوەی نرخەکـــەی ئەدرێ کە (٥) دینارە بۆ هەر مەجموعەیەك وە ناشگەڕێنرێتەوە •

عەتائات لە زەرفێکی مورکراودا لەپێش یان لـــە ڕۆژی ١ـ٣ـ١٩٧٢ وەتاکـــو کوتایی‌دەوامی ڕەسمی ئەو ڕوژە لـــە دیوانی ئەم وەزارەتە پێشکەش‌بە سکرتێری لیژنەی کردنەوەی عەتائات ئـــەکرێ وەناوی مناقەسەکەشی لەسەر ئەنوسرێ ، بە مەرجێ تەئمیناتێکی (٣٠٠)دیناری لەگەڵابی جا بەنەقـــدی یان بە کەفالەتێکی مەسرەفی کەلەلایەن بانقێـــکی عیراقـــەوە دەرچووبێ وە تەنیـــا چەکی‌تصدیق کراو وەرئەگرێ • وە ئەشتوانرێ کـــە عەتاکە بـــەپۆســـتەدا بنێررێت بـــە مەرجی پێش کاتی‌دیاری‌کراو گەیشتنی‌زامن بکرێت •

وە ئەم وەزارەتە مولزەم نیەبە وەرگرتنی نزمترین عەتا یان هەرزەتایەکی تر• ئەو عەتایانەی‌ئەم مەرجانەی سەرەوەیان تێیدا نەبێ پشت‌گوێ ئەخرێن •

عسکر محمود
لەجیاتی وەزیری کاروباری ژوورو

بۆزانـــین

دوا بە دوای ئاگاداری (٤٠١)لە ٢٠ـ٢ـ١٩٧٢ وە لەبـــەر نەگونجانی ئەو نرخ‌و ماوەیـــەی‌لە عەتائاتی بەلینـــدەرە بەشدار- بوەکان لە بەلیندانی چاك‌کردن‌وڕێك‌وپێـــك کردنی ئاودانی- (قرەگۆل) لەناحیەی تانجەرۆلەکاتی دیاری‌کراو لە ئاگاداری پێشـــوماندا ، پێشکەش‌کرابریارمان‌دا کـــە مناقەســـە نهێنی‌یەکە دوا بخەین‌بۆ سەعات(١١)ی زوالیـــەی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ٢٨ـ٢ـ١٩٧٢•جا پێویستەلەسەر بەلینـــدەرانی ئارەزومەند کە عەتائاتەکانیان‌پێشـــکەش بە ئەنجومـــەنی بەڕێوەبردن بکەن لەکاتی دیاری‌کراودا وە بەپێی ئەو مەرجانەی لەکاتی خویدا بڵاوکرایەوە •

علی عبدالله
پارێزگاری سلێمانی

پاشماوەی : نیکسۆن‌گەیشتە ••

دەرئەچـــێ وتارێـــکی بلاوکردۆتەوەو وتویە : گـــەلی قیتنام بە پێشنیازەکەی نیکسون رازی نابێ‌و بەردەوام ئەبێ لـــە خەباتی چەکدارانەدا تاوەکـــو سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ •

دەربارەی چۆنیـــــەتی کوبونەوەکانیش پەیامنێـــری (بی ، بی ، سی) لەپەکینەوە وائەگەیەنی کە ئەم کوبونەوانە لە سێ پلەدا بوە پلەی یەکەم کوبونەوەی سەرەك ماو لەگەڵ نیکسون پلەی دوەم شـــوان لای‌و نیکسون پلەی سێ‌هەم کۆبونەوەی هەردوو وەزیـــری دەرەوە •

ئاژانسەکان

بۆئاگاداری
برای جوتیار
پاشماوەی ئەو تۆرە زەهرادیەی لەلاتە زیانی هەیە بۆخۆت و خێزان‌و مەرد و ماڵات چونکە کوشندەیە ، بە پەلە بیدەرەوە بەو جێگایەی لێت وەرگرتوە بۆئەوەی یەکەم رزگات بێت لێی و دوەم لەتەرزەکە بۆت دابشکێنن ، ئومێدەوارین هاوکاریمان لەگەڵدا بکەن بۆسودی خۆتان‌و سەلامەتی ڕۆڵەکانی نیشتمان .
بەڕێوەبەری گشتی رابەری کشتوکاڵ

ئەوم شیوازە

لای نیکسۆن !!

● وەکو ئەزانین نیکسۆن ، سەرەك کۆماری وڵاتـــــە یەکگرتوەکان ، وا نە پەکینی پایتەختی چینی میللیو وڵاتی سەرەك ماوتسی تونگو پارتی کۆمونیستی چینی ، ئـــەم سەردانەش دوای ١٣ ســـاڵ بەگژاچونو گەمارۆ دابـــی سیاسیو ئابوری هاتەدی دوای ئەوەی نیکسۆنو هـەڤاڵانـــی نیکسون پەنایان بردە بـــەر هەمو ڕێگایەك بۆ خەفە کردنـــی ئەم کۆمارەو لەناو بردنـــی بزوتنـــەوەی ئـــازادیو سۆشیالستی خوازی گـــەل مەزنـــی چین .

● ئیستا نیکسـۆن ئەڵێت من بۆ بەهیزکردنی ئاشـــتی دنیاو دامەزراندنی ئاشـــتی لە خواروی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەر لە چین ئەدەم ، بەڵام لـــە هەمان کاتا بەپۆل فرۆکـــەی جەنگی ئاسایییو ستراتیـژی ئەنێرێتە سەر وڵاتی ئـازادیو دیموکراتی خوازی ڤیتنـــامی ژورو بەشە رزگار بوەکـــەی ڤیتنامی خوارو هەروەها ئەڵێت نابێ دۆستە دیرینە کانمـــان ئەوەیان لە بیر بچێتەوە کـــە هەرگیزاو هەرگیز پشـــتیان لێ هەڵناکەین وەکو کابشیکو لۆن نۆڵو ئیو ..

● جا کە نیکسون ئـــامادە نەبێت هەقی ئازادیو رزگاری گەلانی هیندو چین بسەلێنێو ئامادە نەبێت دەست لە کاولو ویران کردنی وڵاتانی ئـــەو ناوچەیە هەڵگرێت ئەی ئەبـــێ بۆ بچێ بۆ چینی میللیو بە چ رویەکەوە لەگەڵ سەرەك ماوتسی تونگو شـــوئن لای‌دا گفتوگو بکات ؟!

● ئەبێ نیکســـــۆن خەڵەفابێـــتو وابزانێـــت سەرکردەکانی پارتی کۆمونیستی بۆ فریو ئەدرێت ؟! یا بـــەم سەردانە گەلی ئەمریکای بۆلاس ئەدرێت تا لە هەڵبژاردنـــی داهـــاتودا جارێکی تر بـــە سەرەك کۆماری وڵاتـــــە یەکگرتوەکانی ئەمریـــــکا هەڵبژیردرێتەوە .

● بەپێی راپۆرتـــــی دکتورەکانی کۆشکی سـپی هێشتا نیکسون تەندروستی بەو جۆرە ماوەتەوە کـــــە کاروباری ئەم کۆشکەی پـــێ هەڵسورێت هەروەها گـــەلی ئەمریکاو گەلانی تری دنیـــا ئیستا لەپاڵ پەیمانو بەڵێنـد؛ کردەوەیان ئەوێت واتە ئاشتیو ئازادیو ژیانێکی خۆش .

● **پێشوازی کردنەکـــەی نیکسونیش لەلایەن دەزگاکانی پروپاگەندەو راگەیانـــدنی چینی میللیەوە ئەوەمان تـــێ ئەگەیەنێت کە بە هیچ کلۆجێك چینی ماوتسی تونگ ئامادەنیە ساتو سەوا لەگەڵ نیکسوندا بکات .**

● کەواتا ئەبێ هەر خـــۆم شێوابێت لای نیکسون !!

وەیس

دەکەیزاوی نوێ

● ئەم جیهـــازەی ، لـــە شێوەی تۆپ دایەو ناونـــراوە (تۆپی لیزر) بۆ ئەوە بەکـــار ئەهێنرێت تا شوێنی مانـــگە دەست کردەکان لە ئاسماندا دیاری بکـــرێت ، هەروەها ئەتوانرێ ماوەی دوری ئـــەو مانگە دەست کردە لە ســـەر زەمینەوە بپێوێت ، ئەویش بەهۆی بەکار هێنانی (تیشکی لێزر)ەوە .

● پاکردنەوەی جلو بەرگ بەهۆی فڵچەی ئاسایەوە کارێکی گرانە . جاری واش هەیە وەك پێویستە جلو بەرگ پـــاك ناکاتەوە . لەبـــەر ئـــەوە دەزگایەکی کارەبـــایی لە هۆلندە (جیهازێکی دروســـت کردوە بەکـــارەبا) بۆ پـــاك کردنەوەی جلو بەرگ ، ئـــەم جیهازە بە پاتری(٥ر١ ڤولت)یش بەکارئەهێنرێت و هەمو تـــوزو خۆڵ و پیسیەك لە جلو بەرگ ئەکاتەوە .قورسای جیهازەکەش تەنیا ٢٢٠ غرامە .

وائەگێڕنەوە

جارێکیان مەلایەك لەبـــەردەرگای ماڵەکەی خۆیانـــــدا ڕاوەستابو ، لەولاوە ڕێبوارێك هات کاسەیەك ماســـــتی بەدەستەوە بو ، یەکێـــــك بەمەلای وت :

مامۆســـتا کاســـــەیەك ماستیان بۆ هێنان !

مامۆستایش دەســـبەجێ وتی :

- ئینجا بە تۆ چی !

ڕێبوارەکە ڕابوردو کاســـەماستەکەی هەرپێ بو نەی برد بۆماڵی کەس ، کابرا هاتـــەوەقسەو ، وتی :

- خۆ ئەوە لە ماڵی ئێـــوەتێ پەڕی کرد !

مامۆستایش :

- ئینجا بەمن چی !

هاوکاری

پارچە شیعرێکی

بەرباڵ

وەرگێڕانی : عەین

لەیەك بڕان ..
لەکاتی بەرەبەیاندا ..
وەکو مردن ..
ئەهات‌و لەم جەستەیەدا ..
زێڕی ئەبرد ..
ئەسوای ئەبرد ..
روناکی ژیانی ئەبرد
بەمیراتی ئەو ڕۆژانـــەوە ئەهات
کە زۆر دارە ناقوڵاکـــان ..
هەمو توانای‌وڵاتیـــــان‌خوارد
لەگەڵ جەڵادێـــــکا هـــات ..
بۆ ڕوخاندنی سروشـــتی
ئینسان داهات ..
دەبا دایکم
تەرمەکەم هەڵگـــــرێ‌وبیبات

بۆ کێڵگـــــەیەکی دارستان
با تێکەڵ خـــــۆڵو پۆتم‌کـــات
لە شـــاری برســـیەتی‌وسزا ..
با ونم کات
تا سەر لەنوێ
لەم جیهانەی
کە چاوەڕێی تۆفانێـــکە ..
ئەژێمەوە ..
لەگەڵ ئەو چەنـــــدان‌ملیونەی
زۆردەمێکە ..
چاوەڕوانی ســـــزای ئەدات
تا لەســـەر شـــــاری‌شەهیدمان
گەردەلولی (کۆمونەی) نوێ
بۆی هەڵ ئەکات ..

پەیکەرو ... ڕۆژی بەفر

(سابورۆ) پایتەختـــــی دورگەی ـ هوکایـــــدو ـ لە ژاپۆن ، کە ئەمســـاڵ دەورەی بیستو یەکەمی یاریەکـــانی ئۆلومپی تیـــا بەسترا ، هەمو ساڵێ لە زســـــتانا بەفرێکی زۆری لێ ئەبارێت ، لەبەر ئەوە هەمو ساڵێك لەمانگی شوبات‌دا (میهرەجانی بەفر) ڕێـــــك ئەخرێت ، هەروەك چـــۆن لـــە کوردستانی خۆمان شـــێرە بەفرینە دروست ئەکرێت ،بەڵام‌لای ئەوان بە شێوەیەکی ڕێکو پێك تر شەقامەکانی شارەکـــە بە پەیکەرو شتی جوانـــی لـــە بەفر دورست کراو ئەڕازێننەوە هەتا ملیونەها سەیران کـــەرلە هەمو شوێنێکەوە یەت بـــۆ بنینی ئەو شتانە .

گەورە ترین پەیکەرێ لەبەفر دروستی ئەکەن ، پەیکـــــەری (بوذا)یە وەك لەو وێنەیەدا دەر ئەکەوێت ،تەنیا لەو پەیکەرەداسەدان هونەرمەندی شـــارەزا لە هونـــەری پەیکەر تاشی دا ئیشیان کردوە .

ئـــەم ســـاڵە توشـــە هاوکاری‌ی ئەوێت

زستانی ئەم ســـــاڵ وەك زستانەکانی‌تر نیە ، زستانێکی توش‌و ساڵێـــــکی پڕ نەنگو چەڵەمەیە ، لەلایەکەوە سەرماو سۆڵەو بەفرە ، بارینێـــکی بێ هاوتاو لەلایەکی تریشەوەگەنمی زەهراوی ، هەژاریو بێ‌گوزەرانیش لەو لاوە بوەستێت .

بەفر لەگـــەڵ هەمو جوانیو هێمنیەکیدا کـــە دڵی جوانان دینێتە جۆش‌و خرۆش‌و هەستی شاعیران ئەبزوێنێت ، کـــەچی ئەم ساڵ دەستی ناوەتە بینـــی کوردستانی خۆشـــــەویست‌و تەنگی هەڵچنیوە بە دێهـــات‌و دانیشـــــتوان‌و ژیانی خۆیان‌و ئاژەڵەکەی خستۆتە مەترسیەوە بگرە گەلێك زیانیشی گەیاندوە بە ڕێگاو بانەکانی نێوان شارو گوندەکـــــانی کوردســـتان‌و گرتویەتی‌و هێندەش بوار نادات کە ئازوخەو شتومەکی‌گوزەرانی ڕۆژانە بگەیەنرێتە شوێنە پەك کەوتوەکان ، ئەمە جگە لە بڵاو بونەوەی گەلە گورگی برســـی‌و درندەی تر بە هەمو لایەکدا بۆ مڵومووشی‌و نێچیر بەگیر هێنان کە هەندێ جار ڕێبواری کردوە بە نێچیر . وە وەك هەندێـــك سەرچاوەی ئاگادار ڕائەگەیەنن کە ژمارەیەکی زۆر لەگوندەکانی کوردستان بون بە ژێر بەفرەوە، تەنانەت وا ئەگێڕنەوە کە گوایە هەلیکۆپتەر گەڕاوە بەســـــەر گوندەکاندا بۆ ئەوەی ئازوخەیان بۆ بەربداتەوە کەچی هەندێـــك جێگـــــای وەك باســـنێی بۆ نەدۆزراوەتەوە کـــەواتە ژمارەیەکی زۆر لـــــە دانیشتوانی کوردستان‌ژیانیان لەمەترسیدایە لەبەر ئەوە هەرگیز ناشێت ئەم تەنگو چەڵەمەیە بخرێتە پشـــت گوێ ، یان ئەو بایەخـــەی پێ نەدرێت کە پێویستە ، جا بۆ ئەمەش هەمو مرۆڤێکی دڵسۆزو بەتوانا بەشێك لەم ئەرکـــەی ئەکەوێتە ئەستۆ ، بە تایبـــەتی ڕێکخراوە کوردستانیەکان کـــە ئامانجیـــــان خزمـــەت کردن‌و بەتەنگەوە هاتنی کۆمـــــەڵانی خەڵکی کوردستانە وەتەنیـــا بەهاوکاری نێوان کۆمـــــەڵانی

جوامێر

بڕوانە ل ـ٧ ـ

چارەکە ســـەدەیەکە ئاگای لە دنیانیە

ـ شویجی یوکوی ـ عەریف بوە لە سوپای ئیمپراتـــوری ژاپۆن‌دا ، کە هێزەکـــانی ئەمریکا لەکاتی شەڕی دووەمی جیهانی‌دا دورگەی (گوام)یان لە ئوقیانوسی هادی داگیر کرد، (یوکوی) توانی خـــۆی بشارێتەوە . پەنای بردە بـــەر دارستانی دورگەکەو لەوساوە تا هەفتەیەك لەمەو پێـــش دوزراوەتەوە بە تەنیـــا لـــە ئەشکەوتێکی ئەو دارســـتانەدا ژیاوە . ئاگای لە دنیا نەبوە . هەتا نەشی زانیوە شـــــەری دووەمی جیهانی دوای هاتـــوە . کاتێك ڕۆژنامە نوسەکان لێیان پرسی‌وە هەستی چیە بـــــە گەڕانەوەی بۆ ژیانی ئاســـای‌وتویە (خەوم ئەبینی‌و کۆتای هات) .. هەروەها ســـەری سوڕمـــاوە (ئیمپراتۆری ژاپۆن وەك جاران پیرۆز نیە ..)

ئەم وێنانەش (١) ئـــەو شتومەکـــانەیە یوکوی لـــە چارەکە سەدەیەکی ژیانـــی تەنیای‌دا بەکاری هێناون (٢) دەرگای ئەشکەوتەکەیەتی (٣) یوکوی لەلایەن خەڵکی شـــاری توکێۆوە بە گەرمی پێشـــوازی ئەکرێت .

کورتترین ژن لـــە جیهاندا

لە ناوچەی (ترانســـکی فلدت) لە خواروی ئەفریقیـــا ژنێك هەیە ، کورتترین ژنە لە جیهاندا ، ناوی (ننتلۆنی رینا کیوتی)یە ، کـــەســـوکارەکەی بە (ئیڤا) بانگی ئەکەن .

جا باوەڕ بکرێت یـــان نا ، بەڵام قورسایی ١٤ کیلۆیـــەو درێژی لە ٣ پێ زیاتر نیە ، کە ئەمە درێژی منداڵێکی چـــوار ساڵانەیە . کەچـــی هەروەك یەکێکی ئاسایی لە کێڵگـــەدا ئیش ئەکات .(ئیڤا) هەرچەندە کورتـــە باڵایـــــە ، بەڵام لەشی زێك‌و پێك هەڵکەوتوە لەروی لەش‌و ئەقڵیشەوە پێ‌گەیشتوە هەمیشە دڵخۆش‌و بەکەیفـــە ، لەگەڵ ئەمەشدا ئورەیە ،لەگەڵ پیرەژنەکەی دایکیدا ئـــەژی ، خەڵکی هەروەك ئاڤرەتێـــکی ئاسایی لەگەڵی هەڵ ئەستن‌و دائەنیشن .

سەرنجێك

لە لاپەڕەی شەشی ژمـــارەی پێشودا چیرۆکێك بە ناونیشانی (لە ڕۆژمێری کرێکارێـــکا) بڵاو کرایەوە ، لەراســـتی‌دا ناونیشانی ئەو چیـــــرۆکە (دەربەدەرێکی بە هیـــــوا سەرکەوتوە) و بۆ ڕاســـــت کردنەوە ئەم سەرنجەمـــــان نوسی .

ـ هاکاری ـ

بۆ بۆی لێو

نەفامێـــکی دەوڵـــەمەند ، ئەچێت بۆ لندن ،کە ئەگەڕێتەوە خزم‌و دۆست لێی کو ئەبنەوە.. ئەکەونە پرسیار کردن‌و ئەڵێن:

ـ پێمان بڵێ لە ئینگلستان چیت دی ؟

ـ کوڕە هـــەر مەپرسن .. ئەوەی دیم باس ناکرێت ..

ـ چۆن ، وەکو چی ؟

ـ کوڕەمناڵەکانی ئینگلستان هەر لە کۆش دایکیان ئەکەونە خوار بە ئینگلێزی قســـــمە دەکەن !!

هەفتەنامە

هـــەڵـــەی نوســـین

بو ئەمجارە ڕیبۆرتاجەکەی کاك فەهمی قەرەداخیم بۆ هەڵ بژاردون ، بەڵام بێ‌چاوینی‌بێت‌دارشتنی نوسینەکەی ئەوەندەی هەڵە تێدایە کە خوێندمـــەوەئەم شیعرەی بێکەسی نەمـــرم بیرکەوتەوە :

دایرەی ئیشـــغال زورجەهەد کردی
تەریق ســـەیارات لـــەپێنجوین بردی !

لەبەر ئەوە هەرچیم کـــردبۆم بژار نەکرا ، بۆیە بـــەرەو روی خوتانی‌ئەکەمەوە لەکەڵ‌ئەم‌شیعرەدا بەراوردی‌بکەن بزانن کوردیەکەی کامیـــان بـــــەپێزترە !

بێ‌وەی

● ئەوەی بەربەســـــتی هەڵەی ، بە هەڵە کرد ، خـــۆی توشی گێژاوێ سێ هەڵە کرد .

وتەی بەجێ

هەرجارەی نوسینێك

نەختێك لـــە بـــیرو باوەڕی من !!

● ئادەمیزاد بەسزمـــانـــە :زۆجار بێ ئەوەی بە خـــۆی بزانێت بە هەڵە ئەچێـــتوڕواڵەت هەڵی ئـــەخەڵەتێنێت !

● هەندێك جار لەدورەوەیەکێك ئەبینیت یا هـــــەر ناوەکەی ئەبیسیت ، ئبتـــــر ئەچێتە دڵتەوە ، خۆشت ئەوێت وەئەی کەیت بەنموونەیەکـــی‌جوان‌و شیرین لەلای خـــۆت ، لەکانگای دڵەوە ئاوات بـــەوەئەخوازیت کە هەڵێکت بۆ هەڵ بکـــەوێت لێی نزیك ببیتەوەو باشتر بیناسیت تا خۆشـــە ویستیەکە ببێتە دوو لایـــی وبچەسپێت‌و زیاتر ببێت ..

کەچی کە لەنزیکەوە ، بـــەوجۆرە ڕاستەقینەیەی هەبـــوەو هەیە ، بەباشی ناســـــیت ،بەداخێکی بێ ئەندازەوە لەگەڵ کابرای گۆرانی بێژدا تۆیـــش ئەڵێیت :

ـ بریا هەر نەم دیبای
دیمیت نەم ناسیبای
ناسیم بەدڵی خۆم بای !

بەڵێ تەنیا ئەوسا بـــــۆت‌دەر ئەکەوێت کە چەن ساویلکە بویت‌و چۆن ڕواڵەت بەئاسانی‌تەفرەی دوایت‌و یەکێکت خۆش ویستوە کە ئەبو هەر لەزووەوەڕقت لێی بوایە !

● یا هەندێك جار ، بـــێ‌ئەوەی شتێکی بەجێ لەکایەدا بێت یا هۆیەکـــــی ماقوڵت‌بەدەستەوە بێت ،هەر لەخۆتەوە یەکێك بەئێســـــك قورس‌وڕەزا تاڵ دا ئەنێیت‌و لە هـــەر کوێیەك توشت بو بە توشێوەوائەزانیت‌کە ڕوێشکت بەپیرەوە هاتوە ، لچی لێ هـــــــەڵ‌ئەقرچێنیت‌و ڕوی لـــــێ وەر ئەگێڕیت‌و خۆتی لێ لائەدەیت.

کەچی کە ڕێکەوت بەیەکـــی‌ناساندن ، ئەوسا لـــە نەفامـــی خۆت تەریق ئەبیتەوەو پەنجەی‌پەشیمانی ئەگەزیت کە بۆچـــی ڕواڵەت بە چەشنێکی ئەوتـــۆهەڵی خەڵەتانویت ، ڕقت لـــە یەکێك بوە کە ئەبو خۆشـــت‌بویستایە !

● ئەمەی بۆم باس کـــردن‌دو جۆرە تەجروبەن خـــۆم لەهەر دوکیاندا ژیاوەو ، لاشم‌وایە بەڕواڵەت هەڵ خەڵەتـــان تەجروبەیەکە بەدریژایی ژیان‌دوبارە ئەبێتەوە ، جا ئێوەیش کامتان هەیە دەیان‌جار دەسی بەم ئاگرەدا نەچزا بێت‌و زات بکات بڵێت :

ـ من‌جارێکی کە دوبـــارەی ناکەمەوە !



لەبەرهەمەکانی ـ کۆمەڵی هونەر و ویژەی کوردی

١ ـ کۆمەڵی هونەرو ویژەی کوردی لەم ماوەیـــــەدا لـــە ستودیوی تەلەفزیونی بەغدا ئەم‌چیرۆکە تەمسیلیانـــە نـــۆمار ئەکات :

أ ـ چیرۆکی (بلیت‌و زاوا)لەنووسینی محمد صـــــدیق محمودو نوری وەشـــــتی دەرهینانی نوزاد مجید .

ب ـ چیرۆکی (بەریوەبەری نوێ) لە نووسینی محمـــــد صدیق محمودو دەرهینـــــانی‌محمد صدیق خۆی .

ح ـ چیرۆکی (تاوانیك لـــە ئاسمان)دا لە نووسینی توفیق الحکیم وەخستنە قالبیـــــکی‌شانۆی‌و وەرگیرانی بەدەست کارێکی زۆرەوە لەلایەن طـــــەبابان . وە دەرهینانی لەلایەن نوزاد مجیدەوە .

٢ ـ هەر لەئیستاوە کۆمەڵ خۆی ئامادە ئەکـــات بـــۆ هاوبەشی‌کردن لە ئاهەنگەکان‌و زەماوەندەکانی جەژنەکانـــی ١١ی ئازارو نەورۆز دا .

٣ ـ تا ئیستا هەر کـــۆمەڵ چاوەڕوانە بۆ ئەوەی کـــــە وەزارەتی اعلام ریگـــــای دەرچوونی گۆڤاری (هی . واو) بدات ئەگەرچی زۆردەمیـــکە داوای کردوە .

٤ـ وانیازە چیرۆکی مەلحەمی (مەمو زین)ی شاعیری نەمر أحمدی خانی بخاتە قالبێـــکی نوێوەو بەزنجیرە لەتەلەفزیون تۆماری بکات .

٥ ـ هەول دراوە بۆ بەهێز کردنی تیپی موسیقای کۆمەڵ، ئەویش بەدەرس ووتنـــەوەی موســـیقاو کرینی ئالـــــەتی پێویست .

٦ ـ بریار وایە لەگەڵ تیپی نواندنی سلیمانی چیرۆکێـــکی شانۆگەری لەســـــلیمانی پیشکەش بکات‌و پـــــارەی ئاهەنگەکە تەرخان بکریت بـــۆ کەل‌و پەل وکورسی هـــــول‌و شانوی قوتابخانەی ئامادەی‌ی کوران .

٧ ـ بەشی قوتابیانی هەژار لە چیرۆکی (شیخی تەپلەرەش) کەکۆمەڵ پیشکەشی کرد وکـــە ٨٥٦ر١٨٠ دینار بوو ناردی بۆ نەقابـــــەی مامۆســـــتایانی کوردستان .

بۆچی

لەگرنگترین شوینی شەقامی رەشید ، دائرەی گومرگی بەغدا راست بۆتەوە کە یەکیکە لـــە دائیرە گرنگەکـــانی وڵات‌و دەرامەتیکی ئیجگار باشی هەیە و ئیشـــــی هەزارەها عیراقی‌و بیگانەی تێ‌ئەکەویت .

بەپێ‌گرنگی ئیشوکاری ئـــەم دائیرەیەو هەڵکەوتی لەســـــەر شەقامی رەشیدو ئەو دەرامـــەتە زۆرەی هەیەتی‌ئەبو دارو دیواری پاکو خاوین‌و ژورەکـــان روناك‌و بەکەلك بن کەچی داخمان ناچی ڕاڕەوەکانی پڕ لە پارچەکاغەزی فرێ دراوو وردە چیلکەو ئاوی رژاوو تفـــو ... هەروەهـــــا ژورو ڕاڕەوەکـــانی بەشێوەیەك جالجاڵوکە هیلانەیان تیاکردون‌و رایەڵی بەسەر! واکیشاون‌ئەگەر کوبکرینەوە دەیان متر گوریسی بەکەڵکی لێ دروست ئەکرێن .

نازانین بەرێوەبەری ئـــەم دائیرەیە زورەکەی خویشی‌وایـــە یان‌نا ؟! وە ئـــایا لێ‌پرسراوان بەیریانا نەهاتووە بیناکە بۆیە بکەنەوەو چەند فەراشـــــێکی دابنین بۆ خاوێن کردنـــــەوەی دائیرەکەیان تاخویان لەنەخوشی وناخۆشی رزگـــــار بکەن‌و ناوو ناوبانگی خۆشیان لای هاتو چۆ کەرانی عیراق‌و بیگانە لە کە دار نەکەن .

ئەمانە بۆچی نەکراوە ؟!

www.kurdinstitut.de paris